دووڕشتە

فەرهەنگێکی عەرەبی و کوردی یە بە هەڵبەست

هونراوەی :

مەلاعبدالکریمی مدرس

ماموستای خویندنگای ئایینی ی شیخ عبدالقادری گەیلانی
وە پیش‌نویژو خوتبەخوینی مزگەوتی ئەحمەدی لە بەغدا

١٤٠٢ هیجری ١٩٨٢ میلادی

دار المثنی للطباعة والنشر ببغداد

بسم الله الرحمن الرحيم

به ناوی بەرزی خودای دوو جیهان (رحمان)و (رحیم) بە حەق میهرەبان
میهرەبان لەگەل گشت گیان‌لەبەران بەخشندەی روزی بە جانەوەران
خاوەن کەمالەو پاکە لە نوقصان خاوەن ئیحسانە خوصووص بو ئینسان
ئەوە خالیقی ئەرزو ئاسمان ئەوە پایەدەر بە خاوەن ئیسمان
ئەو دروستی کرد حەزرەتی ئادەم باپیرەی بەشەر لەسەر رووی عالەم
لە پالووی چەپی حەوای خستەدەر کردی بە دایك بو هەموو بەشەر
ئەو نیشانی‌دا وتار بە ئادەم بو گشت تیرەیەك لە کورەی عالەم
جیایی رەنگ‌و شیوەو صەدامان دەلیلە لەسەر بەرزی‌ی خودامان
بە ئەندازەی گشت نیعمەتەکانی ئەنا بی بو ئەو لە بەندەکانی
خوصووص‌ئەو بەندەی شای‌بەندەکانە هوی پەیدابوونی کەون‌و مەکانە
یەعنی (محمد) سەروەری عالەم تاجی شەرەفی نەتەوەی ئادەم
دروود بباری بە وینەی باران لەسەر گیانی ئەو هەم ئال‌و یاران
هەم براکانی لە پیغەمبەران هەم لەسەر باقی تیپی رەهبەران
بەلکو سەروازکا سەراوی بومان جوشی جەفای چەرخ لابدا لیمان

* * *

پاش ستایشی پادشای عەللام لەپاش درووودی سەروکی ئیسلام
عەرزم ئەمەیە ئەی نەوەی مەردان نەتەوەی پاکی نەژادی کوردان
ئیمە گەلیکی خاوەن حەسەبین برای ئایینی‌ی گەلی عەرەبین
هەموو نیشتەجی‌ی یەك نیشتمانین ئەبی زوبانی یەکتر بزانین

بـو ژینی بـرا لـەگـــەل برادا ... لە یەك نیشـــتمان ، لە یەك ماوادا
بوم‌هونینەوە بە شـــیوەی ئـەدەب ... (دوو رشتە)ی لوغەت بوکوردو عەرب
هەر لەفظی کـە شـەرع بەکاری بینی ... (دوو رشتە) بەشەرع مەعنای ئەنوینی
هیوام وەهایە کە خـاوەن سوود بی ... چرای رووناکی ریگای مەقسوود بی
خاوەن‌بەها بی لای پیرو گەنجـــان ... هەروەك دوورشتەی یاقووت‌ومەرجان

* * *

(اِسْم) ناو ، (الله) ناوە بو خــودا ... پەروەردگاری هەموو (ما سـوی)
هەر ئـەو (خالِق)و پەروەردگارە ... بو عالەم : بی‌گیان یاخود گیـان‌دارە
هەر ئەو (واجب)ەو پیویستە بوونی ... غەیری ئەو یەکـە بوون‌و نـەبوونی
هەر بو ئەو ئەشی بە حەق عیبـادەت ... بەندەگی لەبو مایـەی سـەعـادەت
(حَيّ)ە زیندووە ، (عَلِیم)ە زانا ... (قادِر)ە خـاوەن هیزو تـەوانـا
(مُرِید)ە یەعنی خـاوەن ئـیرادە ... (اِرادَه) خواستە بەکوردی‌ی سادە
هەر شـتی بووەو هەیە یـا ئـەبی ... هەموو بە خواستی خـودا دیتـەجی
بە بی‌خواستی ئـەو هیچ شتی نـابی ... چ لەبەرچاو بی‌و چ لـە پـەنـا بی
(سَمِیع) شنەوا ، (بصیر) بینـایە ... ئەبیی‌و ئەبینی چی لـــە دنیـایـە
ئـەبیسی دەنگی میروولـەی بی‌دەنگ ... وەکو دەنگی پاچ کە بیدەی لەسەنگ
(ذَرَّه) ئـەبینی لـەنـاو هـــەوادا ... یـا لەنـاو ئـەرزا یا لـە دەریـادا
(مُتَکَلِّم)ە خـــاوەن کـەلامـە ... (کلام) وتـارە بـە واتـەی عامـە
(حَیاة)و (عِلْم)و (اِرادَه)و(قُدْرَة) ... (سَمْع)و (بَصَر)و (کَلام)بە لوغەت
ژینەو زانستەو خواســـتەو توانین ... بیســـتن‌و بینین ، وتـار بـزانین

* * *

(واحِد)ە تەنیا هەر ئەو خودایە ئەو دروست‌کەری هەموو ئەشیایە
بەندەیی راستی هەر بو ئەو ئەکری
(سُجُود)و کورنووش هەر بو ئەو ئەبری

(واجب)ە هەر ئەو پیویستە بوونی مەحالەو نابی بو ئەو نەبوونی
(قَدِیم) پیشکەوتوو لە هەرچی هەیە (باقِی) ئەمینیو نەبوونی نی‌یە
(أَزَلِی) یەعنی ئەوەلی نی‌یە (أَبَدِی) یەعنی پایانی نی‌یە
(مُسْتَغْنِی) بە غەیر پیویستی نی‌یە عالەم پیویستی بەو ئەبەدی‌یە
(قائِم بِالذّات) راوەستاو بەخوی پیویستی نی‌یە یارمەتی بدەی
(لَیْسَ مِثْلَهُ شَیْئٌ اَبَدا) هاووینە نی‌یە بو ذاتی خودا

* * *

(اِیمان) باوەرە بەوەی پیغەمبەر هیناویە بومان لای خودای داوەر
یەعنی باوەرە بە خواو پیغەمبەر بە گشت فریشتەی پاکی (مُنَوَّر)
بەوکتیبانە هاتوونەتە خوار بە روژی تولەی کردەوەو رەفتار
بە قەضاو قەدەر ، بە حوکمی خودا خودا خوی ئەیکا هەرچی رووبدا

* * *

(نَبِی) خەبەردار یەعنی هەوال‌زان خاوەن ئاینە لەسەر رووی جیهان
(رَسُول) پیغەمبەر یەعنی پەیغام‌بەر پەیغامی خودا دینی بو بەشەر
(نَبِی) بو خویەو(رَسُول) بوخەلکە دەرکەوت پیغەمبەر گەلی بەکەلکە
(مَلَك) فریشتە ، (مَلائِك) بوگەل وان لە فەرمانی خوای (عَزَّ وجَلَّ)
نە نیرن نە می بە بی دائو باب دروست‌کراون بی حەددو حیساب
لەشیان ناسکە ، پاکن لە تاوان بو فەرمان‌بەری دائیم لەناوان

مەخلووقن لە نوور لەطیفومەعصووم   هەریەك خاوەنی مـەقـامی مەعلووم

★ ★ ★

(جِنّ) جنوکەیە چ دیـو چ پەری   (دیو) بو تاوانبار ، (پەری) بو بەری
باوکی جنوکە شـــەیتانی لـەعـین   دەرچوو لـە ئەمری جیهان ئـافەرین
مایەی ئەمـانـە ئاگـری ســـووره   بویـــە گەلیکیان لـە چاکـە دووره
بەلام بیخـــواستی (رب العـالمین)   زیانیـان نابی دانیشــــە ئـەمین

★ ★ ★

(کُتُب) بەمەعنـا ئـەو کتیبانـــە   هاتوون بـو ئـەو پیغـەمبـەرانـــە
(دە) بو ئادەمەو (پەنجا) لە بو شیث   سی کتیب لـە بو حـەزرەتی ادریس
(دە) بو ابراهیم صەد بە بینوقصان   ناویان(صُحُف)ە بەگویرەی قورئان
(توراة) بو موسی (زبـور) بو داوود   (انجیل) بو عیسی بە ئەمری مەعبوود
(قرآن) هاتەخوار لـەبو (محمد)   ئـەمینیتەوە حـوکمی تـا ئـەبـەد

★ ★ ★

(یَوْمُ الآخِرة) روژی جەزایـە   دنیاییکەیە پاش ئـەم دنیـــایـە
دنیـا ئەگـوری ئـەرزو ئاســمان   دنیایی تازە دیتـــەروو بومـــان
لەپـاش مردنی هەموو گیـانلەبـەر   زیندوو ئەبنـەوە مردوو سەرانسـەر
بـە ئەمری خودا ئەرون بو مەحشەر   جیی گردبوونەوەی جنوکەو بەشەر
هەرکەس نامەیخوی ئەدریتە دەستی   لەسەر کردەوەو شیوەی مەبەســتی
پاش حیسابهەموو رووئەکەنە دەشت   ئەرون بو دوزەخ یاخود بو بەهەشت

★ ★ ★

(قَضاء) بەمەعنا زانستی خــودا
بە هەر رووداوێ کــەوا رووئــەدا

(قَدَر) بەمەعنــا خەلقی خودایــە
گەورە یا بچووك گشت لەو پەیدایە

لەسەر کەسبیخوت بوتدروست ئەکا
بو چاك یا خراپ زور لە کەس ناکا

بەلام رازیـیــە لە کردەوەی چــاك
نارازیو ناحەز بــە ئیشی نــاپــاك

★ ★ ★

(اسلام) بەمەعنا ملکەچیی دلــە
بی ملکەچیی دل ئیشــــت ماتــلە

ملکەچی لــەبو ئــەو کردەوانــــە
پیویســـتی هــەموو موســولمانانــە

دوو شەهادەتو پینجفەرزەی نویژان
حەجو زەکاتو روژووی رەمــەزان

★ ★ ★

(مِلَّة)و (دین)و (شَریعَة) ئایین
(أُمَّـة) کومــەلی پەیرەوانی دیــن

(مَذْهَب) ریگوزەر یا بیری (اِمام)
(اِمام) پیشەوای کومەلی ئیســـلام

(واجِب) پیوستە بیکەی ثــەوابــە
نەیکەی هــوی باری دەردو عەذابــە

(حَرام) نــارەوا نەیکەی ثەوابــە
بیکەی باعیثی بــاری عیقــابــــە

(مَندوب)و (سُنَّة) بەسوودە بیکەی
ئەگەر نەیشیکەی ســـزا نادریی

(مکرُوه) ئەوەیە چاك وایە نەیکەی
کە هاتوو کردت بــە ئازار ناگــەی

(مَباح) رەوایــە بیکەی یا نەیکەی
نە بە ثەوابو نە عیقاب ئــەگـــەی

★ ★ ★

(مُحْدِث) بیدەسنویژ (جُنُب) لــەشپیســــە
(طَهــارَة) پــاکی لــــەم دوو خــەســیســــە

(وُضُــوء) دەس نویژە • پیویستە ئینســـــان
دەسنــویـــژی ببی لــەبــو نــویــژەکـــــان

به نیازی دەفعی بیدەس‌نویژی تـو
بـه ئاویکی پـاك دەم‌وچاو بشـــو

جا هەردوو دەستت لەگەل ئەنیشکان
جا مسحی سەرت جا غوسلی پیکان

(غُسْل) شورینی لەش‌و موو تەواو
بەنیـازی رەفعی لەش‌پیسی بـەئـاو

کاتیك نەخوش بی یاخود ئـاو نەبی
فەرزە (تَیَمُّم) بـکەی جی‌بەجی

(تَیَمُّم) نیـازی هەلگرتنی گــل
تا دامەزرانی نویژ بکەی حاصـل

روخسارو هەردوو دەست‌و ئەنیشکان
بە گل بمالـە کـاتی نویژەکـان

* * *

(طَهـــارَة) پـاکی (تَطْهِیر) پـاك‌کـــردن

(اِسْتِقْبال) یەعنی روو لـە (بَیْت) کـــردن

(دُخُولُ الْوَقْت) هاتنی کاتـە
(عَوْرَة) پاش‌و پیش هەم شەرم‌گاتە

پاکی بو لەش‌و پوشـاك‌و جیـگا
لەگەل رووکردن لە مـالی خــودا

هاتنی کـات‌و پوشـینی عـەورەت
پیویستی ئەتون بو نویژو طـاعـەت

(صَلاة) یەعنی نویژ بە توولی زەمان
شەوو روژ پینج فەرز هەیە لەسەرمان

(صُبْح) بەیانی فەرزە دوو رکـات
(ظُهْر) نیوەرو بە چوار ئـەگات

(عَصْر) چواریەکی لە روژ ئەمینی
فەرزە چوار رکات نویـژ بەجی‌بینی

(مَغْرِب) سی رکـــات پـاش روژئـــاوا بوون

(عِشاء) چوار رکات پـاش (شَـفَق) ون‌بـوون

(جُمْعَە) لەجیاتی‌ی نویژی نیوەرو
دوو رکات فەرزە بـەجی‌ی‌بینی تـو

بە شەرتی چل پیاو خەلکی نیشتمان
لەپاش دوو خوطبەی شامیلی ئەرکان

(حَمْد) بو خودای (واحِد)و(اَحَد)
ئەمجار صـەلەوات لەسـەر (محمد)

جا ئاموژگـاری‌و ئـایـەتی قورئـان
لەگـەل دوعـادا بـو موســولمانان

(صِیام) روژووە فەرضە لەسەرمان
گشت سالی روژووی مانگی رەمەزان

(اِمساك) خوگرتن بە فەرمانی دین لەوانەی روژوو ئەشـــکینن یـــەقین

(اِفطار) بەمەعنا شــــکانی روژوو بەحەق پاش ئـەوە کە روژ ئاوا بوو

(سُحُور) پارشیوە پیش بەرەبەیان چی ئەخـوی بخو بو نوشی گیـــان

* * *

(حَـجّ) چـوون بـــو کەعبـــە بەنیـازی طـــەواف

بـــە ئـــادابی خـــوی بـــە دلیـــکی صـــــاف

(اِحْرام) چوونە ناو ئادابی حەجە شەرع چی‌بفەرموی بەپی‌ی‌ئەو نەهجە

(طَواف) هەلسووران بەدەوری بەیتا حەوت جاری تەواو بـە هەیتا هەیتا

(وُقُـــوف) راوەستان لەســــەر (عَــرَفـــات)

پـاش نیـوەروی نـوو شـــــــەوی دە چـەن‌کـــات

(سَعْی) راکردن بەشیوەی وەفـا لە بەینی (مَرْوَه)و تەپولکەی(صَفا)

(رَمْي) بەمەعنا بەرد فری‌دانـــە لەو سی شوینانەی رەجمی شـەیتانـە

(اَیّامُ التَّشْــریق) پاش جـەژنی قـوربـــــان

ســـــی روژن مەخصـووص بـو قوربـــانی‌دان

(أُضْحِیَة)و (ضَحِیَّة) یـەعنی قـــوربـــــانی

ســـــــونـنـەتی دینـــە ئـەبی بیـــــــزانی

(عَمْرَة)وەکو حەج بی تەعیینی‌کات بی راوەستانی کیوی (عَرَفــات)

* * *

(زکاة) ئەومالەی پیویستە بـدری لە مەرو بزن ، لـە گـاو وشـــتری

لە دانەی قووتا وەکـو گـەنمو جـو لە ئالتوونو زیو فـەرزە لەسەر تـو

(عَوْن)یش یارمـەتی‌ی موسولمانانە مایەی سووک‌بوونی ئـەرکی ژیانـــە

* * *

(حَدِيث)و (خَبَر) ئەی برای سەروەر
کارو فەرموودەی نەفسی پێغەمبەر

(سُنَّه) فەرموودەو کردەوەو رەزا   لەوەی کرابی لە خزمەت ئەوا
(كَعْبَه) مالیکە پیروزو بەناز   لە شاری (مکّه) لە خاکی (حِجاز)
(قِبْلَه) بەمەعنا روو لی‌کراوە   بو موسولمانان بریار دراوە
(جامِع) مزگەوتی جومعەی تیا ئەکری   موسولمان تەعلیم لەوی وەرئەگری
(مَسْجِد) مزگەوتی عیبادەت‌خانە   شوینی ئایینی موسولمانانە
(مِحْراب) لە مزگەوت شوینی ئیمامە   (امام) پیشەوای گەلی ئیسلامە
(مِنْبَر) شوینیکی تایبەتی‌ی بەرزە   بو خوطبەی‌جومعە کە فەرزەو دەرزە
(خُطْبَه) وتاری جەنابی ئیمام   جومعە بە جومعە ئەیخوینی بو عام

* * *

(آل)خزمو خویش‌و نەتەوەی سەروەر   (أصْحاب) یارانی پاکی پیغەمبەر
(تابعین) ناون لەبو ئەوانە   چینی پاش‌کەوتوون بو ئەو یارانە
(مُجْتَهِد) زانای بەرزی ئایینە   بو زانستی دین خاوەن تەمکینە
(مُفْتی) ئەحکامی دین ئەخاتەدەر   (قاضی) حاکمەو چارەی دەردی‌سەر

* * *

(قُرّاء) ئەوانەن (قُرآن) ئەخوینن   بە (تَجْوید)ەوە (قُرآن) ئەنوینن
(قِراءاتُ السَّبْع)حەوت شیوەی‌جوان   کەوا پیغەمبەر گەیاندنی پیمان
ئەنجامیان یەکەو هەموویان راسن   لەلای ئەوانەی راستی ئەناسن
(حُفّاظ) ئەوانەن ئەیخوینن لەبەر   وان لە سیبەریا لە روژی مەحشەر
(مُحَدِّث) مەعنای زاناو خەبەردار   بە قەول‌و فیعلی رەسوولی موختار

(وَلِي) لەعورفا دوستی خودایـــە   هوی ئەم دوستی‌یە تەنیا تەقـوایـــە
(تَقْوی)پاریزەو بە عورفی ئەصحاب   رەفتارە بەپی‌ی (سُنَّة)و (كِتاب)
(أذان) یەعنی بانگ لەبو نویژەکان   (إقامَة) قامـەت سونەتن بومـــان
(تَكْبـــير) وتنی (اَللهُ أكبَـــر)   (حَمْد) ستایش بو خودای داوەر
(رُكُوع) دانەوین تا دەستە ئەژنو   (إعْتِدال) چی‌یە راست‌بوونەوەی تو
(سُجْدە) کورنووشە دانانی تەویل   دەست‌و پی‌و ئەژنو لە ئەرزا بی‌فیـل
(تَحِیّات) مەعنای دروودی خودا   لەگەل پیغەمبەر شـەوچرای هـودا
(شَهادَة) یەعنی وتنی موسـولمان   بو دووکەلیمەی شـــەهادەو ئیمان
(راتِبَە) نویژە لەو سـونەتانـە   لـە بـەرودوای واجبـەکـانـە
(تَهَجُّد)مەعنای شەونویژە پاش‌خەو   بە فەرمانی خواو لەبەر رەزای ئـەو
(طاعَة) مل‌کەچی بو فـەرمانـرەوا   (عِبادَة) مەعنـای بەندەیی خـــوا

* * *

(وَحْی) ناردنی خودا جوبرەئیـل   بولای پیغەمبەر بە ئایەی (تَنْزِیل)
یەعنی وتـاری خـــودا ئـەهینی   بو پیغەمبـــەرو ئـەو ئـەیـــگەینی
(اِلْهام) ئەوەیە کە خودای عالـەم   شـــــتی بخاتە نـاو دلی ئـادەم
ئەم حالـە زورە لـەبو رەهبـــەران   ساغانی ئوممەت خـاوەن خـەبەران
(مُعْجِزَه) ئیشی دەرچی لە عادەت   بی بەهوی ری‌ی خیرو ســەعادەت
خوا خەلقی ئەکا بـو پیغـەمبـــەران   هەتا مل‌کەچ بن گروی کـافـران
(كَرامَة) هـەروا ئیشیکی وایـــە   لە عادەت دوورەو کـــاری خودایـە
ئەم‌ئیشـــــە زورە لـەبو رەهبـەران   هەتاکو کومەل دل بـدەن بـەوان
(اِرْهاص) ئیشیکە دەرچی لە عادەت   بو پیغەمبەران لـەپیش (نُبُوَّة)

ئەبی بە مایەی سەربەرزیی ئەوان
هەتاکو کومەل دل بدەن بەوان

(مَعُونَة) مەعنای یارمەتیدانە
نایابەو مەخصووص بو صالحانە

ئەمانە هەموو دوورن لە ئەسباب
دوورن لە فەنو خویندنی کیتاب

هەموو بەحشینی (عالم الغیب)
باوەرت ببی راستو بیعەیبە

* * *

(تَوْبَە) بەمەعنا وەرگەرانەوە
بو فەرمانی خوا بەمشتانەوە

دەس‌بەردار بوونت لە کاری تاوان
دانەوەی حەقە بە خاوەن حەقان

عەزمیشت وابی نەگەریتەوە
بو ئەو تاوانە دەرکەوت لیتەوە

(اِخْلاصْ) ئەمەیە بە دلیکی پاك
فەرمان بەرداربی لەبو خودای تاك

(اِحْسان) بەندەیی خوایە وەها
بە دوو چاوی خوت ئەبینی خودا

تو ئەو نەبینی ئەو تو ئەبینی
بو ئاگاداری ئەو دانامینی

(دُعاء) بەمەعنا لالەو نزایە
(شكْوی) سکالای دەردو سزایە

لالەو سکالا بە زوبانو دل
بو جەلبی خەیرو بو دفعی(مُشْكِل)

هەر قاپیی خودا هەمیشە وازە
هەر بەردەرگای ئەو جیگەی نیازە

بولای ئەو ئەبا سکالاو نیاز
مەردی هوشیار ساغی سەرفەراز

(اِجابَة) یەعنی قوبوولی دوعا
فەرمووی(اُدْعُوني)توش بلی(سَمْعاً)

(رَأسْ الحِكْمَةِ مَخافَةُ الله)
سەری شوعوورە ترسان لە خودا

(حاجَة) نیازە (رَجاء) ئومیدە
(شَفاعَة) تکا لای جیی ئومیدە

* * *

(كُفْر)و (جُحُود)و (عَناد)و(اِنكار)
بی‌باوەریی‌یە بە دینی موختار

(كافِر) کەسیکە حالەتی وابی
مونکیری دینی (رَسُول الله) بی

(مُلْحِد)و (زِنْدِيق) مەعنـــــای بێ دینـــــە
بێ ئـــایین ئـەژی لـــەم ســـەرزەمینـــە

(دَهْري)و (طَبيعي) کافریکی وا نیســـبەتی ئیجاد بـە عالـەم بـدا
باوەڕی وابێ ئـەم چەرخـــە ئەبێ بە خالیق لەبۆ ئـەوەی دیتـــەجێ
نافامی چـەرخی بێ شوعوورو فـــام چون دروست ئەکا مەخلووق بە نیظام
(مُشْرِك) ئەوەیە کـە باوەڕ ئەکا بە خواو شەریکی بـو بریـار ئـەدا
نـافـامی خـودا قودرەتی عامـــــە شەریك بۆ (قادِر) وەهمی نەفامـە

(وَثَن ، صَـنَم) بت (وَثَنی) بت پەرســـت
(مَجُوسی) نـــاوە بـــو ئـاگرپەرســـت

(کِتابی) مەعنای خاوەن کیتابـــــە جوولـەکـەو گاور لەمە حیســـابە
(يَهُود) جوولەکە (نَصْـــراني) گـــــاور
هـــــەمـــوو ئـەژمێررێـن لـە ریـــزی کـافـــر

چونکە لایـانـدا لەشــــیوەی ئیمان بـــە پیغەمبەری (آخِرْ الزّمـــان)
(سِحْر)جادووە (ساحِر)جادووگەر (سِحْر) فەننیکە ئەیخوێنی بەشەر
(شَعْوَذَة) چاوبەست هەر فروفیلە لەشیوەی راستیو حەقیقـــەت ویـلە
(إستِدْراج) مەعنای بەرزەوە کردن نەك بو مەحەبەت ، بو ملشکاندن
(کاهِن) کەسیکە خاوەن ریاضەت خوی ئازار ئەدا بی ریی شەریعەت
ئەم نەوعە کەسە (ضال)و گومرایە لەئاســمانا بی لـەنـــاو چـالایـــە
(راهِب) کەسیکی مەسیحی ئـایین قەت ژن نایینێ لەرووی ســـەرزەمین
(راهِبە) کچێ شوو ناکا بــە کەس بە تاق ئـەمینی تـا ئاخـر نەفـەس
ئەم شیوەو حالـە دوورە لـە ئیسلام لەسەر فەرموودەی (ســید الانام)
(مُنَجِّم) یەعنی ئەستیرەناســـان حیساب رائەگرن بو گــروی ئینسان

وەزعی ئەستیرەو مانگ‌و روژو سال   ئەکەن بە دەلیل بو گەلی ئەحوال
بەعزیکی دروو بەعزیکی راسە   لەسەر گومان‌و هیزی قیاسە
هەرکام لەوانە بەراست بیتەجی   لەسەر تەئثیرو خواستی خوا ئەبی
(سَبَب) هوی شتی • گەلی موسولمان   سەبەب دائەنی بە حوکمی قورئان
خودا مەیلی بوو هەر شتی بکا   هەموو ئەسبابی جی‌بەجی ئەکا
سەبەب سوز ئەبی‌و سەبەب ساز ئەبی   لەسەر خواستی ئەو دیل دەرباز ئەبی

* * *

(قائِف) کەسیکە شیوە بناسی   لە هەر تەمەنی ، بە هەر لیباسی
قائیفی عادل جیگەی باوەرە   حوکمی لە دنیا زور موعتەبەرە
(رُقیَه)و (عوذَه) نووشتەی نووسراوە
بە سەرو سینەو شانا دووراوە
ئەگەر قورئان‌و دوعای مەئثوورە   باشە ، ئەگینا لە ئایین دوورە
(عالَم) بەمەعنا (ما سِوَی اللّه)یە   (ما سِوَی اللّهِ) غەیری خودایە
(عالَمی غَیْبی) ئەوەی پەنهانە   بەشی (شَهادە) ئەوەی عەیانە

* * *

بژاری رشتەی هەموو کائینات   لە دە شت ئەبی لەسەر رووی بسات
یەکەم (جَوْهَر)ە یا (مادّە) مایە   (باقی) لە (عَرَض) بەمەعنا ئایە
(عَرَض) نو بەشە (کَمّ) بو چەندی‌یەت
(کَیْف)یش چونیەتی بە رووی حەقیقەت
(أیْن) بون لەشوینا (مَتیٰ) بوون لەکات
بو پرسیاریش هەردوو دەس‌ئەدات

(اِضافه) مەعنای پەیوەندی دوو شت   وەکو (أُخُوَّة) یاخود (أُبُوَّة)
مـن بـرای تو بم توش بـرای منی   من باوکی تو بم توش رولـەی منی
(جِدَّه) شیوەیی دەرکەوی لە تو   لە پیستو لـە موو یـا پوشاکی نـو
(وَضْع) شیوەیی بیتەجی بومـــان   لەگەل غەیرەدا یا ئەعزای خومـــان
وەکو راوەستان یاخود دانیشـــتن   یاخـود بەوینـەی بەشـــانا کەوتـن
یـا وەکـو شـــیوەی نزیکی شـتی   یاخود دووریی ئەو لەسەر ریکەوتی
(فِعْل) یا (تَأْثیر) مەعنای ئیش کردن   (اِنفِعُال) یەعنی ئەثەر وەرگرتن
لـە (جَوْهَر ، مَعْدَن ، نَبات)و (حَیْـــوان)
کانـەو گیایـەو گشـــــت گیـــانلەبـــەران

* * *

(اِنْسان)و (بَشَر) ئـادەمیزادە   (آدَم) باپیرەی هـەموو (عِباد)ە
ئادەم لە گل بوو بەهیزی خـــودا   لە پەراسووی ئەو (حَوّاء) بوو پەیدا
بوون بە سەررشتە بـو (بنی آدم)   لەرووی دنیـادا تـا هەیـە عـالـەم
(نَفْس)و (مُهْجَه ، روح) بەمـەعنـا گیـانـە
(قـالَب)و (هَنْدام) لەشـــــە بیـزانـــە
(ذات)و (حَقیقة) هـەم (عَیْن) بـــەمـــانـــا
ئـەوشـــتەیهـەیـە ئـەی بـــرای زانـــا
(رَأس) یەعنی سەر (ناصِیَة)پیشیسـســەر
(قَفا) پشتمـله (قُـزال) پشـــتیســـەر
(هامَة)و (جُمْجُمَة) یـەعنی کەللەســـەر
چ بـو حـــەیوانـــات چ لـەبـو بەشـــــەر

(نَزْعَتان) دووشوین که ساف‌و بی‌موون

بە دوو تەنیشتی پیشی سەرا چوون

(مَفْرَق) تەوقەسەر شوینی جیایی موو ی سەری ئینسان ئەم‌لاو ئەولایی

(جَبِین)و (جَبْهَة) تەویلی ئینسان (غَمَم)جی‌ی لوچی وا لە نیوچاوان

(حاجِب) برویە (عَیْن)و (بَصَر) چاو

(لَحْظَە) روانینە بەم‌لاو ئەولای چاو

(مُقْلَة ، حَدَقَة ، انسان) بەمەعنا گلینەی چاون ئەی برای زانا

(هَدَب) برژانگە (جَفْن) پیلووی چاو

(غار) ئیسکی‌چاوە (مُوق) بو گوشەی چاو

(أُذُن) گویچکەیە (وَتَد) رەگەکەی (صِماخ)بەمەعنای گوی‌یەوکونەکەی

(اَنْف) یەعنی لووت (خَیْشُوم) برناخە

(صُدْغ) ژووری روو (دِماغ) دەماخە

(مارِن) نەرمەگوی هەم نەرمەلووتە

(خَدّ) کولمە (عارِض) بو هەموو رووتە

(فَكّ) ئیسقانی روو لە خوارو لە ژوور

خواروو ئەجوولی بەشیوەی ضەروور

(لِحْیَه) شەویلە (لَحْیَیْن)هەردوکیان

(فَنِیك) جەمسەرە بو شەویلەکان

(ذَقَن) چەناکە (عَنْفَقَە) مانا چالی ژیر لیوی خوار لە ئینسانا

* * *

(شَفَة) لیو (فَمْ) دەم (سِن) بەمەعنا دان

(لَثَّة) یەعنی پووك (لِسان) چی زوبان

(نكْفَة ، لِهزِمَة) لالەغاوەکان بوو دوو (نكْفَتان) یا (لِهزِمتان)

(ضِرسْ) دانراوە بو دانی خری ئیشیان هارینە بو شتی ئەخوری

(نَواجِذ) تیژی لە سەرو لە خوار ئیشیان برینە کە بکەونە کار

(ثَنایا) چوارن لە خوارو لە سەر شوینی چەند حەرفن بو واتەی بەشەر.

(ثَغْر) دانیکن وان لەپیشەوە قەت نەیەن بەلای ددان‌کیشەوە

(عُنُق) گەردنە (حَنَك) مەلاشوو

(حَلْق)و (حُلْقُوم)و (بُلْعُوم) بو گەروو

دوو پارچە گوشتی بادامی‌ی جوان لەسەری قورگا ناویان (لَوْزَتان)

(مَرِيء)سووریچکە لوولەی خوراکە (نَفَس) هەناسە بو گەرووی پاکە

(جَوْزَةُ العُنُق)گری‌ی بەرزی مل (حَرْقَدَه)یش‌هەروا ئەی‌برای‌کامیل

(نَحْر)و (لَبَّه) ژوور سنگی ئینسانە جی‌ی سەربرینی حوشترەکانە

(ثَغْر)و (تَرْقُوَه) ددانەی سینە (تَراقِي) جەمعە بوی دامەمینە

* * *

(غَدِيرَة) لەگەل (عَقِيصَة) هەردوو

لەگەل (ذُوآبَة) مووی گردەوەبوو

(مُثَنّى ، مَفْتُول ، ضَفِيرَة) پەلکە

(مُرْسَل) بەرەللا بو یاسای خەلکە

(جَمَّة) مووی زوورە لە سەری ئینسان

(لِمَّة) هەتا گوی (وَفْرَة) تا سەرشان

بەشـــیوەی عەکسیش تەفســـــیر کـــراوە
(جَعْــد) کـــرژو لـــوول وەك بـــادراوە
(شـــارِب)و (سِـــبال) بو مووی ســمیلە
(لِحْیَـة) مووی ریشـــە لە تاشـــین ویـــلە
(رَمّــاعَــة) مەعنـــای تــالـەمووی ســـەرە
(عِــذار) گیســــــووە زولفی دولبـــــەرە

★ ★ ★

(نُقْرَة) بــو چــالی پشــتسەری ئینســــــان
(كَتِف)و (مِنْكَب ، عاتِق) لەبو شـــــان
(ظَهْر) یــەعنی پشـــت (جَنْب) تەنشـــتە
(فَقَرَةُ الظَّهْر) مروخـــەی پشـــــــتە
(عَمُــود فَقَرِی) بەینی ســـەرو شـــــان
(عَمُودی قُطْنی) خــوار پــەراســـــووان
(صُــلْب) ئیســکی پشـــــت باشی بزانــە
(تَریبَة) ئیســــــکی ســـنگی ئینســـــانە
(اِبْــط) بن‌هــەنــگل (صــَدْر) بو ســـنگە
(وَرِك) کــەفــەلــە (حَقْــو) پشـتقنـگە
(خاصِرَة) کـەلـەکـە (ضِـلْع) پەراســوو
پەیوەندی سینەو پشـــتی ئینســــــان بوو
(ثَـدْی) بــو مــەمـکی پیـــاوو ژنـــانـە
(ثَنْدُوَة) بــو گــوی مــەمکەکـەیـانـــە

(بَطْن) یەعنی سك (كاذَة) مووسلدان

(عانة) یەعنی بەر بیتاشە جوان

* * *

(یَدْ) هەموو دەستە (عَضُد) یەعنی قول

قول هاوڕێی تویە لەجێی چول‌وهول

(مِرْفَق) ئەنیشكە (ساعِد) باسكی دەس

(مِعْصَم) جێی بازن (كُوع) بو جمگەی دەس

(راحَة) بەری‌دەس (كفّ) بەرو‌پشتە

(قَبْض) قونجاندن (قَبْضَه) پرمشتە

(اَصْبُع) پەنجەیە (ظُفْر) نینوكە

(حِجْر) بو گوشتی دەوری نینوكە

(اِبْهام ، سبّابَة ، وُسْطی) هەم (خِنْصَر)

(بِنْصَر) پینج پەنجە لە دەستی بەشەر

(اَنْمُلَة) جمگەی پەنجەكەی تویە

بو (اِبْهام) دووەو بو باقی سێیە

(بَراجِم) لوچی سەر جمگەكانە

(مَعاطِف) لوچی لەشی ئینسانە

(سُلامیٰ) جمگەی ئەعزای ئینسانە

(بَنان) بەمەعنا سەرپەنجەكانە

(سِمَة) نیشانە (شامَة) یەعنی خال

كوترابی یاخود صونعی (ذُو الجَلال)

* * *

(فَخِـذ) یەعنی ران (رُكْبَـة) ئەژنویـە
(نـابِض) باریـکیی دوو رانی تـویـە
(عَصْعَص) گریی قنـگ هـەم بەرئەژنویە
(ساق) مەعنای قولـە خوار ئەژنوی تـویـە
(كَعْب) یەعنی قـاپ (رِجْل)و (قَدَم) پی
(عقِب) پـاژنـەیـە (اَخْمَص) قولی پی
(فُوآد)و (بـال)و (قَلْب)و (جنَـان) دل
هـەم (ضَمیر)و (سِرّ) ئەی برای کـامـل
(مَعِدة) میـدەیـە خـوراك ئـەکـولینی
کـــەمی تیبـکە بـا دانــەمیـنی
(مِعی) ریخـولـە وینــەی بلویـرە
(اَلْمِصْری الأعْوَر) ریخـولـەی کویـرە
(کِرْش) یـەعنی ورگ کیسـەیەبومـان
خودا داویـەتی بـە گیـانلـەبـەران
(رِیَـة) سی (کَبَـد) مـەعنـای جگەرە
ئـازاری جـگەر گـــەلی زەرەرە
(کِلْیَـة) گـورچیـلە (کِلْیَتان) بو دوو
(مَرارَة) زراو (طِحـال) سـپلی تـو

★ ★ ★

(عِرْق) گشـت رەگی (وَتِین) رەگی دل
(وَرِیـد)و (وَدَج) بـو رەگی لامـل

(اَكْحَــــل) رەگێکە لــە بن‌بالی تو

ناوەســـتیتەوە کـــە خوینی دەرچـــوو

(شَرْیــان) وردە رەگ پــەیوەنــدن بـــە دل

(شَـــرایین) جەمعــە ئـەی بــرای عـــاقــل

(عَصَـــب) پـەی یەعنی رەگی گـەورەی‌وا

کـە هـــوی پەیـوەنـدن بو جمگەو ئـەعــزا

(تَنَفُّس) مەعنـــای هەناســـــەدانــە

بو نـــاوو بو دەر مـــایـــەی ژیـــانـــە

ـەگـەر بـەشـــــــیوەی دەنـگی دلـگیرە

بو دەر (شَـــهِیق)ە ، بـو نـاو (زَفِــیر)ە

(جِــلْد) بەمەعنـــا پیســـت قەپـاغی جوانـە

بـو گوشـــتو خویـنو رەگو ئیســـقانـە

(بـاع) مـاوەی بەینی هـەردوودەســـتانـە

(ذِراع) ســـــەرپەنجە تـا ئەنیشـــکانـە

(تَفْر) قولانجـــە (شِـــبْر) چی بســـتە

ئـــەم ئـەندامـانە بزانـــە بەســـــتە

هەر عوضوی جووت بی وەکو (اُذْن)و (عَیْن)

حـوکمی تـەنیشـە ئـەی نووری عـەینـــەین

* * *

(قامَة) بالایە (رَبْعَة) چوارشانـــە (مُعْتَدِل) شەخصی بالا میـانـە

(طَوِیل) دریژە (قَصِیر) چی کورتە (ضِئِیل) بی‌نرخە وەضعی ناپوختە

(قَزَمْ) ئینسانی باوەعەمرەیە   بە باوەقودرەت هەم ناوی هەیە
(لامِحَة)و (سِیما) شیوەی ئینسانە   ئەغلەب لەناوچاو ئەمە عەیانە
(غَثّ)و (هَزِیل)و (نَحِیف)لاوازە   (سَمِین) قەلەوە بە هیزو بازە

* * *

(نُطْفَة) یەعنی توم مایەی زاووزی   (اَمْشاج) تیکەلە تومی نیرو می
(عَلَقَة) پارچە (مُضْغَة) گوشتپارە   جا کاتی ئەعزاو نەخش‌و نیگارە
(جَنِین) بەچکەیە (رَحَم) منالدان   (رَضِیع) شیرەخور هەتا دوو سالان
(طِفْل)و (وَلِید)و (صَبِی) منالە   (مُراهِق) نزیك بە پانگزە سالە
(یافِع)و (شابّ)و (شَرْخ) جوانە   (شَباب)و (شُبّان) گەلی جوانانە
(عَذْراء) کچیکە شووی نەکردبی   هیچ‌کەسی دەستی بو نەبردبی
(بِکْر)و (باکِرَة) بو کچ ئەوتری   (بکِرْ) بو کوریش بەکار ئەهینری
(عانِس) قەیرەیە لە نیرو لە می   بی ژن‌و بی میرد هەروا بمینی
(اَعْزَب)و (عَزَب) بو ژن‌نەهیناو   (عَزَبَة) ژنیکە بە شوو نەدراو
(ثَیِّب) پیاویکە ژنی نەمابی   (ثَیِّبَة) ژنی میردی فەوتابی
هەروەها (اَرْمَل) لەگەل (اَرْمَلَة)   لەبو بیوەکان زور موستەعمەلە
(حائِض) بی‌نویژە (نَفْساء) زەیسانە   (مَشِیمَة) چی‌یە بو منالدانە
(حامِل) ئاوسە (وَلُود) بزوکە   (عَقِیم)و (عاقِر) شەخصی نەزوکە
(کَهْل) لە سی سال زیادەبەتەقدیر
(شائِب)و (شَیْخ)و (هَرِم) شەخصی پیر
(عَجُوز) پیرەژن هەم پیرەپیاوە   (شَیْخَة) ژنی پیر وا دانراوە
(زَوْج)یش هاوجووتە لە نیرو لە می   (زَوْج) لەبو نیرەو(زَوْجة)لەبو می
مەعنای(مِنْ کُلٍّ زوجَیْن اثنین)   ئەبی بەگویرەی ئەمەی بخوینی

بەمەعنایی‌تر (زَوْج) بەمەعنا جووت (بَعْل) بو میردە بیزانە مەزبووت
(تَوْأمَیْن) بلی بو دوولفانــــە (لِدَة) لەگەل (تِرْب) هاوتەمەنانە

★ ★ ★

(عَرَق) ئارەقە (زَبَد) یەعنی کەف (رِیق)و(بُصاق)و(رُضاب)یەعنی تف
(غَمْص) بەمەعنا ریپوقی چاوە (دَمْع) فرمیسکە (عَبْرَة) بەدناوە
(نَخْع) ئاوی لووت (نُخامَة) چلمە (لُعاب) یەعنی لیك (بَلْغَم) بەلغەمە
(لُمی)ئاوی دەم•بەپیی شەرع‌و دین هەموویـان پاکـن بیزانــە یــەقـین
(قَیْء) رشانەوە پیسە ئەم ئــاوە چونکە لە مەعدەی گــەرما کـولاوە

★ ★ ★

(تَثاؤُب) باویشك (سُعال)کوکینە (زُکام) هەلامەت (عُطاس) پژمینــە
(تَجَشُّوء) مەعنای قورقینـەدانــە (حَدْرَة) نزگــەرە چاکی بزانــە

★ ★ ★

(مَنِی) ئاوی توم بەپیی شەرع پاکە (وَذِی) ئــاویکی لینجی رووناکە
(مَذِی) ئاویکی خەستی ســپی‌یە دەرچوونی زورتر لــەبــەر قەبزی‌یە
(بَوْل)میزە کە هات بیکە رای‌مەگرە پیسایش چی‌یە (غائِط)و (عُذْرَة)
(دَم) بەمەعنا خوین (رُعاف) خوینی لـــووت
(قَرْح)و (جَرْح) بریــن بیزانــە مەزبووت
(نَفْط)بلوقە(قَیْح ، صَدید)و(ریم) بەمەعنا کیمن ئەی برای ســـەلیم
بیجگە لــە مەنی پیســـن ئــەمـانــە شوردنی شوینیان پیویســـت بزانــە
(صَنان)و (زَفْر) بونی بن‌بالــە (بَخَر) بونی دەم زور بەدفەسالە

★ ★ ★

(عَقْل)و (حِجْر)و (لُبْ ، نُهْيَة) یەعنی هـوش
پێ‌یشی ئەڵێن (وێـڵ) مـەبـە فـەرامـوش

(عِلْم) زانستە هەروەها (اِدْراك) — لەبو دوو شت بێ یا شـتێکی تـاك
(عَقْل) صـیفەتی نەفسی ئینسـانـە — (عَقْل) هوی (عِلْم)ە باشی بزانە
ئەگەر بتـەوی وێنـەیـەکی جـوان — بو نەفس‌و عەقل‌و بو عیلمی ئینسـان
(نفس) وەك شووشەی ئاوینە وایە — (عقل) رووناکی‌ی بەسەر ئەوایـە
(علم) بەوینەی ئـەو وینـە وایـە — کـە لەنـاو مینای ئـاوینـەدایـە

* * *

(حَواسی‌خَمْسَة)پێنج هەسەی جوان — یەکەم (لامسَة) هیزی دەس‌لیدان
(سامِعَة) هیزی بیسـتنی دەنـگە — (باصِرَة) هیزی رووناکی‌و رەنگە
(ذائِقَة) هیزی چەشتنی تـامـە — (شامَّة) هیزی بون بیزانە کامـە
(اِحساس) وەرگرتن بەم‌حەواسانە — (تَعَقُل) بـە دل چـاکی بزانـە
ئەم پێنج هیزانە بەردەسـتی عەقلن — بیناغەی بەرزی‌و پیروزی‌و فەضـلن

* * *

پێنج هیزی نهێن هەیـە لای دەمـاغ — دەماغ بـەوانـە ئەشوبهی بـە بـاغ
(حِسّی مُشْتَرَك) یەکەمە لەمان — وەرگری دەرکی پێنج حەواسـەکان
دووەمیان (خَیال) بیزانە بی‌شـك — خەزینەداری (حِسّی مُشْتَرَك)
سیهەم (واهِمَة) و(حافِظَة) چوارەم — (مُتَصَرِّفَة) پێنجەم خاتـرجـەم
لەمەوپاش ورد ورد بوت بەیان ئەکەم — ئیشی ئەمانـە بە بی‌زیـادو کـەم

* * *

(عِلْم)دووبەشە یەکەمیان(تَصْدِیق) — بەمەعنـا بـاوەر بیزانـە تـەحقیق

تەصدیقو باوەر لەبو کەلامە ئەگەر خەبەر بی وینەی لەلامە

بو ئیثبات ئەلیت : فلان هاتە لام لە نەفیا : فلان نەماوە لەلام

زانستی غەیری ئەم جورە قسە هەر (تَصَوُّر)ە بە بیوەسوەسە

دووهەم (تَصَوُّر) زانستی ئینسان بو غەیری خەبەر بیزانە ئاسان

لە وشەی تاکا (اَسْعَد)و (مَسْعُود) لە مضافاتدا (وەزیری مەحموود)

لەئینشائاتا (اَعْبُدُ المَعْبُود) دلت ساف بکە ئەگەی بە مەقسوود

(تَصْدیق) چوار بەشە ئەی برای ئەمین

(ظَنّ ، تَقْلِید ، جَهْلِ مُرَکَّب ، یَقِین)

(ظَنّ) باوەریکە هیزی مەعلووم بی بەلام لە جەزمیدەروون مەخرووم بی

ئەلیت ئەوکەسەی بە شەو ئەگەری ئەیەوی بدزی بزنی یا مەری

(تَقْلید) باوەری وەها (جازِم) بی بەلام مانەوەی غەیرە لازم بی

یەعنی دامەزری لەسەر بیری غەیر وەکو شوین کەوتووی ئیمامانی خەیر

(جَهْل) باوەری لەسەر بەطال بی کەچی لای کابرایش زور بەکەمال بی

بەخوی نازانی لەسەر ناحەقە بویە دەماخی ئەوەندە رەقە

گەلی گرانە چاری ئەمانە مایەی فەسادن لە رووی زەمانە

(یَقِین) باوەری بە جەزمو ئەبات دوور بی لە هەوای دروو خەرافات

وەکو باوەرت بە شوعلەی هەتاو وەکو باوەرت بە رەوانیی ئاو

(یَقِین) پیویستە بو ئەهلی ئیمان تا باش رابگری ئەیمانو پەیمان

* * *

(یَقِین) دووبەشە (بَدیهی) یەکەم یەعنی ئاشکرا بە بی توزو تەم

دووهەم (نَظَري) ئاشکرا نییە پیویستی فیکرو بیری نەفسییە

(فِكْر)و (نَظَر)و (رَأْي) تیفکرین — لەوا ئەیزانین تا حەق وەربگرین
زانینی مەجهوول ئەی برای جەلیل — یا بە تەعریفە ، یاخود بە دەلیل
(تَعْريف)دەربرین لەبو(کُنْهیذات) — یا دەربرینی (خَواصّ) لە صیفات
ئەلیت ئادمی گیاندارەو زانا — یا ئەلیت بەشەر ژیرەو تەوانا
(دَليل) شارەزا یا ئەو بەیانە — کە هوی ئیسباتی (مُدَّعی) مانە
بو وینە ئەلین ئەم دنیا یەکسەر — پیویستیە بە حەق (خالِقی اکبر)
چون شتی یەك بی نەبوونو بوونی — بی (خالِق) نابی بوونو نەبوونی
قەت باوەر مەکە بە بوون بە(صُدْفە) — (آثار) تابیعی ئیرادەی صیرفە
(شَكّ) تصوّرە مەعنای دوودلی — ئینسانی دوودل کورتە مەنزلی
(وَهْم)و (تَخَيُّل) هەم تصوّرن — بو مەعنای(تَصْدِيق) وەك بەرابەرن
ئەگەر باوەرت(ظَنّ) بوو بەوحوکمە — زانستی ئەولای بزانە وەهمە
ئەگەر (تَقْلِيد)و (جهل)و (یقین)ە — ئەولای (تَخَيُّل)ە داینی لە سینە

* * *

(حِسّیمُشْتَرَك)وەرئەگری ئەوەی — بە پینج هیزەیخوت تو دەرکیئەکەی
(خَيال) هیزیکە بو توی رائەگری — هەرچی بو(حِسّیمُشْتَرَك)ئەدری
(وَهْم) هیزیکە وەرئەگری ئەوەی
مەعنای جوزئی بیو بە حِسّ پیینەگەی
وەکو عەشقی تو بو خولقی مەحموود — وەکو ذەوقی تو بو دەرکی مەقسوود
(قُوّەی حافِظَة) بەوە ئەوتری — ئەم مەعنایانە بو تو رائەگری
(مُتَصَرِّفَة) هیزیکی واتە — حاکمە لەسەر ئەم مەعلوماتە
ئەمانە هەموو جییان دەماخە — خاوەن دەماخان دلیان پەرداخە

* * *

(قِصَّة) رابوردوو (حادِثَة) تازه　　(قَضِيَّة) لەبو هەردولا سازه

بە لوغەت ئەلیم لوغەت مەنقوولە　　عورفی (منطقي) لەسەر مەعقوولە

ئەلین (قضیّة) واتەیی وایە　　ئیمکانی دروو راستی تیدایە

(بَحْث) یەعنی باس (مسألة) مەعنا　　دەستووریکی عام لەرووی زەمانا

(جَلِي) ئاشکرا (خَفِي) پەنهانە　　(بَدِيهي)و(نَظَرِي)بەم دوو مەعنانە

(غامِض)و (عَوِيص ، مُشْكِلَة) هەر سی

مەسئەلەی سەختە لەسەر هەرکەسی

* * *

(حَرْف) چی تیە وەکو ئەلفو بی　　(تیپ) هەم بو ریزیش بەکارئەهینری

(مُفْرَد) یەك لەفظە (مُرَكَّب) تیکەل

ئەویان وەکو (زَيْد) ئەمیان (زَيْد اَفْضَل)

(كَلِمَة) وشە کەوا تەنیا بی　　(كَلام) وتاری فائیدەی تیابی

(قِرائَة) چییە خویندنەوەیە　　(نِسْيان) بەمەعنا بیرچوونەوەیە

(دَرْس) خویندنەو (فَهْم) تی گەیین　　(أُسْتاذ) ماموستای بەهوش‌و تەمکین

(تِلْميذ) قوتابی (فَهْم) تی گەیین　　تا باش تی‌بگەین باش پیش‌ئەکەوین

(مَدْرَسَة) و (مَكْتَب) قوتابخانەیە　　مەعنای (مَكْتَبَة)یش کتیب‌خانەیە

(فَطِن)و (ذَكِي) زیرەکی هوشیار　　(بَلید)و (غَبِي) کەودەنی بی‌کار

(ناجِح) شاگردی دەرچووی سەربەرزە

(راسِب) پاش‌کەوتووی بی‌سوود لە دەرزە

(جَهْد)و (اِجْتِهاد ، سَعي) تیکوشین　　(تَخَرُّج)دەرچوون لەپاش پی گەیین

* * *

(حِبْر)و (مِداد) رەنگ (مِحْبَرَة) دەوات

(قَلَم) خـامـەیـە بـا بێ لـەلات

(قِرْطاس)کاغەزە (وَرَق) یەك پەرە   (صَحِیفَة) بڵی لـەبـو لاپـەرە

(کِتابَة) نووسین بە هەر نەوعی بێ   (اِمْلاء) نووسینی بە رەسمی خەط بێ

(تَسْوِید) نووسینی یەکـەم جارانە   (شَطْب) بەمەعنا خەت پیا هێنانـە

(اِنْشـاء) دانانی رشتەی وتـارە   (اِنْشاد) خوێنـدنەوەی بەئیعتیبارە

(رِسالَة)و (مَکْتُوب) بەمەعنا نامە   هەروا (رِسالَة) مەعنـای پـەیامـە

(تَوْقیع) ئیمزایە (خَتْم) مۆرکردن   (اِرْسـال) بەمەعنا رەوانە کـردن

(طومار) بو لوولەی کاغەزی نووسراو   (مَطْوي) پێچراوە(مَنْشُور)بو بلاو

(طَيّ) پێچانەوە (نَشْر) بەمەعنـا   بلاوەکردن ئـەی رولـەی زانـا

(طُغْری) بەمەعنا ئیمزای شاهانـە   کـە لەسەر سـکەو ئەمرو فەرمانـە

ئەوصـاف

(اَشْهَل)چاومیلە (اَکْحَل) چاورەشە   بەکوردی کەژەل • (نَقِي) بێغەشە

(اَبْلَج) تەویلپان (اَقْرَن) بەمەعنـا   برو پەیوەسـتە لـە پیاوەکـانـا

(اَفْلَج) ئەوپیاوەی بلاو بێ دانی   یا مابەینی پێی ، یـا دەسـتەکانی

(أغَرّ)و (اَنْقی) سپی بێلەکـە   (اَشْقَر)سووری شل(اَبْرَص)بەلەکە

(اَمْلَس) شـتی سـاف بەوێنـەی بلـوور

(اَسْمَر) گەنم رەنگ (اَحْمَر) یـانی سوور

(اَخْضَر) یەعنی سەوز (اَسود) یەعـنی رەش

(اَصْفَر فـاقِـع) زەردیـکی بێغـەش

(اَبْیَض) سپییە (اَزْرَق) یەعنی شـین

(اَرْیَحِيّ) خوشخـووی بـەهوش‌و تـەمکین

(اَصْلَع) سەر بێموو (اَشْعَر) مووداره
(آ دَرْ) یەعنی قۆڕ خاوەن ئازاره
(أَقْرَع) کەچەڵە (اَعْرَج) بو شەلە
(اَشَلّ)ئەعزایی خاوەن شەلەلە
(اَصَمّ)و (اَطْرَش) ئینسانی کەڕە
(اَجْذَم)پیاوی گول (اَجْرَب) لەش گەڕە
(اَکْمَه) ئەونیرەی بەکویری ئەبێ (اَحْوَل)پیاوی خێل باش ئاگاتلێبێ
(اَعْمی)پیاوی کویر (اَعْوَر)یەك چاوە (مَکْفُوف)و(ضَرِیر)کویری تەواوە
(اَعْمَش) چاوکزە (اَعْشی) شەوکویرە
(اَخْفَش) چاو بچووك عەیبە بێزمێرە
(اَفْطَس) پیاویکە ناوقەدی لووتی
داپلیشابی بە نامەربووتی
(اَذَنّ) لووت چلمن (اَنْکَع) سووریوا
تویك هەلدا لووتیو پیستەکەی بروا
(اَعْلَم)و (اَفْلَح) بو لیو شەقبووە یەکەم بو ژووروو دووهەم ژیرووە
(اَخْرَس)و (اَبْکَم) بو پیاوی لاله (اَلْکَن) زمانگر عەیبی جەماله
(اَلْثَغ) پیاویکە زمان ناباربێ کە خویندنەوەی عەیبی دیاربێ
لەجیی خویەوە حەرف دەرنەکا یا حەرفی بە غەیر ئالوگور بکا
(ظی) ئەکا بە (ری) ، (صاد) ئەکا بە (سین)
هەروا حەرفیتر ئەی برای شیرین
ئەم جورەکەسە پیی ئەلین (أُمِّی) لە عورفی شەرعا بزانە حوکمی

ئینسـانی وابی نـابی بـه (امـام)
بو شەخصی (قـارِیء) خوش لەهجـەو کـەلام

بەلام وائـەلین هـەندی ئیمامـان کـەمی لەمـانـە عـەفـوە لـەلامـان
(تَأْتاء)و (فَأْفـاء) بەوکەسـە بلی تەکرار کاتەوە حەرفی (تی) یا (فی)
(اَکْرَش) بەمەعنا پیاوی ورگ‌زل (اَهبَل). پیاویکە بی‌هوش‌و (غافِل)
(اَرْعَن) بی‌عەقلە(اَحْمَق) ئەحمەقە لە ترسی ئەحمەق رابکەی حـەقـە
هەر وەصفی بو نیر وەزنی(اَفْعَل)بی بو می (فَعْلاء)ە بیزانـە لـەم‌جی
(اَخْرَق)لەبو نیر (خَرْقاء) لەبو می یەعنی ژنی‌وا کـە عەقلی کـەم بی
(شَبْعان) پیاوی تیر (جُوْعان) بـو برسـی
(شَهْوان) خـاوەنی ئـارەزووی نـەفـسـی
(عَطْشان)و(ظَمْآن) مەعنای تینووە (رَیّـان) ئەو نیرەی کە تیراو بووە
(غَضْبان) رق‌هەستاو (نَدْمـان)پـەشـیمان
(مَلْیان) یەعنی پـر (رَحْمان) میهرەبـان
(نَوْمان) نووستووە (یقظان) بیدارە (شَعْلان)داگیرساو شەوقەکەی دیارە
(تَیْهـان)و (حَیْـران) یـەعنی سەرگەردان
(نَشْوان)سـەرەتـای حـالی سـەرخوشـان
(سَکْران) سەرخوشە (بَطْران) ئـەوکـەسە
وا رابویری‌هـەر ئـەلی‌ی مـەسـە
(هَیْمان) تینووەو پیـاویکی وەهـا لـە عەشقا سـەری پر بی لە سەودا
(فَعْلان) بو نیر بوو(فَعْلیٰ)لە بو می بخوینەرەوە هـەمزەی تیـا نـەبی
بخوینەرەوە (سَکْران)و (سَکْریٰ) ئەو لـەبو نیرو ئـەم بو می وتـرا
بو زوری صیفەت هاتووە (اَفْعَل) وەکو (اَحْسَن)و (اَعْلَم)و(اَفْضَل)

بو ئەمەعنایە (فُعلَی) لەبو می بخوینەرەوە لەگەل بوری فی
(اَحْسَن) لەبو پیاو (حُسْنی) لەبو ژن
یەعنی زور جوان لە هەر بەشی بن

★ ★ ★

(بنّاء) بەمەعنا وەستای بینایە هەروەها (مِعْمار) لەعورفا وایە
(بزّاز)هەم بە گەز قوماش ئەفروشی (بقّال) بو بەیعی تەرە ئەکوشی
(بزّار) توو وەشین (بقّار)گاوانە (بیْطار) بەیتالی حەیوانەکانە
(تمّار) ئەوکەسەی خورما ئەفروشی (جمّال)وشترەوان بو خوی ئەکوشی
(جبّار) دوکتوری ئیسکی شکستە (جرّاح) تیماری زامی بەدەستە
(جلّاد) داروەشین (جزّار) قەصابە (جلّاب) راکیشەر ئیشی عەذابە
(حلّاج) هەلاجە (حلّاب) حەیوان‌دوش
(حدّاد) ئاسنگەر (حجّار) بەردفروش
(حفّار) چال‌هەلکەن (حلّاف) سوین‌خورە
لە پاشبەروژا عەذابی زورە
(خیّاط) بەرگدروو (خرّاط) خەراتە
(خشّاب) دارفروش (ظُلّة) ساباتە
(حطّاب) ئەوکەسەی‌کە دار ئەکیشی بو سووتەمەنی پیمان ئەفروشی
(حلّاق) سەرتاشە (حیّاك) جولایە (حکّار) راگری قووتی دنیایە
(حکّاك) مورهەلکەن (حمّال) بارکیشە
(حیّال) فیلبازە ئەنجامی ئیشە
(خمّار) ئەوکەسەی شەراب فروشە هەم شەرابخوری مەستی سەرخوشە
(ختّان) دەلاکی بە ویل‌و کەمال ئامادە لەبو سوننەتی منال

(خەفّاف)کەوش‌دروو (خەبّاز) نانەوا　　نانەکەی باش‌بێ صەدجار ماڵئاوا
(خەرّاص)و (خەمّاڵ) ئیشی تەخمینە　　لە دەغڵ‌ودانی ئەم سەرزەمینە
(خەرّاز) بەمەعنا مووروووفرۆشە　　یا مووروووتاشە بە بیرو هۆشە
(خەوّاص)ئەوکەسەی کە پووشی‌خورما　　بەرچینە ئەکاو میوەی تێ‌ئەخا
(خەوّاف) ترسنۆك (خەوّان) نائەمین　　(خەفّار) نیگابان لە دزی بێ‌دین
(خەنّاس) شەیتانی وەسوەسەی ئینسان　　خوا بەلوطفی خۆی لای‌دا لە ڕیمان
(دەبّاغ)دەباخ‌کەر بۆ چەرمی حەیوان　　(دەوّاس) گیرەکەر لەبۆ دەغ‌ودان
(دەلاّل) ڕانومای ئەهلی بازارە　　(دەهّان) خاوەن ڕون بەئیعتیبارە
(دەبّاس) ئەوکەسەی دوشاو ئەفرۆشی　　(دەوّار)دێ‌و دەچێ‌و بەتاو ئەفرۆشی
(دەلاّك)ئەوکەسەی دەس‌ئەخاتە لەش　　پاك‌ئەکاتەوە لەشی بە چلك ڕەش
(ڕەقّاء) ئەوکەسەی جل پینە ئەکا　　(زەبّال) خەوش‌وخڵ لە ڕێ لائەبا
(زەجّاج) بەمەعنا شووشە فرۆشە　　(زەمّار) بلویرژەن ئاوازەی خۆشە
(سەرّاج) زین‌دروو (سەفّاح)و(سەفّاك)
پیاوی‌خوێن‌ڕێژی نامەردی ناپاك
(سەبّاب)و (شەتّام) جنێو فرۆشە　　چونکە دەماخ‌و دڵی نەخۆشە
(شەوّاف) کەسێکە شت زۆر ئەبینێ　　بۆ دۆزینەوەی مانگ دائەمینێ
(صەفّار) مس‌گەرە (صەبّاغ) ڕەنگ‌کەرە
(صەوّاغ)و (صائغ) بۆ زەڕەنگەرە
(صەرّاف) ئەوکەسەی ئەگۆڕێتەوە　　نەقدی بە نەقدی‌و ئەحەسێتەوە
(صەوّاف) تاجری خوری فرۆشە　　(صەرّام) خاوەن چەرم بیزانە خۆشە
(صەیّاد) ڕاوچی‌یە ڕاوچی ڕەجالە　　هۆی جیابوونەوەی دایك‌و منالە
(طەیّار) بەمەعنا فڕۆکەوانە　　یا طەیری بفڕی لەم ئاسمانە

(طَحّان)ئاشەوان یا ئاش دروست کەر   (طَبّال) تەپڵ کوت بو خیرو بو شەر

(طَرّاز)ئەوکەسەی نەخشی جل ئەکا   (طَرّار)ریزی مووی سەرو مل ئەکا

(ظَعّان) ئەوکەسە کە زور ئەکا بار   (ظَلّام) بی‌دادەو ظولمو ستەمکار

(عَطّار) بون‌خوشە هەم وردەفروش   (عَوّاد)خاوەن‌عوود داریکەبون‌خوش

(عَیّاب) عەیب گرە (عَشّاب) گیافروش

(عَسّال) خاوەنە بو هەنگوینی خوش

(عَیّاش) ئەوکەسەی بە هەواو هەوەس

عومری صەرف ئەکاو گوی نادا بەکەس

(عَقّاد) گەردن‌بەند ئەهونیتەوە   (ذَوّاب)یش ئەوەی ئەتویئیتەوە

(عَلّاف) بەلوغەت عەلەف‌فروشە   لە عورفی عاما دەغل‌فروشە

(عَشّار)دەیەك‌بەر یاخود سوودخورە   لەودنیا ئەخوا سزای صەد جورە

(عَیّار) ئینسانی خاوەن فیلو فر   (مُسْرِع) پەلەکەر ئینسانی بەگور

(غَدّار) ستەمگەر (غماز) عەیب گر   (غَوّاص) روئەچی بە بەحرا بو دور

(غَیّاب) ئەوکەسەی پاش‌ملە ئەدوی   (حَرِك) کەسیکە کە زور بزوی

(فَرّاء) ئەوکەسەی کە کەولی نایاب   ئەکری‌و ئەفروشی‌وەك کەولی سنجاب

(فَصّاد) خوین گرە (فَحّام) بەمەعنا   خەلوزفروشەو (فَهّام) زور دانا

(قَزّاز) بەمەعنا هەوریشم کارە   ئەوەی ژی‌ی کەوان ئەکا (وَتّار)ە

(قَصّاص) بەمەعنا ئەفسانە خوینە   (فَرّاش) راخەری فەرش و نوینە

(قَصّاب) سەربری حەیوان‌و ولاغ   (کَشّاط) ئەگروی پیستی بو دەباغ

(کَیّال) ئەپیوی مەن لە دەغل‌ودان   بە شیرفروشیش ئەوتری (لَبّان)

(مَسّاح) وەستایە بو پیوانی عەرز   راست ئەکاتەوە شوینی نەوی‌و بەرز

(نَجّار) دارتاشە (نَقّار) بەردتاش   (نَقّاد) وتەی چەوت جیا ئەکا لە باش

(نَحّاس) مس‌فروش (نَزّاح) ئاو هەڵگوز

(نَمّام) فیتنەچی‌ی ناو ئاوایی‌و هۆز

(نَدّاف) هەلاجی لوکە یاخود موو (نَسّاك) عابیدی خاوەن خولق‌و خو

(غَزّال) ئەریسی‌و (نَسّاج) ئەتەنی (وَهّاب) ئەبەخشی‌و (اَخّاذ) ئەسەنی

(وَزّان) ئەکیشی بە سەنگ‌و قەپان (صَدّاح) ئەخوینی بە ئاوازەی جوان

(هَمّاز) تەعنەدەر (لَمّاز) لەقەم‌باز لە هەردو دنیا نابن سەرفەراز

(هُمَزَة)و (لُمَزَة) کەسیکی‌وایە ئەم دوو صیفەتەی بەزوری تیایە

* * *

(بارِع)پیاوی بەرز ، بو ژن (بارِعَة) (ذائِع) بەناوبانگ هەروا (ذائِعَة)

(اَحَدُ الاَحَدَیْن ، اَوْحَد) و (وَحِید)

هەلکەوتوو هەروا (نابِغَة)و (فَرِید)

(عِصامِي) کەسی بوخوی پی‌بگا بە کردەوەی چاك ، بە دلی ئاگا

(عِظامی) ئەوەی بە قەدری مردوو ناوبانگی لەلای هاوری‌یان دەرچوو

(سامِي) کەسیکە بولەند هیممەت بی (عَزِیز)ئینسانی خاوەن حورمەت بی

(أَرْیَح) جی‌ی گوشاد (اَرْیَحي) خوش‌خوو

(لَیْلَةٌ رَوْحَة) شەویکی خوش بوو

(زَعِیم) سەروکە (جَلِیل) بەقەدرە (عَظِیم)و (کَبِیر) بەمەعنا گەورە

(اَلمَعِي) لەگەل (لَوْذَعِي) تیژ بیر (ذَکِي) زیرەکەو (حَکِیم) بەتەدبیر

(کَیِّس)و (فَطِن) ئینسانی ژیرە (داهِیة) بەلاو خاوەن تەدبیرە

(مُثَقَّف) خووگر بە خویندەواری (فَقِیە) بو زانای ئایینی باری

(فَصِیح) بەمەعنا شەخصی قسە ساف پیاوی مەعنازان پی‌ی‌ئەلین (کشّاف)

(بَلیغ) کەسێکە وتاری بەرزە   شوێن‌چون هەڵبگری‌بدوی بەوتەرزە

(قَرْم)و (شُجاع)و (بَطَل) پالەوان

(غَیُور) بەغیرەت (عَریف) کارزان

(جاهِد)و (ساعِي) یەعنی تێکوشەر

(داعِی)و(داعِیَة)یش بەمەعنا بانگ‌کەر

(حافِظ) پاریزگار (راعِی) چاودیرە   (واعِي) تی‌گەییو (کادِر) کارگیرە

(وازِع) ئەوەیە بت‌گیریتەوە   لەوکارەی خێری لی نەبیتەوە

(حاکِم) فەرماندار (عادِل) دادگەر   خوشی بخاتە ناوبەینی بەشەر

(خَلُوق) کەسێکە خولق‌و خووی چاکە

(اَمِین)ئەوکەسەی دەست‌و دل پاکە

(لَیِّن) شتی نەرم (هَیِّن) ئارامە   (مُجامِل) شەخصی شیرین کەلامە

(سَمُوح)و (عَفُوّ) کەسیکی‌وایە   مەردی‌و چاوپوشی ئەکا بەمایە

(عَطُوف)و (رَؤوف ، شَفِیق) میهربان

(حازِم)توندو تول (حارس) پاسەوان

(حَیِیّ) شەرمنە (جَسُور)نەترسە

(خَفِیف)چی سووکە (ثَقِیل)یش قورسە

* * *

(کَرِیم)و (جَواد ، سَخِيّ) بەخشندە

شەخصی دل‌گوشاد زور بەهرەمەندە

(قَنُوع)و (قانِع) شەخصی بەقنیات   بو مالی دنیا ئابرووی خوی نابات

(زاهِد) ئینسانی دوور لە دنیایە   هیچی بو دنیا قەت بەسەرنایە

(حَصُور)و(نَزِیه ، عَفِیف)خاوێنە پاکە بە دڵو دەستو داوێنە
(شَهْم) جوانمەرد (باسِل) ئازایە (کَتُوم) سیرری‌خۆی لەدەم دەرنایە

* * *

(مُتَکَلِّم) چی خاوەن وتارە (کَلِیم) ئەوکەسەی کە هاوگوفتارە
(مُخاطَب) ئەوەی قسەی بوئەکەی (غائِب) دیار نی‌یە کە ناوی ئەبەی
(کاتِب) بنووسە بو هەرجوری بی یەعنی بو پەخشان یا هونراوە بی
(ناظِم) ئەوکەسەی ئەهونیتەوە شیوەی وردو جوان ئەدوزیتەوە
(شاعِر)شیعر ئەلی لە کانگەی(شُعُور) (قاصّ)چیروك‌نووسی‌باسی وردو دوور
(اَدِیب) ئەدەب‌دار مایەی تەواوە چ لە پەخشانو چ لە هونراوە
بە بەرزی‌ی ئەدەب کومەلیش بەرزە کومەل چون بژی ئەمیش بەوتەرزە
(صَحَفِي) مەعنای روژنامەنووسە گەر ئازاد نەبی گەل لی‌ی مەئیووسە
(حَرِیف) هاوپیشە (زمِیل)هاوئیشە ئینسانی بی‌ئیش دل پر تەشویشە
(حَوْراء)و (عَیْناء)ژنی سپی‌و جوان (حُور عِین)جەمعە لە ئایەی‌قورئان
(عُرُب اَتْراب) سپی‌و هاوتەمەن بە وینەی ریزی چناری چەمەن
(مالِك) خاوەن‌مال (مَلِك) پاشایە (مَلَك) فریشتەی پاکی خودایە
(وَجِیه)رووداره (غَنِي) دەولەمەند (مِسْکِین)و(فَقِیر) گەدای دەردمەند
(نائِم) نووستووە (یَقْظان) بەخەبەر (عاطِل) بی‌ئیشە (عامِل)یش ئیشکەر
(فارِس) ئەسپ‌سوار (راکِب) سوارە سواری هەرچی بی فەرق نی‌یە دیارە
(راجِل)و (ماشِي)و (رَجْلان) پیادە (حَسِي) پی‌پەتی (وَقِع) ئیفتادە
(مُنْتَعِل) لەگەل (مُحتَذِي) بلی لەبو ئەوکەسەی کەوشی وا لە پی
(کارِب)و (فَلاّح) مەعنای جووتیارە (حارِث) تووداچین (ساقِي) ئاویارە

(ناطُور) باخەوان (زارِع)زەرع کەر (خادِم)و (غُلام) بەمەعنا نوکـــەر

(نَذْل)و(حَقیر)و (ضَئیل) بی‌قەدرە مایەی بی‌قەدری‌یش تەماع‌و غـەدرە

(باغِی) ئەوکەسەی لابـدا لـە حەق یا دەرچی لە ری‌ی ئیمامی موطلەق

(غادِر)و (ظالِم ، جائِر) ستەمکار بە ستەم ولات لی‌ی‌ئەبری قـەرار

(مُشاغِب) شەخصی شەر هەلگیرسینە سەرەتای قسەو دوایـەکەی خوینە

(شَرِس)بەدخووە(هائِج) یەعنی هار (مُغامِر) بی‌بیر ئەرواتە ناوکـــار

(طائِش) پیـاویکە بی‌شـوعوورانـە بکەویتە ئیش وینــەی دیوانــــە

(عَصَبِي) کەسی کـە هات بەسەریا بەرگ‌و پوشاکیش ئەدری لەبـەریـا

(صائِل) هەلمەت‌بەر بەهیزو بەگـــور لەسەر هیچ‌وپووچ خوی ئەنیتـە قور

(ثائِر) شورشگیر (ثَوْرَة) شورشــە (عَبُوس) رووگرژە لە خیر بی‌بەشە

(بَلِید)و (غَبِي) کول‌و کەودەنـە (سَطْحِي) سادەلەوح بی عیلم‌و فەنە

(حَقُود)و (ضَغِین) بـو خاوەن‌کینە (سَخامَة)و (وَغَر) بو چلکی سینە

(حَسُود) زرگنە (ذُو الوَجْهَیْن) دووروو

(عَیُون)و (عـائِن) چـاوپیـــی بەدخـوو

(واشِي) قســەکەر بەشیوەی پیلان (ساعِي) قســەی بەد دینیتە ناوان

(نَفْض)و(زَنِیم) زول (أثِیم)بەتاوان (نَمّام) قسەگیر بو فیتنەی زەمـان

(نَسِیب) کەسیکە بـاوك نەناسـراو (دَعِي) نیسبەتی بە خەلکی دراو

(مُعْجَب)ئەوەیە خوی بە باش دانی (مُخَنَّث) خولقی وەك هی ژنان بی

(إمَّعَة) شەخصی بی‌شوعوورو فام ئەکەویتە دووی بیری خاص‌و عـام

(طُفَیْلي) ئەوەی خوی هەل‌ئەواسی بەدوای کەسیکدا بی‌وەی بیناســی

(مُخْتال)و (فَخُور) شـەخصی خاوەن‌فیـــز

(رَشِید) فامیـدە (سَـــفِیە) بی‌تەمیـز

(فَهْیَة) کەسیکە بی‌دەمو زمـــان   کـە مەبەستی خوی باش‌نەکا بەیـان

(جارِیە)و (عَبْد) کـەنیزو بـەنـدە   (مُعْتِق)و(مَوْلی) عەبد ئازاد کردە

(عَتِیق)و (مَعْتُوق) ئـازاد کـراوە   (مُکاتَب) بەنـدەی قـەول پی‌دراوە

(خَلْق)و (اِبْداع)و (تَکْوین)و(ایجـاد)

هـەمـــوو صـیفەتن بـو (رَبّ العِبـــاد)

یەعنی لە نەبوون شت دروست‌کردن   (هادِی)رەهنموون(هُدی) رەهبردن

(هِدایَت) مەعنای ری‌پیشان‌دانـە   (تَضلِیل)یش مەعنای سەرلی‌تیکدانە

(لُطْف) هیزدانە بو فەرمانبـەری   (عِصْمَت) پاراستن لە تاوان‌باری

(تَوْفِیق) ئەوەیە خودای دوو جیهان   هوی ئیشی چاکت بو بـکا ئاســان

(خَذْل) بەمەعنا تەوفیق نەدانـــە   ئەمانە هەموو بەدەس یـەزدانـــە

صیفەتەکانی ئینسان

(رُشْد)و(رَشَد)و (اِهْتِداء) یەعنی   بە حـــەق گەیشـتن ئـەبی بیزانی

(زَیْغ)یش بەمەعنا لەری‌ی‌حەق لادان   (نَزْع) وەسوەسەو خوتوورەی‌شەیتان

(نَزْعَة) مەیلی دل بو خراپ یا چاك   هوی نەزعەی چاکی هاونشینی پـاك

(کَسْب) ئەوەیە لەسەر خواستی دل   لە کردەوەدا خوت نەکـەی مـاتـل

رووت لەهەرچی کرد خودا حاضرە   بوت دروست ئەکا چونکی قـادرە

(اِختِیار) مەعنای وەرگـرتنی دل   لایی لەو دوولا بوت ئـەبی حاصل

(تَقْوی) پاریزە لـە نافـەرمـانی   بە دل‌و بە لەش هـەتـا ئـەتـوانی

(وَرْع) لادانە لـە ئیشی دووسەر   نەکا تووش ببی بـە سەری خەتـەر

(زُهْد) بەمەعنا تـەرکی دنیایـــە   یەعنی دنیایەك کـە عەیبی تیـایـە

(شَفاعَة) تکا (رَجاء) ئومیـدە   قەت ئومید مەبرە لەو جی‌ی ئومیدە

(دُعاء) سکالاو پارانەوەی تو لای خودای جیهان مەرحەمەت بە کو
(نَجْوی)و (مناجاة) قسەی پەنهانە هەم دوعاو نزای حاجەت مەندانە
(اِطاعَة) مەعنای فەرمان بەرداری (عِصْیان) بەمەعنا تاوان کرداری
(غَیّ)و (ضَلالة) گومرایی دلە دلی گومرا بی دوور لە مەنزلە
(سَعادَة) مەعنای پیروزیی ئەنجام بە بەختیاری گەیین بە مەرام
(شَقاوَة) مەعنای بەدبەختیی ئینسان مانەوەو مردن بە شیوەی نوقسان
لەبو هەر ئیشی بەجوش و تاوی دیارە بو ئەوە دروست کراوی
رووئەکا لە خەیر ئەوەی ئازادە دەرگای مەرحەمەت دائیم گوشادە
(نِفاق) دووروویی(رِیاء) پیش چاوی (مُرُوَّة) مەردی (جَفْوَة) ناپیاوی
(حَیاء) شەرمنی (جَسارَة) عەکسە رووسەختی بی‌شەرم ئەنجامی نەقصە
(حِلْم) حەوسەلەو خوراگرتنە لە ئیشی نابار خو دوورخستنە
(خَجالة) مەعنای شەرمەزاری‌یە هوی واتەی نابار یا بەدکاری‌یە
(شکْوی) هاوارە لەئیش و ئازار یا لە ستەمی نامەردی بەدکار
(عِلْم) زانستە (جَهْل) نەزانین (وَعْی) بەمەعنا بە دل تی گەیین
(عَزْم)و (عَزِیمَة)و (صَرِیمة) هەرسی
پتەوی‌ی نیازە لەبو هەرکەسی
(رَیْب)و (تَرَدُّد ، شَكّ)و (وَسْوَسَة)
هەموو بەمەعنا دوودلی‌ی شەخصە
(فَزَع ، اِرْتِباك ، قَلَق) بەمەعنا دل بو ئارامی نەبی تەوانا
(ثَبات ، اِطْمِئْنان، حَزْم) بەمەعنا دل لی‌هاتوو بی‌و ئارام و توانا
(أسَف)و (أسَی) ، (حُزْن)و (غَمّ)و(هَمّ)
زویری‌ی دلە لە زورو لە کەم

(حُزْن) خەفەتی بو رابوردوو بی (خَوْف)یش ترسانە لەوشتەی کە دی
(مَلال)و (مَلَل) ، (سَئَم)و (سئامة) ماندووبوونی دل عەرەضی عامە

★ ★ ★

(شَجاعَة) مەعنای دل ئەستووری‌یە (شَهامَة) مەعنای جەوان‌مەردی‌یە
(جُود)و(سَخاوَة)و(بَذْل) بەخشینە (جَهْد)و (اِجْتِهاد) بو تیکوشینە
(شُحّ)و (بُخْل)و (لؤم) رژدیی ئینسانە
ئەوکەسەی رژدە رووە لە نوقسانە

★ ★ ★

(تَخْوِیف)و (تَحْذِیر) ، (اِرْهاب) ترساندن
هەروەها (اِنْذار) • (ضَغْط) وشاردن
(تَهْدِید)و (وَعِید) مەعنای هەرەشە
(عَذْل)و (تَوْبِیخ)و (لَوْم) سەرزنشە
(عِتاب) گلەیی (بَثّ) دەربرینە زوربەی گلەیی لە دەس‌برینە

★ ★ ★

(نَظِرَة)، (اَناة)، (تَأَنّي)،(مُهْلَة) مولەتە • (صَوْلَة) بەمەعنا هەلمەت
(عَجَلَة)و (اِسْتِعْجال) بەمەعنا پەلە پیی پەلەپەل‌کەر ساغیش بی شەلە
(هُجُوم) هیرشە (اِنْهِزام) شکان (اِنْسِحاب) مەعنای بو دواوە کشان

★ ★ ★

(عَدْل)و (عَدالَة) دادپەروەری‌یە
(ظُلْم)و (غَدْر)و (بَغْي) ستەمگەری‌یە

(فِسْق)و (فُجُور) چی شەهوەتبازی‌یە
(عِفَّت) دووری‌یە لەم ناسازی‌یە
(شَبَق)و (غِلْمَة) هێرشی ئارەزوو ئاگات لە خوت بی نەتبا زووبەزوو

★ ★ ★

(تَواضُع) مەعنای خو دانەواندن لەبەر پیاوەتی نەك خو شکاندن
(تَکَبُّر) فیزە (غُرُور) بایی‌بوون هەرکەس بایی‌بی ئەروا سەرنگوون
(طُغْیان) لادانە لە ئەندازەی حەق (اِعْتِداء) ، (عِداء) زولمە بە ناحەق
(کُنُود)و (جُحود ، عَناد) بەمانا بەگژ راستا چوون لەرووی زەمانا
(سَرِقَة) دزی (غَصْب) داگرتن (اِخْتِلاس) بلی بو شت فراندن

ئەحوالي ئینسان

(نُعاس) وەنەوزە ، هەروەها (سِنَة) (هُجُوع)و(هُجُود ، رقود)نووستنە
(نَوْم)خەو(سَهَر)و (یَقْظَة)بیداری (خِیَرة) بو نویژو بو یادی باری
(رُؤیا) بەمەعنا بینینە بە خەو (طَیْف)لەگەل(کَری)ئەوەی دیتەخەو
(رَأی)و (عَقِیدة) باوەڕی دلە (رُؤْیَة) بینینی بە چاو حاصلە
هەروەها (اِبْصار) • (سَمْع) بیستنە (اِصْغاء ، اِسْتِماع) گوی راگرتنە
(ذَوْق) چی چەشتنە (طَعم) نوشینە (مَسّ) دەس‌لیدانە (لُبْس) پوشینە
(لَمس) ئەوەیە پیستت بەرووتی بدا لە پیستی بە رووتو قووتی

★ ★ ★

(قَوْل) چی وتنی لەفظی بەمەعنا (نُطْق) وتە ئەی برای زانا
(تَعْبیر)و (بَیان) ئەوەیە بە زمان مەبەس دەربری بو ئەهلی جیهان

(صِدْقْ) یەعنی ڕاست (کِذْب) درویـــــە

(هَذْی)و (هَـــذَ یـــان) پووچی بێ‌هـــویـــە

(فَصاحة) پوختەی واتـە ڕەوانی (بَلاغَـه) ڕێکیی وەختو مـەکـانی

(اَکْل)خواردنە (شُرْب) خواردنەوە (مَجّ) بلی لەبو شـــت تفینـــەوە

(مَضْغ) جاوینـــە لەبو مایـــەدار (بَلْع) قووت‌دانە تا بڕواتـە خـوار

(مَصّ) هەلمژینە لەبو وینەی شیر یا ئـاوی هەنار کـوتراوی دلـــگیر

(کَرْع) ئەوەیـە بەوینەی شـوان دەم بنییتە ناو ئـاوی کانیـەکـــان

(لُقْمَة) تیکەیەك (جُرْعَة) چی یـەك قـوم

(قَطْرَة) یەك دلوپ (رَشْحَة) چی یەك نم

(غَصَة) گەرووگر لە ئاوو لە نان (هَنیء)و (مَرِیء) گەواراو ڕەوان

(ضَحْك) پیکەنین (تَبَسُّم)خەندە (قَهْقَهَة) قاقا بو شەخصی ژەندە

(مزاح) گالتەیەك بووتری بە دەم ڕاست بی قەیدناکا دەم‌دەم‌و کەم‌کەم

(لَهْو)و (لَعَب) چی گەپ‌و گالتەکان (عَثْرَة)هەم (زَلَّة) هەلکەوتی زمان

(مِراء)و (جِدال) مەعنای دەم‌بازی بو حەق بی باشە نەك بو ناســـازی

(اِلْحاح)و (لَجاجْ) لەســـــــەر شت‌ڕویین

بـە کردەوە بی یـاخـــود بـــە دویـــــــــن

(سِرّ) پەنهان (جَهْر)و (عَلَن) ئاشـــکرا

(اِعْلان) دەربرین هـــەرچون پیت‌کــــرا

(اِعْطاء) پیدانە (اَخْذ) وەرگرتن (اِطْلاق) بەردانە (اِمْساك) ڕاگرتن

(قَتْل) کوشتنە (ضَرْب) لیـدانـە (دَفْـع) بەمەعنا دەس پیـوەنـانە

(وَکْز)و (لَکْز)و (لَکْم) لیدانی مســـــتە

(لَطْم) شـــەقازلـە بـە بـەری دەســــــتە

(وَقْص) بەمەعنا مل شـــکاندنــە (وَقْظ) لیدانی کـە هوی مردنــە
(حَذْف) لیدانە لە گیـاندار بـەدار (خَذْف)پەلەپیتکەی دوو پەنجەی نابار
(فَصْم) پساندن (قَصْم) شکاندن (قَطْع) برینە (تَقْویس) چەماندن
(بَسْـــــط) کردنەوە (قَبْض) قووچـاندن
لــەبـو دەستی خوت • (عَرْض) نـوانـــدن

جمووجوولی ئادەمیزاد

(سُکُون) نەجوولان (حَرَکَة) جـوولانــە
(ثَبـات)مـانـەوە (نَهْضَـــــة) تەکانــە
(قِیام) هەستانە (وُقُوف) راوەستان (قُعُود)و (جُلُوس) بو دانیشتنتان
(سَیْر) چی رویشـــتن (طَفْر) بـــازبـردن
(عَدْو)و (رَکْض) چی یـەعنی راکـــردن
(مَشْی) رویشتن بەگویرەی عادەت (هَرْوَلَة) لوقە (وثَبَة) چیهەلمەت
(اِضْطِجاع) بلی مەعنای پال‌کەوتن (اِسْتِلقاء) یەعنی بەپشـــتا کەوتن
(زَحْلَقَة) یەعنی قنـگە خلیسکی بو کاتی گالتـەو بو منـــال ئـەبی
(نُزُول) داپەرین (صُعُود) سـەرکـــەوتن
(اِنْحِدار) مـەعنـــای بـەرەوخـوار هـاتـن
(سُـــقُوط)و (هَوْی) مەعنای داکـــەوتن
(عَثْرة)و (اِنْزِلاق) بـو پی هـەلـکەوتـن
(تَسَلُّق) مەعنای هەلچوون بەدارا (تَسَوُّر)سەرچوون بەرووی دیوارا
(تَبَوُّء) چی‌یە مەعنـای جی‌گرتن (تَدَهْوُر)تیکچوون زیان تی‌کەوتن
(خَلْع) دارنین (لُبْس) پوشینە (رُکُوب) سواربوون (طَعْم) نوشینە
(اِیـــواء) بەمـــەعنا جی‌کردنـــەوە (اِعادَة) یـەعنی هـەنـاردنەوە

پاکی‌و خاوینیی ئینسان

(نَظٰافَة) پاکی (تنْظِیف) پاك کردن — ئادابی دینـــه پـاکی راگـــرتن
(حَلْق) تاشینه (نَتْف) هەلکەندن — (تَقْصیر) بەمەعنا کورتەوە کردن
(غَسْل)و(اِغْتِسال) یەعنی خوشورین — (تَقْلیم الاظفار) چی نینوك برین
(اسْتِیٰاك) مەعنای بەشەرع بزانـه — (سِواك) بە دەم‌و دانا هینـــانـــه
کاتی دەس‌نویژو.غوسل‌و نویژ کردن — یا گورانی دەم لــە قسە نەکـــردن
کاتی نووستن‌و هەستانت لــە خــەو — سیواك سوننەتە چ روژ بی‌و چ شەو
(اِتْقٰان) بەمەعنا ئیشی باش‌کردن — (اِنْصاف) عینوانە بو حەق راگرتن
(اِقْبٰال) رووکردن (اِدْبـار) بو عــەکســـه
یـا بەختیاری‌و بــەدبــەختی‌ی شــــــەخصــه

(اِتِّفٰاق) مەعنای ریکەوتنی گــەل — (اِخْتِلاف) تیکچوون بە بیر یا عەمەل
(اِنْتِقام) مەعنای تولـه وەرگرتن — (اِصْطِدام) مەعنای دوو شت لیك‌کەوتن
(اِسْتِقْلال) مەعنای سەربەخوی‌یە — غـەیری ئـازادی رەنجەرویی‌یـە
(اِسْتِغلال) مەعنای بەهرەوەرگرتن — (اِنْتِهاز) مەعنای شوینی هەل کەوتن
(اِکْتِنٰاف) مەعنای گرتنە تەنشت — (تَدابُر) مەعنای پشت‌کردن لە پشت
(تَواجُه) مەعنای روو لە یەك کردن — (اِحْتِضان) مەعنای لە باوەش‌گرتن
(تَوَجُّه) مەعنای روو تی‌کردنـه — (تَوَلّی) مەعنای پشت هەلکردنە
(تَوَلّی) دیسان سەرداری کردن — یاخـــود کاروبـــار بەریوە بـــردن
(تَعٰاوُن) مەعنــای یارمـــەتی‌ی یـــەك دان
(تَظٰاهُر) مەعنای پشـــت لەپشـــت دانـــان
(تَعٰانُق) مەعنای دەس کردنەمل — (تَفٰارُق) جیایی بە لەش یا بە دل

(تَصافُح) مەعنای دەس لەدەس نانە — ئەم شیوە شـیوەی موسولمانانـە
(تَفـاؤُل) رجای ئەنجامی سـالم — عەکسی (تَطَیُّر) لەگەل (تَشاؤُم)
(تآمُر) مەعنای فروفیـل کـردن — لەگەلیکەوە بە قەصدی کوشـتن
(تَخاذُل) یەعنی خو ذەلیل کردن — (تَنابُز) جنیـو بە یەکتر وتـن
(تَعَصُّب) هیزە لـەبو خودخواهی — خودخواهی ئەبی بەهـوی بی‌جـاهی
(تَخَلُّص) یەعنی خو رزگار کردن — (تَمَلُّص)هەرواو بو فیل دەس‌بردن
(تَقَلُّص) مەعنای کەم‌بوونەوەیـە — (تَجَسُّس) لە شت کولینەوەیـە
(دَعْم) لیك‌دانە بو هیز یا زیـان — (دَعْس) شیلانە وەك لە ریگاو بان
(تَنَبُّؤ) یەعنی خەبەردان لە غەیب — بو غەیری رەسوول هەرگومانەو رەیب
(تَکَهُّن) هەروا بو خەبەردانـە — هوی ئەمە فیکرو حەدسی ئینسـانە
بەلی وائـەبی بـە قـەرینـەی حال — تی‌ئەگا ئینسـان وەزعی ئیسـتیقبال

جل‌و بەرگ

(کِسْوَة) پوشاکە هەم (ثَوْب)و(لِبـاس)
(قَبـاء) کـەوایـە (قَمیص) چی کـراس
(سَراوِیل) دەرپی (تِکَّة) دوخوینە — (مِتَکْ) شتیکە دوخوین چەسپینە
(اِزار) بو بەینی ناوك‌و ئەژنویـە — دەرپی داپـوشی عـەوردتی تویـە
(غِلالَة) بەرگی کە ئەکریتـەبەر — لەژیر جلەوە بو پاکی‌ی بەشـەر
(تُبـان) دەرپی‌ی کورت عـەورەت داپوشـە
(دِثـار) لـەش‌پوشی سـاغ‌و نەخوشـە
(یَلْمَق) کـورتـەکی لەسـەر کـەوایـە
(سِخْمَة)ئەو سوخمەی کە قوپچەی تیـایـە

(زَرّ) دوگمەو (عُرْوَة) کونی دوگمەیە
(شَدّ) داخستنی ئا ئەو دوگمەیە
(جُبَّة) جبەیە (عَبَاء) عابایە زوربەی پوشاکی شیخو مەلایە
(ظِهارَة) پشتو (بِطانَة) بو بەر لە بەرگی دووتوی کە ئەیکەیتە بەر
(جِلْباب) چارشیوە (خِمار) سەرپوشە
(رِداء) لەش‌پوشەو (نِقاب) رووپوشە
(حِزام)و (نِطاق) ، (مِنْطَقَة) پشتین
(عَرَقِيَّة) کلاو (لِحاف) چی نوین
(عِمامَة) سەرپیچ یەعنی میزەرە بو (سَيِّد) رەنگی سەوز موعتەبەرە
(عِقال) عەگالە (كَفِيَّة) دەسمال (دَمِيرى) سەلتەی پیاوی خاوەن‌مال
(قُنْدَرَة) قوندەرە (حِذاء) چی کەوشە
(يَمَني) کەوشی سافی بی خەوشە
(جُوراب) گورەوی (ران) پووزەوانە (قِفاز)و (لِفُوف) دەسکیشەکانە
(خُفّ) وەك گورەوی لە پیستی حەیوان
مەسحی سونەتە بیزانە زور جوان
(نَعْل) لە چەرمو (قَبْقاب) لە دارە پیلاوی ناومال بو خەلکی شارە
(رَثّ) بەرگی کونە بە خەبەردار هەروەها (خَلَق) بە لامی سەردار

* * *

(تاج) کلاویکە پر لە گەوهەرە شایانی گەورەی خاوەن هونەرە
(إِكْلِيل) تاجیکە لە دور چنراوە لە بو سەروکی ولاتان باوە
(عَرْش) بە مەعنا تەختی پاشایە بو فەرمانرەوای دینیش رەوایە

(حَمايِل) بەندی شمشێری مله   راوێژه ، چەکی پیاوی کامیله
(وِسام) نیشانەی سەر قول‌و شانە   نیشانەی پاشاو ئەفسەرەکانە
(صَوْلَجان)گوچان (عَصا) عاسایە   (مِظَلَّة) چەتری باران‌و سایە
(مُشَمَّع) بەرگی کە ئەکریتەبەر   کاتی کە باران دائەکا لەسەر
(مِحْبَس)و (خاتَم) ئەموستیلەی دەست
(فَص) چی مورخانەی بو جوانی مەبەست
(لَعْل)و (مَرْجان)و (فَیْرُوزَج ، اَلْماس)
بەردی بەنرخن لەلای دورشوناس
(خاتَم) هەم مەعنای مووروویش ئەبەخشی
داوینی نامەی پێوە ئەنەخشی
(سِبْحَة) تەزبیحە (تَعْوِید) نووشتەیە
(شِعار) عەلامەت (عَقْد) رشتەیە
(رَتیمَة) بەنی لە پەنجەی بەستی   بو بیرکردنەوەی کاتی سەرمەستی
بەلام ئەگەر من دەربچم لە یاد   کەی تالی بەنم ئەگا بە فریاد :
(حِلْي)خشلی زیر یا (مُجَوْهَرات)   ژن ئەیدا لەخوی‌گەر بوی دەس‌بدات
(قُرْط) گوارەیە هی گویی ژنانە   (خِزامَة) ناوە بو لووتەوانە
(عِقْد)و (قِلادَة) ملەوانەیە   (شَمْسَة) شامووررووی ناو ئەوانەیە
(وِشاح) ئەوتری بو قولەوانە   (سِوار) بازنە (خَلْخال) پاوانە
(طُرْطُور) کلاوی قووچی گەوهەرمەند
لە سەری ئەنین ژنی دەولەمەند
(عَقیق)و (یاقُوت) دوو گەوهەری ئال
(حِرز)یش بو مووروی رەش‌و سپی‌و کال

(كُحْل) کلەیە (اِثمِد) سورمەیە   (حَنّاء) خەنەیە (وَسْمَة) وسمەیە
(رُقْعَة) بەمەعنای پارچەی دابراو   (مُرَقَّع) پینەو پەرو بو کراو
باوە لای خەلکی خاکی هیندوستان   جلیان جوان ئەکەن بە پینەی جووان
(تَطْرِیف) بەمەعنا پەروایز دانان   هەم چمکەکردن بو بوخچەی ژنان
(تَطْرِیز) بەمەعنای نەخش‌و نیگارە   زوربەی بو بەرگی شوخ‌و نازارە

ماڵو پیویستی‌یەکانی ناوماڵ

(دار)یەعنی‌خانوو (باب) چی دەرگایە   (رِتاج) دەروازەی گەورە بینایە
(عَتَبَة) کەوش‌کەن‌و داری ژیر دەرگا
(بَیْت)و (غُرْفَة) چی یەك هوددی تەنیا
(جِدار) دیوارو (سَطْح) سەربانە   (سَقْف) سەرمیچی خانووەکانە
(مِشْکاة) تاقیکە دیوەودەر نەبی   (کَوَّة) دیوەودەر گەورەسەر نەبی
(سُلَّم) پەیژەیە (رَف) چی‌یە رەفە   (مَخْزَن)گەنجینە جی‌ی وردە ظەرفە
(رَحْبَة) بەردەرگا (صُفَّة) سەکویە   (صَحْن) حەوشی پان پیویستی تویە
(سَرْداب) ژیرزەوی (دِهْلِیز) دالانە
(مِیزاب) پلوسکی ئاوی سەربانە
(شُرْفَة) بالاجی‌ی خانووی تو یا من   (شُبّاك) پەنجەرەو مەحجەرەی کون‌کون
(فَوْقانی) ژوورەوو (تَحْتانی) ژیروو   (مَعْبَر)و (مَمَر) ریگەی هاتوچوو
(حَرِیم) بو خانوو یا هەرشتی بی   ئەو شوینانەیە پیویستی پی بی
(حَمّام) حەمامە بەمەعنا گەرماو   جیگای خو شوردن بە سابوون‌و ئاو
(مَطْبَخ)چیشت‌خانە (تَنُّور)تەنوورە   ناوەکەی هەموو هەر خشتی سوورە
(مَخْبَز)و(فُرن) جیگەی نان‌کردن   نان ئەبی بەهوی ئیمان دەربردن

پیویستیی خانووبەرە

(اِجّانَة) سەتلی لە جی دامەزراو   لە بو خو شتن یا جل لەسەر ئاو

(قُفْل) هەر قوفلە (مفتاح) کلیلە   (مِغْلاق) داخەرە بە وینەی میلە

(جَنْاب) دەشتیکە لەلای مالایە   (حَصار) دیواری کە بەدەوریایە

(سَقِیفَة) سەکوو کەپری گەرمایە   (صَریفَة) زنجە ، لقی خورمایە

(خَیْمَة) خیوەتە (مُخَیَّم) جیگا   (ریف)شوینی ئاودار لە دەشتو سارا

(مَصیف) هەوارگە بو هاوینانە   (مَشْتیٰ) مەنزلی فەسلی زستانە

(سُکّة) کولانی بەربەرەللابی   (سُدَّة) کولانی ئەولای گیرابی

(طَریق)و (صِراط ، سَبِیل)ریگایە   (شارِع) شەقامی لەناو شارایە

* * *

(حَصیر) حەسیرە (لِبْد) نمەدە   (مُتَّکیٰ) پشتی ، سەرین (مِخَدَّة)

(زُرْبی)و(بِساط) مانای فەرشی پان   (زِلّیّە) قالی بو فەرشی دیوان

(سَجّادة) فەرشی وینەی بەرمالە   نەخشینو رەنگین بە چەند ئەشکالە

(مِلْحَفَة)و (لِحاف) لیفەی شەوانە   بو سەرمای زستان چەشنی قەلغانە

(سِتْر)و(سِتار)و (حِجاب) پەردەیە   بو پشتی دەرگا یا ناو هودەیە

* * *

(مَهْد) بیشکەیە هەروەها (مِهاد)   (شَدَّة) دەسرازە جەمعەکەی(شِداد)

* * *

(نار) یەعنی ئاگر (ماء) بەمەعنا ئاو   (شَرارَة) پزیسکی ئاگری بەتاو

(لَهَب)و (لَهیب) ، (لَظیٰ) بەمەعنا   بلیسەی ئاگر کە زوری هینا

(وَقُود) دانراوە بو سووتەمەنی   لە نەوتو دارو بەردی مەعدەنی

(جَمْرَة) یا (جَذْوَة) پشکویە (قَبَس)
بو دەستەچیلەی داگرساوەو بەس

(دُخان) دووکەلە (فَحْم) خەلووزە   (رَماد) خولەمیش (غُبار) چی تۆزە
(أُثْفِيَّة) چی‌یە بەردی ئاگردان   (أُطْمَة)کوانوو جیگای چیشت لی‌نان
(مِرْجَل) مەنجەلە (قِدْر) چی دیزە
(مِلْعَقَة) کەوچك (مِغْرَف) کەوچیزە

(مِلْقَط) و (مِلْقاط) مەسی‌ی ئاگرە   (مِنْقاش) مەقاشی ئاگر دەرکەرە
(مِطْلَمَة) و (شَوِيك) تیروکی دارە
(ساج)یش هەر ساجە ئاشکراو دیارە

(مِنْخَل) بیژنگە هەروەها (غِرْبال)   (نُخالَة) سووسە ئەروا بە بەتال
(صَحْن) قاپیکی بچووکی مالە   هەم تەختی گویچکەو حەوشی بەتالە
(صَحْفَة) کاسەیی ئەوەندە بگری   نەفسی پینج کەسی پی ئارام بکری
(عُس) کاسەی گەورەی بەرزی پیچکەدار
وەك کاسەی شەکر تاشراو لە دار

(قَصْعَة) کاسەیە مس یا گلینە   (مَشْرَبَة) شەربە (اِبْريق) مەسینە
(سِقايَة) ئاودان (سِقا) جەوەندە   (ساقي) ئاودەرە (شَنّ) یەعنی کوندە
(سَطْل) یەعنی سەتل بو گەل (اَسْطال)ە
(قَدَح)و (كَأس) یەعنی پیالە

(مائِدَة)و (سُفْرَة) خوانی‌چیشت‌و نان
(صيني) سینی‌یە (طَبَق) نانەشان
(زِقّ) یەعنی خیگە (مَسْك) مەشکەیە
(دَنّ)و (خابِيَة)و (راقُود) کووپەیە

(کُوز) مەعنای گـــوزە گـەورەو بچـکولــە
(کُوب) نـــاوی گـــوزەی بیدەس‌و لوولـــە
(عُروَة) دەســـتەبەند (أُنْبُوب) چی لـوولە
(عُرْوَةُ الوُثقـی) دینـــی رەســـــــوولە
(طَشْت)و (طَسْت) هەردوو بەمەعنای تەشتە
(ظَرْف)و (آنِـيَة) و (ماعُون) بـو گشتـە
(صُنْدُوق) سندووقە (قاصّـە) جیی پـارە
(صُرّة) کیســـەی پر مـایـەی هـــەزارە
(جُون) قوتووی عەترە (بُودَقَة) بــوتـــە
بـو تواندنـەوەی مـەعـدەن مەضبووطـە
(قِندِیل) و (نِبْراس ، مِصْباح)چـرایـــە
(فانوس) چرایـــەك شـــەو لەدەستـایـە
(مَنارَة) پیرسوز (کُرْسِي) چرایە هەم بینای بەرزی بانگ‌و صەلایـە
ئاگر هەلگیرسان (إشْعال)و (إیقاد) کوژاندنەوەی (إطْفاء)و (إخْماد)
(مِطْفاة) ئەســـبابی ئاگرکوژاندن دەفعی مەترسی‌ی سووتـان‌و مـردن
(سِكّین)و (شُـــفْرَة) بو کیردو چـەقـو
(مِبْرَد) قەلـەمبر پیویســـــــتە بـو تـو
(مِقْراض) و (مِقَصّ) بو قوماش بـریــن
(مِبْضَعَة) بو گوشـت یـا ئانـــــــن برین
(فَسان) هـەسـانە بـــەردی کانی بـــاش
وەکـو هـەسـانی دیی (دەری)و (نشکاش)

هی یەکەم ســــەوزەو هی دووهــــەم سووره

هەســانی ئــەم دوو دی‌یە مەشـــــــــهووره

(زاد)یەعنی تویشوو هاوری‌ی سەفەره (مَزادَة)یش ناوه بو تویشــەبەره

(راوِیَة) حەیـوانی ئاوی پی‌بینی (دِلاء) ئەو پەتەی پی‌ی دەرئەهینی

(سِجال)و (دَلْو) بو دولچەی ئاوه (اَلحَرْبُ سِجال) لەم وەرگیراوه

(مِحْلَب) بو کاسەی شیر دوشەکانە (مِصْــفاة) شیر پالوك باشی بزانــە

(تَصْفِیَة) مەعنای ساف‌کردنی ئاو (تَقْطِیر) بە تك‌تك وەرئەگری لەناو

(اِنْبِیق) ئـالـەتی تەقطیری ئـاوە لـەلای دوکتوران بــە زوری بـاوە

(مِهْفَّة، مِرْواح، مِرْوَحَة)هەروا مەعنای باوەشین بو ساردی‌ی هــەوا

(مِکْنَسَة)گسکە (مِکْسَحَة)هەروا (رَشّاش) ئاوپرژین لەگەرمی‌ی هەوا

(مِنْدَف) کەوان‌و چەکەی هەلاجە (مَحْلَج) کارخانەی شوینی ئینتاجە

(عِرْناس) ئاسنی دووکلەی دەزووە بو لوکـــەرستن پیویســـت بووە

(مِکَبّ) بەکرەیە (کُبَّة) گلەدەزوو هەروا ئەوتری بو گولـولــەی موو

(غَزْل) رستنە (خِیاط) ریسمانە (مِغْزَل) بو تەشی تەشی‌ی ریسمانە

(صَفّارَة) نووکی تەشی‌یەکەیانــە هـــەم بو قولاپـــی ماســی‌گرانە

(مِخْیَط)و (اِبْرَة)و (خِیاط) هەم دەرزی

(خَرْت)و (سَمّ) کونی ســــووزن‌و دەرزی

(جَمَل) وشترەو شریتی کــەشتی مەحکەمی ئەکەی لە دوو تەنشـــتی

(یَلِجُ الجَمَل فی سَمِّ الخِیاط) لەسەر ئــەم مەعنـا روشــنە لەلات

پیویستی‌یەکانی دارتاشی

ئـەوەی پیویستی پیـاوی نـەجـارە   (مِبْرَد) برِبەندە (مِنْشار) مشارە

(طَبْر) تەوەرزین (حِصْن)و (قَلْم)و (فاس)   بـەمـەعنـا تـەورن بـیزانـە بـە خـاس

(قَدُوم)و(مِنْحَت)تەشوی‌ی دارتاشە   (بَرّال) مەتـەیـە دارسمی باشـە

(كَلاّبَة) گازە (مِسْمار) بزمـارە   (مِسْواة) رەندەیـە گەلی بەكـارە

(فَرْجار) پەرگارە ئاسنی دووپارە   یەكی ناجـوولی‌و یـەكی دەووارە

(حَدّاد)و (قَيْن) یەعنی ئاسنگەر   لە ئەسبابی ئـەو بـە بـاخـەبـەر

(كير) یەعنی‌كوورە (مِنْفَخَة) دەمە   (فَطِيس) یەعنی پیك بو خاترجەمە

(مِعْوَل) نویلە (ضَبَّة) چی پینە   (بَرْميل) كووپەی قیر خوی ئاسنینە

* * *

لەبو كەوش دروو چەند شت پیویستە   گوی بگرە لە من پیت‌ئەلیم ئیستە

(جِلْد) یەعنی پیست (صَرْم) چەرمی حـور   (إزميل)و (شَفْرَة)و (مِحْذى) چـەرم‌بر

(شِراك) قەیتانی سەربەندی كەوشە   (دَبّاغ) دەباغە (مِسْرَد) درەوشە

(غِرا ، سَرِيشِم،حِلْتيت) جەوی‌یە   (دَبِق) سریشە لە گیای كیوی‌یـە

پیویستی‌یەكانی فـەلاح

ئەوەی بو جووتیار پیویسـتە ببی   بوت بەیان ئەكـەم با ئـاگـات لی‌بی

(فِدان) گاجووتە (مِقْرَن) نیلەكەی   (مَرّ) بەمەعنا پاچ(مِسْحاة)بیلەكەی

(مِمْسَحَة)و (مِسْواة) بو ریكی‌ی زەوی   تـا یـەكسـان ئـەبی بـەرز لـەگـەل نـەوی

(کَرُب) کپلانە (سَقْی) ئاودانــە (مِضَخَّة) لــەبو ئــاو فــڕەدانــە
(حَصاد) درەوە • گیرە (دِیاسَة) (مِنْسَفَة) شەنە (مِنْجَل) بو داسە
(بَیْدَر)و (جَرِین) شوینی خەرمانە چ بو گـــەنمو جو چ میـوەکـانـە
(حَبّ) یەعنی دەنکە(تِبْن) یەعنی کا (نَقِیّ) پاك کراو کـە بە بـا درا
(غَرار) خەرارە (عِدْل) تابـارە (حَمْل) هەلگرتن (حِمْل) بو بارە

ئەسبابی ولاخو ولاخداری

ئەوەی پیویستە بـو ولاخـــداری یا بو بارەبەر بوت ئـەکەم دیـــاری
(جِلّ) جل (سَرْج) زین • بلی (قَرَبُوس)
بـەرزی لە زینـــا بـەکـوردی کـــەلپووس
(لِجام) لەغـاوە (زِمام) هەوسارە (عِنان) دەستەجلەو بە دەستی سوارە
(شکیمَة) ئاسنی نـاودەمی ولاغ (رِکاب) ئاوزەنگی لە ئاسنی ســاغ
(فُرْجَة) قاشاوە (عَلاة) میخسندان (حَقِیبَة) پاشـکو لەبو سوارەکان
(بَرْزَعَة) کورتان (حِزام) بو تەنگە (ثَغر) پالووە (جَرَس) چی زەنگە
(عَلِیقَة) تووەکە(مِعْلَف) ئاخورە (قَضِیم) ئالیکە جوی ساغی حوزە
(رَحْل) بارخانە (هَوْدَج) کەژاوە (سِتار) ئەو پەردەی پیایا کیشراوە

ئاوەدانیو مامەلەو ئالوویل

(قَرْیَة) یەعنی دی (قَصَـــبة) نیمچە شـــار
(مِصْر)و (مَدِینَة)و (بَلَد ، کُورَة) شار
(سُور ، رَبَض ، حَصار) هەر سی حەســـارە
(دُکّـان) دووکانــە (سُـــوق) چی بـازارە
(بائِع) فروشیار (مُشْتَری) کریار (نَقْد رائِج) دراوی ناو شـــار

(تاجِر) کەسێکە جوملە فروشە   (بَزّاز) بـو پارچە گەزی لە کوشە

(عَیْن) ئەوشتەیە لە بەرچاوایـە   (دَیْن) قەرزە یەعنی لە ئەستودایە

(حالّ) ئەو تولەیە کە وەعدەی نەبی   (مُؤَجَّل) ئەوەی لەسەر وەعدە بی

(رِبْح) قازانجە (خَسْر) زیانـە   (رِبا) یەعنی سوود بو بی‌ئیمانـە

(غَبْن) زیـانـە لە مالی دنیـا   (غَبَن) بـە دووسەر لە بیرو رایا

(سُوم) مامەلەیە بەکوردی سەودا   (بَیْع) فروشتنە ، هەروەها (شِراء)

(اِشتِراء) کرّین (قَبْض) وەرگرتن   (اِقباض) بەمەعنا مال تەسلیم کردن

(سَلَم)و (سَلَف) سەلەم‌دادانـە   تولەکەی ئەدری‌و مەقصەد پەنهـانـە

(بَیْع) بو مالیـکە عەینی ببینری   تولەکەی هەرچون تەسـلیم بـکری

(صَحیح) دروستە (فاسِد) نارەوا   ئادابی شەرعی پیك‌نەیـەت لـەوا

(فَسْخ)و (اِقالَة) مەعنای تیکدانە   (نادِم) کەسیکە کـە پەشـیمانـە

(اِجارَة) مەعنـای دانـە بەکـری   (اَجیر)کریکار (اُجْرَة) بوکری

(مُسْتَأْجِر) ئەوەی بەکری ئەگری   (عارِیَة) مالیکە بە خواستن ئەبری

هـەروا (مُسْـتَعار) بـەلام (مُسْتَعیر)

مەعنای مـال‌خـوازە • خاوەن‌مـال (مُعیر)

(رَهْن) گرەوە قەرزار دای‌ئەنی   (مُرْتَهِن) کەسی رەهن وەرئەگری

(غاصِب) بەمەعنا مـال داگیرکەرە   لـە دین‌و دنیـا خـاوەن زەرەرە

(مِعْیار) ئایەرە (کَیْل)و (میزان)ە   دووهەم بو کیشان ، یەك بو پیوانـە

(زَرْع) بەمەعنا گەز هەروەها پیوان   (قُماش)چی پارچەگران یا هەرزان

(حَـرِیـر) ئاوریشـم (کَتّان) کـەتـانـە

(قُطْـن) لوکە (صُوف) خـوری‌ی حـەیوانـە

(اَلعِهْنُ المَنْفُوش) خـــوریی شی کـــراو

(فِراشٌ مَبْثُوث) پـەپـوولـەی بــلاو

(مَقْهیٰ) چاخانه (شارِع) شەقامە (مَلْهیٰ)جیی کەیفو ئاهەنگی عامە

(صَـیْدَلي) نـاوە بو دەرمـانفـروش

(مُسْتَوْصَف) شـوینی دەرمان بو نەخوش

(مُسْتَشْفی) ناوە بو نەخوشخانە شـوینی نووسـتنی نەخوشەکانە

ساغیو نەخوشیو دەردودار

(صِحَّة) ســاغییە (مَرَض) نـەخـوشـی

(جُنُون) شـیتییـە (اِغْمـاء) بیهـوشی

(طاعُون) تاعوونـە هەروەها (وَبٰا) ئەویان برینە ، ئـەم دەردو بـەلا

(داء)و (عِلَّة) دەرد (دَواء) دەرمانە (ضَمٰاد) موشەممای سەر برینانـە

(مَعْتوه) ئافەتبار (مَدْهُوش) سـەرسـامە

(حَیْران)سەرگـەردان (بَلیـد) نـەفـامـە

(کٰابُوس) شەوەیە ئینسان دائەگری وائـەکـا لـە پیـاو نزیکە بمری

(مُتَمَرِّد)و (مَرِید) نافەرمـان (عِفْریت) یەعنی دیو لە جنوکەکان

(صَرْع) پەرکەمە (سُکْر) ســەرخوشـی

هوشی خوت بوی مـەی قــەت نـانـوشـی

(اَلَم) ئازارە (وجَع) بو ئیشـە (صُداع) سەرئیشە (رَمَد) چاوئیشە

(کُبٰاد) بەمەعنـا ئیشی جـگەرە (فُوآد) دەردی دل مایەی خەتەرە

(مَخٰاض) ژانەسك کاتی منالبوون (اِجْهاض) بەرخستن منال زایەبوون

(مَغَص) سكئیشە (وَرَم) ئاوسانە (شَلَل) شەلبوونی ئەعزای ئینسانە

(مَبْطون) ئەوكەسەی دەردی سك ئەگری
شەهیدە ئەوەی بەم دەردە بمری

(حِكَّة) ئالوشە (جَرَب) گەرولی   (بَرَص) بەلەكی (جُذام) چی گولی
(نَفْط) بلوقە (جُدَرِی) ئاولەیە   (حَمْرَة) سووریژە بو كورپەلەیە
(سُعال) كوكەیە ئازاری لەشە   (سُعال الدِّیك)یش بو كوكەرەشە
(حُمّی) یەعنی تا (مَحْمُوم) تادارە   (مَرْبُوع) ئینسانی سی‌بەرودارە
(حُمّی مُطْبِقَة) گرانەتایە   (رِبْعَة) سیبەرو مایەی جەفایە

(رَعْشَه ، اِرْتِعاش ، رَجْفَة ، اِرْتِجاف)
مەعنای لەرزینە بی دروو خیلاف

(ذاتُ الجَنْب) چی‌یە نەخوشی‌ی پالوو
(ذاتُ الرِئَة) چی ، نەخوشی‌ی سی بوو

(سِلّ) نەخوشی‌یی وا لەناو سی‌دا   بە جوانی ئەروا نەك لە پیری‌دا
(فَقْر الدَّم) دەردی لاوازی‌ی خوینە   (دِقّ) باریكەیەو ئینسان مرینە
(قُولَنج) كولنجە هەستانی دەمار   ئەبی بە مایەی ناساغی‌و ئازار

(قَبْض)و (اِنْقِباض) مەعدە بەسراوی
(اِسهال) رەوانی ، هەر لە سەراوی

(باسُور) بەمەعنا مایەسیری‌یە   هیرشی زورتر كاتی پیری‌یە
(نَبْض) بەمەعنا جوولەی دەمارە   دەمار كە وەستا مردن دیارە
(طَبیب) دوكتوری هەموو دەردانە   (جَرّاح) هەر بو زام باشی بزانە
(مُضَمِّد) ئەوەی برین ئەبەسی   حال‌و ئەحوالی نەخوش ئەپرسی
مەعنای (دَقّ القَلب) لیدانی دلە   راوەستانی دل ئاخر مەنزلە

(نَزْع)و (اِحْتِضار) یەعنی گیـان کیشـــــان
دوایی هـــاتنی قـونـــاغی ژیـــــــــان
(وَفاة)و(زُهُوق) دەرچوونی گیانە جا یا بو دوزەخ یـا بـو جینانــە

★ ★ ★

(تَمْدید) راکیشان بو ئەعزای مردوو سـوونەتە کاتی کە گیانی دەرچوو
(غُسْل) شورینە فەرزە بـە ئـایین لەبو حورمەتی شەخصی خـاوەن دین
(تَحْنیط) بەمەعنا (حَنُوط) لیدانـە بو پاراســتنی لەشی‌ئینســـانـــە
یەعنی دەرمانیـان داوە لـــە مردوو تا خاك نەرزینی لـەشی زووبـەزوو
(تکفین) بەمەعنا خستنە نـاو کفن لەشی دائەگری لـە سەر هەتـا بن
(نَعْش)و (جَنازە) مردووی تابووتە (تابووت) بەمەعنا صندووقی رووتـە
(قَبْر) چالیکە مردووی تی‌ئەخری (اَلْحَد) قەبریکە لادر هەلبـدری
(ضَریح)و (قَبْر) بەمەعنای گورە (قُبَّە) گومـەزە نـاوی مەگـورە
(شَهید) کوژراوی جەنگی کافران بی‌کفن‌و شورین بییە سـەرقەبـران
(نَعْي) دەنگ‌دانە بە مەرگی مردوو هەتا خەلکی بین بو دەفنی زور زوو
(بُکاء) گریانە (صُراخ) هاوارە (اَنین) نالەیـــە ، هی دەردەدارە
(اَثْکَل)و (ثَکْلاء) ئەو پیاوو ئەم ژن لەوانـەی کـەوا رولـــە مردوو بن
(رِثاء ، مَرْثِیَّة) یەعنی هەلخویندن بـە مردووانـــا لـــە پاشی مـردن
(عَزاء ، تَعْزِیَة) دل خوشی دانە بو خزمو خویشی ئـەو مردووانـــە
تـا ماوەی سـیەروژ ئەمە سـوونەتە لەوەلا بی‌عوزر بەدو بیدعەتـــە
(تَأْبین) ئەوکاتە کە دیاری ئەکری ناوی ئەوصافی مردووی تیا ئـەبری
ئەم ئیشە بەشەرع گوناهـــەو تـاوان خزمەتی بەسوود فەرضە بو پیـاوان
(بَرْزَخ) ناوبەینە بە عورفی ئوممەت بەینی مردنـە هـەتـا قیـامـــەت

یەعنی ئـەم دنیـا وەها نـامینی ئینســان عـالـەمی تـازە ئـەبینی
(بَعْث) بەمەعنا زیندوو بوونـەوە (حَشْر)یش کومەل بوون بو پرسینەوە
(نَشْر) بلاوەی کومەلی ئومـەت بو داخی دوزەخ یا باخی بەهەشـت
(خُلُود) مانەوە لـە هەر مالی بی (بَقَاء) مانـەوە بە هـەر حالی بی
(دُنْیا) ئەم دنیاو (عُقْبی) ئەو دنیا ئەمیان (أُخْری)یە ئەویشیان (أُولی)
(جَنَّـة) بەهەشـتە (جَهَنَّم) دوزەخ
یاخوا لیٚی دوور بین صـەد هەزار فرسـەخ
(سَقَر)و (جَحِیم ، سَعِیر) بەتاون وەکـو (جَهَنَّم) بو دوزەخ نـاون
(فِرْدَوْس)و (خُلْد)و (عَدن) ئـەمـانـە
نـاوی بەهەشـتن بـاشـی بزانـە
ئیسـتا ئامادەو دروسـتکراون بو خـاوەن خیرو شـەر دانـراون
هـەتـا هـەتـایـە نـابـرینـەوە بەندە لـەوانـا جی ئـەکرینـەوە
خودا لامان‌دا لـە دوزەخی زشـت دلمان شاد بکا بـە باخی بەهەشـت
(اَعْراف) جەمعی (عُرْف) مەعنـای بـە لوغـەت
ئـەرزیکی بەرزە ئـەی پر مەعریفـەت
بـەلام لـەعـورفـا وا دانـراوە سـەرحەساریکە دروست کراوە
لەبەین دوزەخو بـاخی بەهەشـتا ئەروانی بەسـەر هەردولا گشـتا
بەشورەت شوینی ئەهلی فەترەتـە بو دوور لە بەهرەی شەرعو بەعثەتە
خوا ئازار نـادا ئینسـانیکیوا پیی نەگەییی ئەحکامی خـودا

خواردنو هەرچی پەیوەندی پی‌یەوە بی

(قُوت) هوی ژیانە لە نانو لـە ئاو بیخویتو بژیت بـەهیـزو بـەتـاو

(طاحُون) و (رَحی) بەمەعنائاشە (طَحْن) هارینە (حَجَر) بەرداشە

(دَقِیق) یەعنی ئـارد (عَجِین) هـەویـرە

(عَجّان) هـەویرشـیل (رَغِیف) کولیـرە

(صَمّون) سـەموونە (خُبْز) جینسی نـان

(دَرْمکە)و (سَمِیذ) نانـی سـپی‌و پـان

(أُدام) پیخورە (جُبْن) پـەنیرە (حلیب)و (لَبَن) بەمەعنا شـیرە

(زَبَد) کەرەیە (سِـمْن)و (دُهْـن) رون

چ لـە گیـانلەبـەر یـا وینـەی زەیتوون

(رائِب ، خاثِر) ماست (شنینه) دویە (عَتِیق) کون (طَرِي)چی تازەو نویە

(أَقِطْ) یەعنـی کەشك (شَیْرَج) سـیریـژە

(حُلْوَة المـذاق) بـەتـامو چـیـژە

(عَذب ، فُرات) ئـاو شـیرینو زولال

(مِلْح أُجاج) ئـاوی سـویرو تـال

(سُکّر) شەکرە (شای) چی چایی‌یە (غَلِیظ)رەنگ‌دارە (خَفِیف) ئاوی‌یە

(سِیجار) جگەرە (غَلْیُون) قلیانە (قَهْوَة)و (بُن) قاوە هی دیوەخانە

(اَفْیون) تریاکە (حَشِیشَة) بەنگە (خَمْر) شەرابە خواردنەوەی نەنگە

(مَرَقَة) شوربا (تُمَّن) پـلاوە (طَعام) خوراکە هەرچون کراوە

(هَرِیسَة) چیشتی گەنمە کوتراوە کە لـە گـەل گوشـتا تیـکەل کراوە

(نَیّیء)گوشتی کال (طَبِیخ) کولاوە (قَدِید)سوورکراو (مَشْوِی)برژاوە

(غُضْرُوف) کرینچك (مُخ) چی‌یه موخه

(سَمِین) قه‌له‌وه چه‌وریکی توخه

(کِرْش) یه‌عنی ورگ (کُراع) سه‌روپی

(شَحْم) یه‌عنی پیو هی هه‌رچی‌یی بی

(اِلْیَة) دووگی مه‌ر (سَنَام) بو وشتر (کَبَاب) که‌بابه به دووگو خوشتر

(تِکَّة) قیمه‌یه په‌ل‌په‌ل کراوه (طَبِیخ) به‌مه‌عنا چیشتی لی‌نراوه

(دَسِم) یه‌عنی چه‌ور (مالِح) چی سویره

(مُرّ) تاله (تافِه) بی‌مه‌زه‌و خیره

(عَسَل) هه‌نگوینه (دِبْس) دوشاوه (حَلْوى) حه‌لوایه (فَقِیع) خوشاوه

(مَنّ) گه‌زو (عصیر) گوشراوی میوه که ئاوی‌تری پی نه‌گه‌یوه

(خَلّ) یه‌عنی سرکه (شَراب) شه‌رابه حه‌رامی‌یه‌که‌ی نه‌صی کیتابه

(حُلْو) شیرینه (حامِض) چی ترشه (مُزّ) ترش‌و شیرین وینه‌ی میخوشه

(شَرْبَة)شه‌ربه‌ته ترش بی یا شیرین یا ترش‌و شیرین وه‌ك (سکَنْجَبین)

گه‌زوی ناوه‌کی شوکه‌ی سه‌رزه‌مین ناوی براوه به (تَرَنْجَبِین)

(نُقُوط)یه‌عنی نوقل ئه‌شکال‌و ئه‌لوان (نِثار) هه‌ل‌ئه‌دری بوسه‌ر منالان

میوه‌و ده‌غل‌ودان‌و دارو دره‌خت

(عَرْصَة) ده‌شتی رووت بی دره‌خت‌و دار

(عَقار) به‌مه‌عنا دارو زه‌وی‌و زار

(زَرْع)و (زَراعة) یه‌عنی تووچاندن (غَرْس)یش به‌مه‌عنا نه‌مام چه‌قاندن

(تَقْلِیم) برینه (تَطْعِیم) پیوه‌نده دار پیوه‌ند کرا زور به‌هره‌مه‌نده

(تَلْقِیح) ئه‌وه‌یه تووی نیر له می بدری له خورما هه‌تا به‌ر بگری

* * *

(حِنْطَة)و (قَمْح) گەنم (شَعِير) یەعنی جـو

(سِمْسِم) کـونجی‌یـە مەعلووم بی لــە تــو

(سُلْت) جورەشەیە (د خْن)هەرزنە (عَدَس) نیسکە• نیسك بی‌سەروبنە

(ذُرَه) زەراتە بە واتەی عامــی چ عارەبیلەو چ گەنمە شــــامی

(رُزّ) یـەعنی برنج (شِــلْب) چەلتووکــە

(مُاش)و (مَجّ) ماشە (حِمَّص) چی نوکـە

(جَنَّة)و (بُسْتان ، رَوْضَــــة ، حَـدِيقة)

بــــاغو بیســـــــتانن بـە رووی حـەقیقـە

(نَبات) چی بروی (نَجْم) بی‌ساقە (شَجَر ، سُاق) دارە جووتە یا تاقە

(غُصْن) یەعنی لق جەمعـەکـەی (اَغْصـان)

(شِمْراخ) وردە لــق بـاریـكو جـــــوان

(وَرَق)گەڵای‌دار(سَعْف) بو خورما ئەمینیتەوە لــەکــاتی ســــەرما

(نَخْل)و(نَخِیل) چی دارە خورمایە (کَرْم) داری میو قازانجیان تیایـە

گەلی دار هەیە بـە ناوی بـەریــان مەشهووری عامن بوت ئەکەم بەیـان

(اِجّاص) هەلووژە (تُفّاح) یانی سیو هـــەندیکی ئالە وینەی کولمو لیـو

(تُوت) توو (تین) هەنجیر (مِشْمِش) قەیسی‌یە

نـەوعیـــکی چـاکی نــاوی شــــــەمسی‌یـە

(رُمّان) هەنارە (عِنَب) تری‌یە (کُمَّثْرى ، اَرْمُود)ناوی هەرمی‌یە

(خُوخ) بەمـەعنـا قوخ (سَــفَرْجَـل) بەیە

(لَـوْز) چی بـادامـە (فُسْــتُق) بستەیە

(جَوْز) بەمەعنا گویز (عَنّاب) عەنابە (زَیْتُون) زەیتوونە (رُطَب) روتابە

(صَبّارة) چی‌یە خورمای هیندی‌یـە (تَمْر) خورمایەو ژمـارەی نی‌یە

(بُسْر) بە تورشی (رُطَب) شیرینی   ئاخـری هـاویـن زوری ئـەبینی
(لیمُون) لیمویە (کَبـاد)و (اَتْرَج)   لـە سینفی لیمون بە وینەی (ترنج)
(کِشْمِش) کشمیشە (زَبیب) میوژە   (بَلُّوط) بەرووە (زَعْرُور) گویژە
(عَذْق) بو هوشـەی‌تری‌و خورمایە   (عُنْقود)بو تری مەخصووص رەوایە
(قِطْف) بـو میوەی کاتی چنینـە   (مِقْطَفَة)و (سَلَّة) یەعنی بەرچینە
(قَوْسَرَة)و (زَمِیلَة) هـەم بو بـەرچینـە
(جَنیٰ) بـو میـوە کـاتی چنینـە
(ناضِج) بو میـوەی گـەیشتووی قـەبـوول
(غَیْر ناضِج) کـال (مُدَوَّد) کرمـول

ناوی گەلیك دارو درەخت

(اَیْك)و (حَرَج)و (غَیْضَة) لەگەل (غـاب)
بـو دارستانە ئـەی عـالی جـەنـاب
(دَوْحَـە) بنی‌دار (صِـنْوان) دولقـی
(غَرْب) داری پەلك (خِلاف) داری‌بـی
(دُلْب)و (صَفْصاف)و (عَرْعَر)و (صِنار)
هـەمـوو ئـەمـانـە نـاون بـو چنـار
(سَرْو) داریکە سـەوزو خوش روخسـار
شـیوەی مەخرووطی لـە بـاغو جوبـار
(صَنَوْبَر) ئەویش داری پەرداخە   رەفیقی سـەروەو زینـەتی باخـە
(صَنْدَل) داریکی بون‌خوشی بەرزە   داری گویز چونە ئەمیش بەوتەرزە

(سَــلَم) دارشـــيلان (وَرْد) داری گول
بـونی ئـەگـاتـه دەمـــاخو نـــاو دل
(کافُور) داریکی خوش رەنگ‌و وینه   بـو بـەرەکـەیشی بـه کاری بینـه
(نَبْـق) داریـــکی بــــەرزی گـــەلا زور
(سِدْر) داری مورد بـون‌خوشی مەشـــهور
(سُــاج) داری ساجه (نَرْجِیل) دار نەرجیل
(عُـود) داری بون‌خوش بـه نـرخ‌و جەلیـل
(قَصَـب) قامیشـه (قضیب)داری تـــــەر
(قَصَبُ السُکَّر) بو نەیجـەی شـــەکەر
(قَتـاد) داریکه درکاویی نـابـار   هەروا (مُغَیْلان) لـه عەرەب دیار
(خَمْط) داریکه بەرزو درك‌دار   (اَثـل) بەمەعنا داری گـەزی چار
دلم مەلوولە بەس‌بی باسی خــــار   بیینـه ســەرباسی گولانی نـازدار

ناوی گول‌و گیای بون‌خوش

(زَهْراء) دارگوله (زَهْر)یەعنی گول   بو گول ئەنالی هەمیشـه بولبـول
(بَنَفْسَج) یەعنی گوله وەنەوشه   (نَرْجِس) نەرگسی مەستی بی‌خەوشه
(سَوْسَن) گولیکه ئەروی بەهاران   لاجیوەردی‌یەو مەحبووبی یـاران
(شَقَائِق) گولی رەنگ ئالی جوان   لـه کوسالانا کیـوی هەورامـــان
(عَنْبَر) گیاییکه ئـەروی له دەریا   ژن بو بونی خوش ئـەیکا بەبەریا
(آنیسُون) گیایی جوانی بون‌خوشه   چەشنی هەزبیلەی کیوی سەردوشـه
(بابُونَج) گیایی گول‌زەردی جوان   بوژانەی نـاوه لای نەوەی کوردان
(خَزامی ، عَرار ، اَذْخَر)سی گیان   بون‌خوشن هەرسی له حیجاز پەیدان

(آس)و (یاسَمِین) دوودارى وەهان   لەبەر بونخوشى مەشهوورى دنیـان
(وَرْد)یش گولبـاغەو (رَیْحان) ریحـــانـه
(باقـة)یش چـەپـکەگول بـــو ناودەســـتانه
(بُرْعُم) خونچەیه بەر لە پشکووتن   (مِبْخَرَة)شوینى بوخوور سووتاندن
(عَبّـاسي) گولى لالـه عەباســه   (لَبْلاب) لاولاوە بـاشى بناســـه

هەندى لەو نەباتاتەى کە ئینسانو حەیوان ئەیانخون

(نَبات)و (کَلاء) هەموو جورە گیا   (اَبّ)گیای لەوەرە کە حەیوان ئەیخوا
(عُشْب) گیـاى وشك (هَشـيِم) تیـكشـکاو
(خَصیب) ئەرزى تـەر بـە ســـەوزىو بە ئاو
(خَسَنْ) چى کاهووە (اَصَفْ) کـــەوەرە
(کُرْفُس) کـەرەوز (جَت) چى شـــەوەرە
(یَقْطین)و (قَرْع)و (شَجَر) کـوولـەکە
(بـاجِلّه) پـاقـله ، لـه بیرى مـەکـــــه
(فِجْل) یەعنى توور (فُوم) لوبیایە   (شَلْغَم) شیلمە قـازانجى تیـایـە
(ثُوم) سیرو (بَصَل) پیازى خومانه   (عُنْصُل) بەمەعنا پیـازە خووگانـه
(قِثّاء) تروزى (خِیار) خەیـارە   (بامِیا)و (طَماطِم) ناویان دیارە
(ذِبْسى) شووتىیەو (بِطّیخ) کالەکە   (نَعْناع) پوونگەیە ، لەبیریان مەکە
زورن ئەنواعى گژوگیـاى کیـــوى   بەگویرەى ولات ئـەگورى نیـــوى
(شَیْح) هەلەکوکو پیشـوکو پیچك   (کَعُوب)کنگرەو(کَمْأَة)چى قارچك

* * *

(جَدْب) سالى وشك لـه بىبارانى   (غِـلاء) گرانى (رُخْص) هەرزانى

(قَحْط) نەبوونی سـالی نەهاتـە سالی سیاسال پر لـە ئافـاتـە
(جُوع)و (طَوْی)و (غَرْث ، مَخْمَصَة ، سَغَب)
نـاوی برسـیـیـەتین بـە واتـەی عـەرەب
(رَيّ) تیراوی‌یە (شَبَع) چی تیری (تُخْمَة)دەردی‌سك لەبەر زورخوری
(سِعْر) یەعنی نرخ (مُسَعِّر) خوایە بوونو نەبوون گشت لەدەس ئەوایە

حـەیوانـات

(نَعَم) وشترو گاو بزنو مـەرە لە هەر شوینی بن هەر خیرو فـەرە
(اِبِل) وشترە نیر بی یاخـود می (جَمَل) بو نیرەو (ناقَة) لەبو می
(ثَوْر)چی‌گاجووتە (ثَوْرَة) بو مانگا (بَقَر) بو جینسە لـە نیرو لە مـا
(بَقَرَة) بو تاك ، بو مانگایش ئەبی هەروەها(جامُوس)با گویت لە من بی
(مَعْز)و (ماعِز) بزن (شاة)و(ضَأْن) مەر
(نَعْج)و (نَعْجَة) چی نیرو می‌ی کـاور
(اَقْرَن)و (قَرْناء) شاخدار نیرو می (اَجَمّ)و (جَمّاء) بو بی‌شاخ ئەبی
(تَيْس) چی سابرینە حەچەی بزنانە (كَبْش) بەرانـە نیرەی مەرانـە
(عَلْبَط) گەلەمەر (قَطِيع) بو رانە (مرتَع)و (مَرْعىٰ) لەوەرگەیانە
(مَعْلُوفَة) لە مال لەوەری ئەدری (سائِمَة) لەبو دەرەوە ئـەبـری
(فَرَس) بو ئەسپو ماین ئەوتری (حِصان) لەبو نیر (حَجَر) لەبو می
(اَصِیل) رەسـەنـە بـە داكو بـە بـاب
(هَجِين) هەر بە داك (بَرْذُون) هەر بە بـاب
(كُمَيْت) یانی کویت (مُصْمِت) یەكرەنـگە
(اَبْلَق) بـەلـەكـە (اَدْهَم) رەش‌وەنـگە

(شَمُوس) چەمووشە (جَمُوح) سەرکێشە
(ذَلُول) یەعنی رام زەحمەت مەکێشە !
(خَصِيّ)و (مَوْجُوء) مەعنای خەساوە
لەبو قوربانی باشەو تەواوە
(فَحْل) بو نێرە لە هەر نەوعێ بێ   زورتر بو ئەسپو وشتر ئەوترێ
(بِنْتُ مَخَاض) مێی وشتری یەکسالە
(بِنْتُ لَبُون) مێی وشتری دووسالە
(حِقَّة) سێ سالە (جِذْعَة) چوار سالە   (ثَنِيَّة) وشتری عومری پێنج سالە
(جَذْعَة) لە مەڕاکاورە مێی یەک سال   (مُسِنَّة) مەعنای نیونی دوو سال
(ثَنِيَّة)ی بزن چێیری دوو سال   (تَبِيعَة) مێچکەی پارگوێری یەک سال
بو کوزە وشتر (قِرْمِل) ئەوترێ   (عِجْل)گوێلکەنێر (عِجْلَة)لەبو مێ
(مُهْر) جوانوو ئەسپ (حَمَل) بو بەرخە
هەروەها (سَخْل)و (طَلِيّ) بەونرخە
(عِنَاق)و (جَدِي) یەعنی کارژەلە   (عَتُود) بو گیسکی یەکسالەی زلە
ئەمانە هەموو گوشتیان حەلالە   خوشتریان گوشتی بەرخی یەکسالە
(بَغْل) هێسترە (حِمَار) یەعنی کەر
(جَحْش) یەعنی جاش (حِمَارە) ماکەر
سوودی ئەمانە بارەو سوارێ   گوشتیان ناخورێ مەعلوومەو دیارێ
(خُفّ) ناوە لەبو پێی فیلو وشتر
(ظِلْف) پێی دووسم لە گاو بزنو مەڕ
(حافِر) بو یەکسم لە ئەسپو ماین   بەکار ئەهێنرێ لێت ببێ عاین
(صُوف) خورێ (وَبَر) تووکی وشتران
(شَعْر) مووەو (ریش) پەڕی بالداران

(مَعْطَن)و (مَراح) مولگەی وشترە   (مَرْبَض) بو مولگەی بزن یا مەرە

(زَرِيبة)و (حَظِيرة) پەچەی بزن‌و مەر

(اِصْطَبْل) شوێنی ئەسپ‌و هیسرو کەر

(بَعْرَة) پشقلە (رَوْث)یش شیاکە   لیت کەوت بە تەری زوو ئاوی پیاکە

(بَقَر ، بَقَرَة ، شاة)و (مَعْز)و(ضَأْن)

هەروا ئەوترین بو کیوی‌یەکان

(مَهى) ئیسمی جینس بو گاکیوی‌یە   (مَهاة) بو یەکی بزانە چی‌یە

(اَرْوى) بلی بو بەرانی کیوی   (اَرْوِيَّة) می‌کەی(ثَعْلَب) بو ریوی

(وَعْل)و (اِيل) چی ناوی سابرینە   بو مەرو بزنی کیوی بخوینە

(رِيم)و (اَعْفَر)و (ظَبْي) هەم (غَزال)

ناون بو ئاسك ئەی خاوەن کەمال

(اِرْنَب) کەرویشکە (ضَبْع) کەمتیار

(سَنْجاب)سمورە ئەرواتە سەر دار

(وَبْر) چالەکە (دُلْدُل) سووچەرە   سیخی تەنیشتی لەجیاتی‌ی پەرە

(داجِن) چینەکەر جەمعی (دواجِن)

شەخصی سەرسەری‌یش پی‌ی ئەلین (ماجِن)

(مُسَمَّن) لەگەل (رُبَّى)و (اَكُولة)   قەلەوکراوەو چەورەو خریلە

(ذَبِيحَة)کوشتی (ضَحِيَّة) قوربانی   هەروا (اُضْحِيَة) ئەبی بیزانی

(هَدْى) حەیوانیك بەدیاری ببری   بو مالی خوداو لەوی سەربری

(عَقِيقة) حەوتم‌ەمنال حەوتەی چوو   سەری بتاشەو ناوی بنی زوو

بە سەنگی تووکی سەری لەپارە   بدە بە هەژار خیری هەزارە

حەیوانی حەوتم سەربرە ئەمجار   بیکە بە چیشت‌و بیدە بە هەژار

(دُجاج) مریشکە (دیك) کەلەشیرە   بەراوردکراو وەك کات‌ژمیرە

(قَلَمُون) عــەلیشیش (بَــطّ) مراوی‌یــە

(اَوْز)و (وَزّ) قــازە تــەیــری ئــاوی‌یــە

(حَمٰام) کوتــرە ئەصــنافی زورە — سپی‌و رەش‌و شــین بەلەکو بــورە

(وَرْقاء) کوتریکە رەنگەکەی سەوزە — (وَرْشٰان) رەنگەکەی لیل‌و پر توزە

(فاخِتە) نــاوی کوتــرە بــاریــکە — مــار وزە نــاکــا تــا ئــەو نزیــکە

(قُمْری) کوتریکە خاوەن لەنجەولار — وا لەگەردنیا تەوقی عەشــقی یــار !

(حَجَل)و (قَبَج) کەو (حَجَلَة) ماکــەوە

(دُرّاج) چی پــورە ، گوشــــــتی پتــەوە

(فَرْخ) جووجەلە نەوعی بالدارە — (سُلَف) تایبەتی نــاوی کەوبــارە

(عُصْفور)چولەکە(زُرْزُور)ریشولە — (کَرَیٰ) کەرەوالە لە دەشتی چولە

(غُرابُ الزّرْع) قەلیکی رەشــە — گوشتی ئەخوری‌و بچووکە لەشــە

(قَلَوْلاء ، کرْکي) قازو قولنگن — بەئاسمانەوە خــەریك ئاهــەنگن

(عَنْدلَیب، کُعَیْت، هُزار) بولبولە — ئــاواتــەخوازی دیــداری گولــە

(حَسُّونە) جوریك چولەکەی جوانە — خال‌خال‌و شیرین بە چەند ئەلوانــە

(زُعَرَة) ناوی چولەکەیەك جوان — (یَمٰام) کوتری وەحشی لە کیوان

(عِرْناس) ئەوتری بو پەلــەوەری — لەشی گەورەیە بــە قــەد کوتــری

(سُمٰان)و (سَلْوَیٰ) یەعنی شەلاقە — ئەوەند قەلــەوە هــەر بەزی ساقــە

(عَیْلامی) یەعنی تەیری عەینەمەل — بو کولە ئەبی بە مایەی ئــەجــەل

(حُبٰاری) تەیری بی‌هوش‌و حولە — لــە قاز زلترەو مــەیلی لــە چولــە

(غَرّة) تەیریکە رەش‌و ئــاوی‌یــە — شیوەی زور نزیك بــە مــراوی‌یــە

(قِرِلّیٰ) تەیری ئەشوبهی بە قاز — (قاق) ماسی‌گرەو لی‌ی نابی دەربــاز

(اَنِیس) تەیریکی ئاوی‌و قول دریژ — (نُعٰامَة) وشتر مورغی گیژو ویژ

(سقا) سەقاقوش بە زمانی تورکی (رَهْوَة)تەیریکە لە چەشنی(کُرکي)
(حَسّاسة) ناوە بو ماسی گرە (قُبَّرة) بلی بو دار کون کەرە
ئەمانە هەموو گوشتیان ئەخوری بویە هەمیشە راویان ئەکری
(جَلاّلَة) تەیری کە پیسی ئەخوا دای بەستە هەتا ماوەیەك ئەروا
تا پاك بیتەوە گوشتی بو خواردن ئەوجا جا چەقوی بنی لە گەردن

* * *

(مِنْقار) دەنووکە (عُرْفِیَّة الدّیك) پەری ملیەتی ئەی برای نزیك
(حَوْصَلَة) ناوە لەبو جیکلدان (عُرْف) پوپەیە (مِخلَب) چنگەکان
(بَیْضه) هیلکە (فَرْخ) بەچکە (ریش) پەر
(خافیة) پەنهانی (قادِمَة) روو لە دەر
(جَناح) بال (وَکْر)و (عُشّ)چی هیلانە
چ لە مالدا بی و چ لەو کیوانە
(سَمَك) ماسیو گشت حەیوانی ئاوی (حُوت)یش بەکوردی نەهەنگە ئاوی
(جَراد) کولەیە (بَیْظ) بو گەرایە وەك گەرای کولەو ماسیی دەریایە

* * *

(نَحْل) یەعنی هەنگ (نَحْلَة) یەك هەنگە
(یَعْسوب) هەنگی نیر بە شیوەو رەنگە
(کوْرَة)و (کُوارَة) مەعنای هەنگدانە
(نَخاریب النَحل) جیی هەنگوینیانە
(عَمْرَة النَحْل) هەم شوینی هەنگە
(عُسالَة)مەعنای هەنگوینی رەنگە

(عَسَل) هەنگوینە (مُصَفّی) مە عنا   هەنگوینی سـافە لـەذەتی گیـــانە

★ ★ ★

(صَیْد) چی نەچیرە (اصْطِیاد) راوە   (صَیّاد) راوچییـە (حِبْالَة) داوە
هەروا (شَبَکَة) لـــە کیو دائەنری   بو راوی ماسی‌یش بەکـــار ئەهینری
(فَخ) یەعنی فاقـە تەلەی دانراو   گیان‌دار بو دانــە ئەکەویتـــە داو

★ ★ ★

(ذَبْح) سەربرین وەهای سەربری   کە حەلقەی قورگ‌و سووریچکەی‌ببری
(مُحَدَّد)_تیغـــی تیژی برنـــدە   سەربرین بەمـــە بە دین پەسـەندە
هەروەها بە هـــەر تیژیکی سەربر   غەیری نینوك‌و ددانـــی گازگـــر
بەلی نەچیری راکاو پی‌ی نەگـــەی   رەوایە بە تیغ هەر کوی پەی بکەی
(جلْد)و (اِهاب) پیست (سَلْخ) گورووتـــە
(نَسْلَخُ مِنْه) هـــات بـــەم نموونـــە

★ ★ ★

حەرامـە گوشتی حەیوانی تاســـاو   یا قوچ لی‌دراو یا مل هـــەلکنـراو
یاخود بـــە بەردو کوتـەك بیکوژی   نابی لە گوشـــتی وەهـــا بچەژی
(مُتَرَدّی)یە کـــەوتبیتە خـــوار   (مَیْتَة)و (جیفَة) بە مەعنای مردار
(نَطیحَة) مەعنـــای قوچ لی‌دراوە   (مُنْخَنِقَة) چی ئـەوەی تاســـاوە
(مَوْقُوذَة) ئەوەی بدەی لە سەری   گوشـــتی ئەمانـــە لی‌ی بە بـــەری
(مُکَلِّب) سـەگی کە تەعلیم بدری   نەچیری ئەمەش رەوایـــە بخوری
(لَعْقُ الدَّم) مەعنای چلپانی خوینە   (وُلُوغ) بەمەعنا ددم تی‌هاوینـــە
بەمانە فـــەرزە ئەوشـــتە نەخوری   هەتا بە ســـاغی گلاوی ئـــەکری

(تَناوُل) مەعنای لە شت خواردنە   (لَحْس) لستنەوەی قاپی خواردنە
لە پاکو لە پیس فەرزە پرسیار   لەسەر ئینسانی بەدینی هوشیار

* * *

ئەو گیاندارانەی گوشتیان حەرامە   بوت بەیان ئەکەم بزانە کامە
(خِنْزِیر) بەرازە (اَرَت) نیرەیە   (کَلْب) جینسی سەگ(کَلْبە) دێلەیە
(سَلُوقِی) تانجی بو راو بەکارە   (عَقُور) هەین گر وەك سەگی هارە
(قِطّ)و (سِنَّوْر)و (هِرَّة)و(بَزُّونَە)
یەعنی پشیلە ، بو مال مەئدوونە
(فَهْد) بەمەعنا یوز دڕندەو بەچنگ   لەشی باریکتر لە لەشی پلنگ
بەلی لە پلنگ دریژتر ئەبی   بو راو بەکارە تەمی وەرئەگری
(قِرْد) مەیموونە تەمی وەرگرە   لە گەلی حەیوان بەخزمەتترە
(فِیل) فیلەو (بَبْر) بەمەعنا بەورە   (دُبّ) ناوی ورچە بەد خولكو تەورە
(لَیْث)و (اَسَد)و (ضَیْغَم)و(ضَرْغام)
(هِرْماس)یەعنی شیر بە صوورەتی عام
(لَبْوَة) دەلەشیر (نَمْر) پلنگە   (کَرْکَدَن)چی یە هەر کەرکەدەنگە
(ذِئْب)و (سَرْحان)و (سِید) ناوی گورگە
زیانە خرویەو توبەی بە مەرگە
(اِبْنُ آوی) چی ناوە بو چەقەل   زیانە خروی پیس بەدشیوەو دەغەل
(اِبْنُ عِرْس) ئەویش لە چەقەل کزتر
بە لەش دریژە گوی کورتو سەر خر
(دَلَق) دەلەکە رەنگی زەردبام   بە قەد پشیلە ئەبی بە ئەندام

سكو مل سپی بەشیوە جوانە   پیستەکەی بو کەول نرخی گرانە

(کَلْبُ المَاء) ناوی بەکوردی سەگلاو   بەشیوەی سەگە میملە بە ئاو

کلکی دریژە پەلو گوی کورتە   رەنگی سووریکی ئالو ناپوختە

(سَمّور) حەیوانی رەنگ‌سووری رەش‌بام

کزتر لە چەقەل بە لەشو ئەندام

پیستی بو فەروە نرخی گرانە   سموورە نییە باشی بزانە

لەمحەیوانانە هەر سەگو بەراز   پیسە بە حوکمی شەرعی سەرفەراز

پیس بووی بەمانە پاك ئەبی تەواو   بە شەش ئاوی روون جاریك بە لیلاو

(سِمْع) بەچکەگورگ (شِبْل) بەچکەشیر

(جَرْو) تووتکەسەگ رای مەگرە بی‌خیر

(شاهین)و (بازی) بازی نازدارە   (نَسْر) سیسارگە (حِدَأة) کولارە

(عُقاب) واشەیە (صَقْر) هەلویە   هەروەها (سُنْقُر) لە کەژو کویە

(غُداف) بەمەعنا دالە کەرخورە   بە رەنگ توزاوی بەلەكو بورە

(غُراب) قەلەرەش (قَعْقَع) قەشقەرە   خیرە کوشتنیان ، بوونیان زەرەرە

(لَقْلَق) لەقلەقە زلیکی نابار   هەر ئەوەی باشە دوژمنە بو مار

(بوم) کوندەبەبوو ئەصنافی زورە   پشیلە سەرو بەلەكو بورە

(هُدْهُد) بەمەعنا پەپو سلیمانە   باسی نامەکەی لەناو قورئانە

(طاوس) تاوسە لەخوی حەیرانە   هەردوو پیی نەبی گشت گیانی جوانە

(بَبَغاء) تووتی تەمی وەرئەگری   بە تەعلیم فیری چەند قسە ئەکری

(خَطّاف) ناویکە بو پەرەسیلکە   (خُفّاش) شەمشەمە دوورە لە هیلکە

(صَفّ) بال راگرتن (دَفّ) بو بال لیدان

(نَقْر) ئەوتری بو دەنووك لیدان

ئەم بالدارانـــە گوشتیان حەرامـــە   خواردنیان عەکسی حوکمی ئیسلامە

★ ★ ★

هـەر پـەلەوەری چنـگ لارو تیژە   دەنووك قولاپی‌و هـارو خوین ریژە

هەر دروندەیي کـە کـــەلبەی تیژە   گوشتیان حەرامـــە خوینیان مەریژە

(حِرِّیش) مــاری زل (حَرِیش) هــەزارپی

(حِرذَون) قومقومـــە هــــەر بەشـــیکی بی

(حَیَّة) جینسی مار (ثُعبان) ماری زل   (حَیَّة رَقْطاء) کەوەماری شـل

(عَقْرَب) دووپشکە (جَرّارَة) بەشی   کلکی بە ئەرزا خـــەتیك ئـەکیشی

(اِبْرَة) چزەکەی (حِمَّة) ژاریەتی   ریحانـەی پیشاو یەکـــەم چاریەتی

یا سەری قوولی هیلکـــە بەکـــالی   رابگرە لەســــەر جی‌ی چزی ئـالی

ژاری ئەکیشی‌و ئیتـر ئەو هیلکـــە   ئەبی بـــە ژاری خاوەن تەهنوکـە

(بُرغُوث) یـــەعنی کیچ (قَمْل) ئەســـپی‌یە

(طَبْوع)چنگنـــەیە زور چەســـپی جی‌یـــە

(زَنْبُور) ناوی عام بو زەردەوالـە   چ شـەنگەســـوورە چ وردەوالـە

(ذُباب) یەعنی میش (یُراع) بەشی‌وا   بەهـوی ویزەویـز دلت تیـك‌ئـەدا

(السّامُ الابْرَص) یەعنی قومقومـە   ئەوەند بەدشـــکلە تا بلی‌ی کەمـــە

(عَضْرفوت) ناوە لـــەبو مارمیلکـە   (فارَة) ناویـکە بو هەموو مشـــکە

(یَرْبُوع) لـــەگـــەل (جُرْز) چی‌مشکەکویرە

راوی پیـــویســـــتە بـــە زیـــــــان فیـــرە

(خُنْفُساء ، جُعَل) بو قولانچەیە   (عَنْکَبُوت) مەعنای جال‌جالوکەیـە

(فَراش) ئەوتری بو گشت پەپوولە   (نَمْل) بەتیکرا بو گشت میروولـە

(امْعاءُ الارْض) ناوی گل‌خورکـه (حَشَرة) کرمه وەك کرمه سوورکه
(سُلَحْفاة) کیسەل (غَیْلَم) بو زدقه (سَرَطان)قرژانگ (ضَفْدَع)بو بوقه

★ ★ ★

(کَهْف) ئەشکەوته هەم (مَغارَة)و (غـار)
(کُناس) جی‌ی ئاسکه (وِجاء) جی‌ی کەمتار
(عَرِین) لانی شیر (جُحْر) بەمەعنا کونی مارو موور ئەی برای زانـا

★ ★ ★

(عَضّ)یەعنی گەستن بە تیژی‌ی ددان ئەش‌وتری لـەبو غـەدری خانـان
(عَقْر) پەی‌کردن بـە تیغی بەکـار یا دانی سەگی گـەزندەی نابـار
(لَسْغ) پیوەدان بـە چزی نابـار (نَهْش)قەپ‌گرتن (لَدْغ)گەستنی مار
(لَذْع) ئەوتری بەمـەعنای سووتان (کَیّ)بو داخ‌کردن (وَشْم)خال کوتان
(لَدیغ)و (سَلیم) ئەوەی گـەزراوه (مَسْمُوم) خوراکی ژار تی‌کـراوه

★ ★ ★

(صَوْت) بەمەعنا دەنگ (نَغْمَة)دەنگی خـوش
(اَنین)نالینـه بو شـەخسی نـەخوش
(صِیاح)و (صُراخ) مەعنای هاواره (صَیْحَة) دەنگیکـی زلی نابـاره
(رَعْد) دەنگی هـەور وا لـەگـەل(بَرْق)ە
(صاعِقَة) مەعنـای هـەوره تریشـقه
(صَفِیر) ئاوازی وینـەی زریکـه بو کاتی جەنگ‌و کـاتی حەریقـه
(صَلْصَلَة) مەعنای ئاوازەی جەرەس جەرەس زەنگی مل پیش ئاهەنگی مەس
(زَئِیر) دەنگی شیر زور بە هەیبەته تایبـەتی کاتی لەسـەر هەلمـەته

(عُواء) لوورەی سەگ هەم گورگ‌وچەقـــەل

(نُباح) وەرینـــــە بو ســـەگی چەپـــــەل

(جَرْش) ئاوازی دەرچوونی مـارە لە کرازی خوی • ئای چەند ناباره !

(صَهِيل) حیلکـــەی ئـەسپ خوش‌وجوانـــــە

(نَهيـق)بـــەمـــەعنـــا زەرەی کـــــەرانـە

(رُغاء) قورەی گاو وشترو کەمتـار دەنگی وشترمـــرغ بالـداری نابار

(نَعِيق) بەمەعنا پیرکەی شـــوانە بو راپـــەرینـی وردە حـــەیوانـە

* * *

(شَعْب)و (اُمَّة)و (قَوْم) هەرسی بەمــەعنـــا

گـــــەلی‌هاونـــەژاد لـــە یـــەك زمـــانا

(حَيّ)و (قَبيلَة) هوزیکە لـــەوان ئەرونـەوە ســـەر باوکی هەموویان

(بَطْن) بەشیکە لە یەك قەبیلـــە لەم کەمتر (فَخْذ)ە،خوار ئەم(فَصيله)

(مُصاهَرَة) چی خزمـی ژنانـــە (نَسَب) بەمەعنا هاوپشـتی‌یـانـە

(قَرِيب) خـــزم‌و خویش لـــــەم‌دووســەرانە

(اَجْنَبِي)مەعنـــــای شـــــەخصی بیگانـــــە

(فَرْع)و (بَعْض) چی مەعنـــای ئـــەولادە

(اَصْـل) بو دایـــك‌و بـــاوك‌و ئەجـــــدادە

(رَحَم)و (رُكْن)و (قَرِيب)و (حَمِيم)

خـزمـــە • (صَدِيق) چی دوسـتیکی ســـەلیم

(جَدّ) باپیرەیە (جَدَّة) نەنکە (اَبْ) چی باوکەو (اُمّ) چی دایکە

(والِدَة) دایکـە (والِد) یەعنی باب (والِدَيْن) هەردوو رابگرە حیساب

(اِبْن) یەعنی کور (حَفید) کورەزا (بِنْت) بەمەعنا کچ (سِبْط) کچەزا

(اُخْت) یەعنی خوشك(اَخْ) یەعنی برا برای باش پشتەو رووناکی‌ی چرا

(شَقیقَة) خوشکەو (شَقیق) برایە بەوشەرتە یەك بن بە باب‌و دایـــە

(عَمّە) یەعنی پوور بو خوشکی بابە (خالَة) خوشکی دایك (عَم) برای بابە

(خال) برای دایکە • ئەم چوار ناوانە بو چینی ژووروویش بیلی جوانـــە

(زَوْج) بەمەعنـا میرد (زَوْجَة)یـــەعنی ژن

ئـــەمـــە ئـــەوتری پـاش مـــارەکـــردن

(نِکاح)و (زِواج) مارە کردنە (صِداق) مارەیي کە مولکی ژنـــە

هەروەهـــا (مَهْر)و (نَحْلَة) بـو (صِداق)

(مُتْعَة) مالیکـــە ئەیـــا پـــاش تـــەلاق

(نَفَقَة) مەســرەف بو مندال‌و ژن (طَلاق) تەلاقـە بو ژن ویل‌کردن

(خَتَن) زاوایە (صِهْر) خەزوورە باوك‌و دایکی ژن بەمە مەشـهوورە

باوك‌و دایکیـــان لـــە هـەردوولاوە بە (صَهْر) و بە (حَم) ناویان‌براوە

(حَم) هـــەم خزمـــی ژن بـــەهوی شـووەکەی

یا خزمـــی پیاوە بـــەهوی ژنـــەکـــــەی

ژنیکت هینـا ئـــەوەی بوویـــەتی کچ بوو (رَبیبَە)و (رَبیب) کوریەتی

مەحرەمن بو تو بەوینـــەی ئەولاد هەم نەتـــەوەیان بە توولی نـــەژاد

پاش تـــەلاق‌دانیش منـــدالی ببـی هەر مەحرەم ئەبی ئاگات لە خوت بی

(رَحِم) مندال‌دان (مَشیمَة) کیسە لەگـــەل منداڵـە فرەی‌دە پیسـه

(قابِلَة) مامان (حاضِن) بەخیوکـەر (ظِئر) دایەنە (مُرضِع)چی شیردەر

(رَضیع) منالە هـــەتا شیر ئەخوا ماەی لەشـەرعا تا دوو سال ئەروا

شیری ژنت خوارد خوی‌و میرده‌که‌ی   دایك‌و باوکی تون ، قه‌ت هه‌له نه‌که‌ی
نه‌ته‌وه‌ی ئه‌وان براو خوشکی تون   هه‌رچه‌ند هه‌زارپشت به‌ره‌وخوار برون
لای ژووری ئـه‌وان نه‌نك‌و باپیره   ئه‌مه فه‌رمـانی خودای خـه‌بیره
لاگوشـه‌ی ئه‌وان به‌وینه‌ی نه‌سـه‌ب   مامه‌و خالـه‌و پوور رابگره ئه‌ده‌ب
نه‌ته‌وه‌ی ئه‌تویش هه‌روه‌ك تو ئه‌بـی   کی مه‌حره‌م نابی‌و کی مه‌حره‌م ئه‌بی
(یَتیم) به‌مـه‌عنا منـالی بی‌بـاب   (لَطیم) منـالی بی‌دایك‌و بی‌بـاب
(فَطیم) منـالی لـه شیر براوه   (مُمَیِّز) مه‌عنـای به‌هـوش‌و تاوه
(خِطْبَة) خوازبینی (عَقْد) به‌مه‌عنا   ماره‌برینـه ئـه‌ی بـرای زانـا
(عَرُوس) یه‌عنی بووك هه‌م بو زاوایه   (وَلیمَةَ الْعِرْس) شادی‌ی زاوایه
که بانگیـان کردی پیویسـته بروی   ئاره‌زووی خوته بخوی یا نه‌خـوی
(نِثار) به‌مه‌عنـا پاره هه‌لدانـه   یا نوقـل‌و شـه‌کر بو منالانـه
چه‌ند خوشه کومه‌ل بـراو براده‌ر   بین هـه‌لی‌بده‌ن پاره یا شـه‌که‌ر
(رَقْص) هه‌لبه‌رکی (غِناء) گورانی   به دین ره‌وایه به رووی ئینسانـی
(نَشید) گورانی هونراوه‌ی خوشه   لـه بو روحی تو قووتـه بینوشـه
(دَفّ) ده‌ف (طَبْل) تـه‌پل (یَراع) شمشاله
ده‌ف‌و تـه‌پل‌باز بـه شـه‌رع حـه‌لالـه
هه‌روه‌ها هـه‌موو بـه‌شی گورانی   دووربن له ره‌سم‌و شیوه‌ی شه‌یتانی
چه‌ند خوشه به‌سته‌ی(لاوك)و(حه‌یران)   (ئای‌ئای)و (قه‌تار) نه‌غمه‌ی گه‌رمیان
نه‌زمی (ده‌ره‌یی) و (سیاچه‌مانه)   دل ئـه‌برژینی لـه‌و هه‌ورامانـه
(هوره) و (یاغه‌زال) یا خالوی ریبوار   (غه‌ریب هو غه‌ریب) ده‌رد ئه‌کا تیمار
موسـیقا نه‌غمـه‌و ئاوازه‌ی فه‌ننی   له‌سه‌ر حوروفه له‌هجه‌ی په‌سـه‌ندی

بو بانگ کردنی ســەربازی سوپا　　بو ئامادە بوون بو شــەرو دەعـوا
بو دیداری شــاو بو کاتی شادی　　بو ولات گـرتن لــەبو ئــازادی
بو کــاتی ماتــەم وەها لیئــەدری　　دلت بیتە جوش بەشەر خوی نەگری

★ ★ ★

(لَهْو) غەفلەتەو غەفلــەت حەرامە　　گەپو گالتەی زور دەستووری عامە
ئەسباب گەلیکە بــە یاســای ولات　　هەندی لــەوانە بەیانکــەم لەلات
(أرغــن ، دَرْبكَــة ، بـُـوق)و (كُنّارَه)
(كَمَنْجَه ،قانــون ، عُــود)و (نَقّاره)
(مُجوز)و (صُرْنا)و (مزمــار)و (طارَه)
صنـــج و (طَنْبُور)و (كوبه)و (قَيْشاره)
(دَرْبكَه) وینەی دیلــەکی دریژ　　(بُوق) بورییەکە قەمچو پیچو لیژ
(مُجوز) دووزەلە (صُرْنا) سرنایە　　(مِزْمار) یەكخانە (طارَه) وەك تایە
(صَنْج) دوو دەوریی زەردی مەشــهوورە
(طَنْبُور)و (رُباب) مەعنـــــای تــەموورە
(کوبە) دملەکــە هەموو حەرامن　　ئیشی ئینســانی بــیدینو فــامن
کەسی بەشداربی لــە پیشەی مەردی　　ناکەویتە ســەر شــیوەی نامەردی

★ ★ ★

(فُسُوق) لادانــە لــە ئایینو دین　　(قَتْل) کوشــتنە (قَطْع) بو برین
(مُتَلَصِّصَة)و (قُطّاع الطَّريق)　　بەمەعنا جەردەن دووربن لە تەوفیق
(سَرِقَة) چی دزیی مالە لەشوینا　　وەك یەکــە روبعیك لەگەل ملوینـــا
(زِنا) یا (بِغاء) بو ئیشی حــەرام　　سەنگەسار ئەکرین لە بەرچاوی عام

یا صەد جەلدەیان ئەدری بە پشتا　　جەللاد دارەکەی وا لەناو مشتا
(خمْر) شەرابە (خمّار) شەرابخور　　(مَیْسِر) قومارە بەشەر تالانکەر
هوی ئەمشەرانە لەپاش بەتالی　　دوستیی ئینسانی لە ئایین خالی

★ ★ ★

(تَصْفِیق) بەمەعنا چەپلە کوتانە　　بە دوو بەری دەست مایەی تاوانە
بە بەروپشتی دوودەست گەر بیکەی　　بەشەرع حەلالەو بە تاوان ناگەی
(تَشْبِیك) بەمەعنا پەنجە لەیەکدان　　لەبەینی پەنجە بیزانە زور جوان
(تَفَرْقُع) مەعنای پەنجە تەقاندن　　مەکرووهە لەناو مزگەوت واکردن
(مَعاش) یا ژینە یا هوی ژیانە　　(مِیرە) خوراکی کە قووتی گیانە
(رَکْب)و (قافِلَة) مەعنای کاروانە　　(عِیر) و (سَیّارَة)یش وەها بزانە
(قَطار) ولاخی ریزی کاروانە　　هەم شەمەندەفەر (خان) مەعنای خانە
(حَمْل)و (وَقْر) بار (عِدْل) تابارە　　(ظَعْن)و (ظَعِینَة) بو کوچو بارە
(نَقْلَة)کوچ‌کردن (رِحال) بارخانە　　(مَحْمَل)و (هَوْدَج) کەژاوەکانە
(اِرْتِحال) بلی لەبو بارکردن　　(حَلّ)و (حَطّ) هەردو لەبو بارخستن
(راحِلَة) مەعنای ولاخی بارە　　(مَرْکُوب) بەمەعنا ولاخی سوارە
(سائِق) لیخورە (قائِد) راکیشە　　(مُؤَخَّر) بو پاش (مُقَدَّم) پیشە
(نَخْس) بەمەعنا نەقیزە لیدان　　(هَمْز) بەمەعنا وزەنگی لیدان
(کَبْح) کوتانی لەغاوی دەمیان　　(سَیْر)چی رویشتن(رَکْض)بو غاردان
(سُریٰ) شەورەوی (اِدْلاج) بەمەعنا
شەو گرتنەدەم لە بەربەیانا
(طَرِیق)و (صِراط ، سَبِیل) یەعنی ری
(وَعْر) ئەو ریگەی سەختو لاری بی

(آمَت)و (مُعْوَج ، مُنْحَرِف) لاوه

(سَوِیّ)و (مُسْتَقِیم) ریك‌و خوش‌باره

(مَحَطُّ الرِّحال) جی‌ی خستنی بار (مَنْزِل)و (مَقَرّ) ئارامگای به‌کار

(جِسْر)و (قَنْطَرَة) به‌مه‌عنا پرده (مَعْبَر) ری‌گوزه‌ر ده‌شته یا هه‌رده

(سَوْم) سه‌وداکردن (عَقْد) دابه‌ستن

(خان) کاروانسه‌را جیگه‌ی بارخستن

(وَزْن) سه‌نگی کیش هه‌م مانای کیشان

(کَیْل) کاسه‌ی مه‌نه هه‌م مه‌عنای پیوان

(زَرْع) مه‌عنای گه‌ز هه‌م شت گه‌ز کردن

(عَدّ) وه‌کو (تَعْداد) یه‌عنی ژماردن

(غَرْف) هه‌لگوزین (غَرْفَة) یه‌ك‌جاره

(غِرْفَة) شیوه‌یي له‌ویا به‌کاره

(حَفْنَة) مشتیکه یه‌عنی دوو له‌ویچ (صاع) چوار (مُدّ)ه به‌بی‌قه‌مچ‌وپیچ

(مُدّ) ره‌تل وثولثی (رَطْل) به میزان صه‌دو سی دره‌م بی زیادو نوقصان

(اِرْدَبّ) به‌مه‌عنا بیست‌و چوار صاعه (قَفِیز) بو صه‌دو چل‌و چوار ذیراعه

دیسان (قَفِیز) هه‌م به‌مه‌عنا ربه له هه‌رشوینیکا که ربه ده‌ئبه

(قِسْطاس)و (مِیزان) یه‌عنی ترازوو (قَبّان) قه‌پانه بی زوری بازوو

(ذِراع) گه‌ز به‌لام گه‌ز له‌بو دارتاش جیایه له گه‌زی پیوانه‌ی قوماش

گه‌زی ئینسانیش له‌سه‌ری په‌نجه تا بنی ئه‌نیشك بیگره مه‌ره‌نجه

(طنْ) هه‌زار کیلو (کیلو)یشمان هه‌زار

غه‌رامی ریکه ئه‌ی برای نازار

* * *

(حُکُومَة) لەسەر عورفی زەمانە — مەعنای کومەلی فەرمان دارانە
(قانون)و (نِظام ، دَستور) یاسایە — ئارامە شوینی کە یاسای تیایە
(دین)و (مِلّة)و (شَریعَة) ئایین — ئادەمی ناژی بی نیظامو دین
(قَوْم)و (طائِفة)و (رَهْط)و (شِرذِمَة)
(فَرِیق)و (فِرْقَة)و (ثُلَّة) تاقمە
(حِزْب) تاقمی هاوبیرو مەشرەب — حزبیك رزگارە ئەروا بەئەدەب
(مَلِك) پاشایە یەعنی سەردارە — (رَئیسُ الجمْهور) بو سەرکومارە
پاشایی ئیرثە لە پاشی مردن — (جُمْهُورِیَّة) دی بە هەلبژاردن
(وَزِیر) ئەوکەسەی سەروك رای ئەگری
ئیشی گرنگی پی‌رائەسپیری
وەکو دارایی‌و وەکو ئابووری — وەکو بەرگری‌و ئیشی زەرووری
(نائِب) کەسیکە هەلبژیرراوە — لە خەلکی ولات دیاری کراوە
(عَیْن) ئینسانیکە خاوەن هوش‌و بیر — لە ژوور (نائِب)ە بو پرس‌و تەگبیر
(وُزَراء ، نُوّاب ، اَعْیان) ئەمانە — ئەوترین لەبو گەلی لەوانە
(مالِیَّة) مەعنای دارایي گەلە — دارایي لەسەر علم‌و عەمەلە
(بَیْتُ المال) شوینی دارایی عامە — (صِحَّة) بو ساغی‌ی لەش‌و ئەندامە
(مَعارِف) مەعنای علم‌و زانینە — (دِفاع) بەرگری‌ی ولات‌و دینە
(عَدْلِیَّة) مەعنای دادپەروەری‌یە — مەعنای (اِقتِصاد) بو ئابووری‌یە
(بَیْرَق)و (رایَة)و (عَلَم) ئالایە — ئالا نیشانەی ئازادی‌ی تیایە
من وینەیەکت بو بەیان ئەکەم — لەسەر حەقیقەت بە بی زیادو کەم
کومەل شەخصیکە ئەگەر تی‌بگەی — سەروك سەریەتی ئالا تاجەکەی

مَعٰارِف گیانی مالِیَّة خوینە   وُزَراء بە دلو حەواس بینە
سوپا دوو دەستی اِدارَة دووپی   عَدٰالَة ساغی ئەگەر بیتەجی

* * *

(عٰاصِمَة) پی‌تەخت جی‌ی سەرکومارە   ناوکی ولاتە تا بەرقەرارە
شوینی (وُزراء)و (نُوآب)و (اَعْیان)   جیگەی فەرمانو قانوونو بەیان
(بِلاٰط) لەعورفا قەسری پاشایە   چون تەختە بەردی سافی تیدایە
(شارِع) ریگایەو بەعورفی ئەمرو   ریگای قیرتاوە هەستە پیا برو
(فَلْکَه) بو دەوری چوار ریگاکانە   لەبو رزگاری‌ی ریبوارەکانە

* * *

بە ئوتوموبیل ئەلین (سَیّارە)   شەمەندەفەریش ناوی (قِطار)ە
(سِکَّة الحدید) ری‌ی شەمەندەفەر   پیچکەی قەتاری ئەکەویتە سەر
(اَلْخَط الجَوی) ری‌ی ئاسمانە   شوینی هاتوچوی فروکەکانە
(بَرید) پوستەیە لەناو ولاتا   نامەی تو ئەبا بەگشت جیهاتا

* * *

(مَحْکَمَة) شوینی کە دادگایە   (مَرْکَز)یش جیگای فەرمانرەوایە
(دَعْوی) دەعوایە (اِقْرار) پی‌لی‌نان   (شاهِد) ئاگادار لە رووداوەکان
(تَسجیل) نووسینە بو شیوەی فەرمان   (حُکْم) فەرماندان بو ئەمنو ئەمان
(حَبْس) راگرتن (سِجْن) زیندانە   (شَنْق)یش بەمەعنا پەت لەمل‌نانە
(حِلْف) سویند خواردن (بِرّ) سویند راگرتن
(حِنْث) ئەوتری لەبو سویند خستن
(کَفّارە) مەعنای تولەی سویند خستن   بە خوراك یا بەرگ یا روزووگرتن

(وَقْد) کومەلی بروا بو شوینێ   هەتا مەبەستی لەوی بنوینی
(مُمَثِّل) کەسێك بەوینەی وەکیل   حالی کەسیکت بو بکا تەمثیل
(عَرْض)و (إِسْتِعْرَاض) مەعنای نومایشس
خونیشاندانە لەگەل ئارایشس

* * *

(رَبْط) پەیوەندە (عَهْد) پەیمانە   (غَدْر)و (تَخَلُّف) پەیمان شکانە
(سِلْم) ئارامی (أَمَان) هیمنی   (صَدَاقَة) دوستی (عِدَاء) دوژمنی
(حَرْب)و (قِتَال)و (هَيْجَا) یەعنی جەنگ
(مَعْرَكَة) شەرگاه بە توپ‌و تفەنگ
(جَيْش) چی سوپایە هەروەها (خَمِيس)
لەسەر پینج بەشە سوپا بە تەخصیص
(مُقَدَّمَة) چی بو پیش سوپایە   (مُؤَخَّرَة) بو کومەلی دوایە
(مَيْمَنَة) لای راست (مَيْسَرَة) لای چەپ
(قَلْب) ناوکورگەی سوپای مورەتەب
(طَلِيعَة) مەعنای پیش‌قەرەولە   تیپی سوارەی بەهوش‌و دلە
(حِصْن) قەلایە (خَنْدَق) خەندەکە   (كَيْد)و (خَدِيعَة)و (مَكْر) تەلەکە
(نَهْضَة) تەکانە (وَثْبَة) هەلمەتە   (ثَوْرَة) شورشە گەلی زەحمەتە
(تَحَصُّن) مەعنای خوپەنادانە   (زَحْف) هیرشی سەر دوژمنانە
(إِغَارَة) مەعنای بدەی بەسەریا   (حِصَار) مانەوە بە دەورو بەریا
(رَكْض) غاردانە (عَدْو) راکردن   (طَفْر) بازبردن (كَرّ) هەلمەت بردن
(مُبَارِز) کەسی دەرچی بو مەیدان   (رَمْي) تیرتەقان (إِصَابَة) پیکان

(خُوذَةَ) کلاوی پالــەوانانــــە (دِرْع)و (زَرَد) چی بو کراسیانە

(مِهْماز) ئاسنی قوندەرەی ســوارە (رِان) پووزەوانەی پیـاوی بەکارە

(حَمائِل) بەنـدی شمشیری ملە (حَقِیبَة) پاشــکو بو ئەشیاو جلـ

(سَیْف)و (حِسام)و (عَضْب)یـەعنی شیر

(قَوْس) کـەوانـە (سَـــهْم) یـەعنی تیر

(نَصْل)و (مِعْبَلَة)و (سِنان) سەری تیـــــر

(رُمْح) یـــەعنی رم (مِقْبَضَة) دەســگیر

(قَناة) هەم رمە گەورە یا بچووك (مِزراق) رمیکە زور بچووکو سووك

(مِعْراض) تیریکە کەوتوە لە مەیدان (غَرَض)و (هَدَف) بەمەعنا نیشـان

(نَبْل) بە مەعنـا تیری عـەرەبی (نِشاب) بو تیری عەجەمی ئـەبی

(وَتَر) ژیی کــەوان (خَتِیمَة) ژیگــر

(وَهَق) کـەمـــەندە بو قـــەدی ئەسـیر

(یَلْبَە)و (کِنانَە) لەبو تیردانە (مِجَن)و (جُنَّة) مەعنای قەلغانــە

(مِدْفَع) یـــەعنی توپ بو گـــەل (مَدافِع)

(مَوْقِع)یەعنی شـوین بـو گـەل (مَواقِع)

(سِلاح) یـــەعنی چـەك ، ئـــەنواعـــی زورە

(مُسَدَّس) چـەکی شـــەش گوللـــە خـــورە

(طَلْقَة) فیشـەکە (بارود) باروو تە (بندقیّة) چـــی تفەنگی رووتـە

(طَرّادَة) کەشتیی جەنگی لە دەریا بەلام (غَوّاصَة) ئـەروا بـەژیـریـا

(عَرَبَة)و (عَجَلَة) رەورەوەکانــە بـە ولاخ ئەروا لـەم نـاو شارانـە

(مَنْجَنِیق) لـــەبو ئالـــەتیك ناوە لەشـــەردا خانووی پی تیك‌دراوە

(مِحْجالَة)و (مِقْلاع) قوچەقانی‌یە ئەمرو هیچ یەکی لەمانە نی‌یە

(خَیّالَة)و (فُرْسان) کومەلی سوارە (مُشاة) پیادەیە بو کیو بەکارە

(جَنیبَة) یەدەك ولاغی زیادە لەگەل سواریکی ئازاو ئامادە

(قَعْقَعَةُ السَّیْف) تەقەی شمشیرە مەردی شمشیر باز بە دل دلیرە

(مُراماة) مەعنای تیر لیك‌هاویشتن ئەش‌وتری لەبو شەرە بەرد کردن

(مُلاکَمَة) چی لیدانە لە یەك بە مشتەکولە یەك لەدوای یەك

(مُصارَعَة) چی زوران گرتنە (مُقاتَلَة) چی یەکتر کوشتنە

(اِلتِحام) چی‌یە ؟ یەعنی تیك‌رژان (زَحْف) هیرشە بوسەر دوژمنان

(شُجاع)و (بَطَل) یەعنی پالەوان (شَهید) کوژراوە بە شەری مەیدان

(کَرّ) هەلمەت‌بردن (کَرّار)هەلمەت‌بەر

(مِقْدام) بەدەوام بو هەلمەت‌و شەر

(قائِدُ القُوّات) فەرماندەی سوپات (فَتْح)و (اِحْتِلال) گرتنی ولات

(فَوْز)و (ظَفَر)و (نَصْرَة)و (نجاح)

زال‌بوونە لەسەر دوژمن بە سیلاح

(نَهْب)و (اِنتِهاب) مەعنای تالانە (غَنیمة) دەسکەوت مالی تالانە

(سَلْب) ئەوشتەی لەبەر کوژراوە هەمووی بو بکوژ بریار دراوە

(فِرار) راکردن (هارِب) راکردوو (مُوَلّی) بلی بو پشت هەل‌کردوو

(جَبان)و (خائِف) شەخصی ترسنوك (انانی) کی‌یە ؟ خاوەن من‌منوك

(اِنْهِزام) شکان (هَزْم) شکاندن (اِنسِحاب) مەعنای پاشەوپاش هاتن

(اَسیر) یەعنی دیل قەت نەکوژراوە (سَجین) زیندانی راگیر کراوە

(اَدْهَم)و (قَیْد)و (سِلْسِلَة)و (وَثاق)

مەعنای زنجیرە • پەیمانیش (میثاق)

(مَنّ) بـه پیاوەتی بەرەللا بکری　　(فِدا) لـه تولەی گیراوا ئـەدری
(عَنْوَة) گرتنی ولاتـــه به قـــار　　(صُلْح) ری‌کەوتن لەسەر ئیختیـار
(هُدْنَة) پیکهاتن جەنگ ماتل‌کردن　　(عَهْد)پەیمانه (حِلْف) سویند خواردن
(اِنْتِظام) مەعنای مانه لـەریـــزا　　لـەگـەل بیرو رای خـاوەن تەمیزا
(فَوْضَی) بەمـەعنـــا بی‌ئینتیظامی　　ئەنجامی نی‌یـه غـەیری نـاکـامی
(مُغامِر) کەسی بی راو بی تەدبیر　　خوی بخاته نـاو مولەکـەو زنجیـر
هەروەها (طائِش) بەوکـەسـه بلی　　به دەوری ئیشـــی هەلـەدا هـــەلی

★ ★ ★

(عُنْصُر)یەعنی ئەصل،چواری تەواوە　　ئـاگـرە هـەوا هـەم ئـەرزو ئـاوە
(مَوالید) ئەوەن ئـەبن لەمانـــــه　　مەعدەنی وشـکەو گیایـەو حەیوانـه
(مَعْدَن)یەعنی کان وەستاو یا رەوان　　وەك ئالتوون‌و زیو یا نەوتی جـوان
(تُراب) گل (ماء) ئاو (هَواء) هەوایه　　(نار) یەعنی ئاگر جوشی تیـدایـه
(يُبُوسَة) وشکی (رُطُوبَة) تەری　　(حَرارَة) گەرمی(بُرُودَة) سەردی
(حارّ) بەمەعنا گەرم (بارِد) یەعنی ســـــەرد
پوشـــاك پیویســـــته بـو روژی‌نـەبـــەرد

★ ★ ★

(ذَهَب)و (عَسْجَد) زیری بی‌غەشه　　(نَفْط) یەعنی نەوت ئالتوونی رەشه
(فِضَّة) یەعنی زیـو (کِبْرِیت) گـوگـــردە
(مَفْرَق)و (صُـــفْر) برنجـــەی زەردە
(حَدِید) ئاسنه (اَنزَلْنا الحَدِید)　　به منەت فەرمووی خالیقی مەجیـد
(رُصاص) قەلایی (آنِك) قورقوشم　　(رُخام) مەرمەرە (يَشْم) هەر یەشم
کانی مەرمەرە شـاری (هەورامان)　　یەشمی (دەگاگا) هەم (دەگاشیخان)

(زِرْنیخ) زرنیخه زوره له (هەوشار)　　(مِلْح) کانی خوی له خاکی (بیجار)
(زَبَرْجَد) جیوەیه (ماسَة) ئەلماسه　　(فَیْرُوزَج) یەعنی پیروزەی خاسه
(عَقیق) ئاقیقه رەنگ ئالی جوان　　(یاقُوت) کانیکه بـه بەهـا گران
(جام)و (زُجاج)و (بَلُّور) بلووره　　یاقووت و مەرجان ناویان مەشـهووره
(لاژوَرْد) چی‌یه مەعنای لاجیوەرد　　کانیکی سافه لەسـەر وینـەی بەرد
(مُومیـا) کانی بەوینـەی قیره　　بو بـەنـدی شکاو خاوەن تـەئثیره
(تُوتیا) کـانـه زورباش ئەی‌بیژن　　بو دەرمان. چاوی خوی پی‌ئەریـژن
(کُحْل) چی کله (اِثْمِد) سورمەیه　　عاشـقی چاورەش باری لومـەیـه
(سِمِنْت) چیمەنتو له سەرچناره　　هەروەها لای(دووز)بەردەکەی دیاره

★ ★ ★

(کَنْز)و (رِکاز)و (دَفینه) مـانـا　　مالی ژیر زەوی لـه رووی جیهـانـا
(کَنْز)و (خَزینَة) هەم بو ئەو ماله　　هـەلت‌گرتـووه بو روژی تـالـه
(تِبْر)و (سَبیکَة) شووشی دارژاو　　(مَسْکُوك) بەمەعنا سکەی لی‌دراو
(رابِحْ) بەنرخه بو باج و خـەراج　　(زَیْف)و(سَتُوقَة) قەلبی بی‌رەواج
(مَحَك) بەردیکه له سکەی ئەسوی　　صەراف،تا ساغی و قەلبی‌ی دەرکەوی
(مَغْشُوش) تیکەله (نَقِی) یەعنی سـاف
(صَیْرَفي) بلی بـه شـەخصی صـەراف
ئەگوریتـەوه نـەختی بـه نـەختی　　بو خەلکی ولات لەسـەر پیویستی
(عَرْض)یەعنی وەج لەمال لەحەیوان　　(نَقْد) زیرو زیو خالیصی جـوان
(وَرَقَة نَقْدِیَّة) کاغەزی رەواج　　لەبەر گەنجینەی پاشای خاوەن تـاج

★ ★ ★

(مَنْهَل) سەرچاوە لە ئاوی شیرین (مَنْبَع) کانی‌یە لەگەل هەلقولین

(نَضّاحَة) ئاوی هەلقولی لە ئەرز (شَلاّلَة) تافی داپەری لە بەرز

(عَیْن) یا (یَنْبوع) کانی‌و سەرچاوە (حَوْض)یش گومیکە بە دەست کراوە

(بِئْر) چالیکی قوول تا ئەگاتە ئاو (قَناة) کاریزەو جوگەی هەلکەنراو

(غَدیر) گومەلتەی خودا کردووە کە کاتی باران بە ئاو پر بووە

(بَحْر)و(یَمّ) دەریا (نَهْر)رووبارە (شَطّ)و(ساحِل)چی مەعنای کەنارە

(لُجَّة)هەم (غَمْرَة)بو زورمەی ئاوە (مَوْج)یش شەپولە لەم‌لاو لەولاوە

(مَدّ)و (جَزْر)ی بەحر زیادو کەمی‌ی ئاو

(مَدّ) هاتنەدەرەو (جَزْر) چوونە ناو

(طَوْف) چی کەلەکە ئەخریتە سەر ئاو

هەروەها (بَلَم) بو گوزەر یا راو

(سَفینَة) کەشتی (رُبّان) کەشتیوان (عائِم)و (سائِح) یەعنی مەلەوان

(دِماغَة) لووتکەی ئەرزی ناودەریا بەوینەی (ئومید) لە ئەفریقیا

(خَلیج) شاخەیی دەرچی لە دەریا جیگەی خوی بگری لەناو زەوی‌یا

(رَدْم)و (سَدّ) بەستی بەینی دووکیوە

ئەو دیوی ئاوە یا وشکە شیوە

(جَزیرة) ئەرزی چوار دەوری ئاوە بە کوردی (کورکە) بو ئەوە ناوە

(شِبْه جَزیرَة) هەندی لای وشکە ئەستیل کوردی‌یە عەرەبی (بُرْکَة)

* * *

(حَیِّز)و (مَحَلّ ، مَکان)و (مَعان)

یەعنی شوینی شت بی زیادو نوقصان

(قـاع) ئـەرزی نـەرمی بیچـەقـو بـــــەردە
(رَبْوَة)و (تلّ) تەپـە (وَهْدَة) بو هـەردە
(مَهْمَه، مَغازَه، بادِيَة، صَحْرا) (تَنُوفه) هەموو بە مەعنا ســـارا
(فَـلاة)و (فَيْفـاء ، سَبْسَب)و (بَيْــدا)
ئـەمـانەیش نـاون بـو دەشتـــو ســـارا
(آل)و(سَراب) چی یانی بەردەخوی کە لە دوورەوە وەك ئاو دەرکەوی
(طُور)و (عَلَم)و (طَـو د)و (جَبَل) کیو
(اَوْج) شوینی بـەرزە (حَضِيض) بو نشـیو
(شـامِخ)و (عالِي ، شـاهِق)و (راسِـي)
بـو کیـوی بـەرزی نـابـاری عـاصــی
(وادِی) یەعنی شیو (مَضِـيق) دەربـەنـدە
(مَرْعیٰ) لـــەوەرگــا هی دەولــەمــەنـدە
(واطِيء) شوینی پەست (هَضْبَة) شوینی بەرز
بـەوشـەرتە شـــوینی زور بی لەســـەر ئـەرز
(عِرْناس)و (قُلّة)و (قُمَّة) لووتـکەی کیـو
(مُرتَفَع) بـەرزی (مُنْخَفَض) نشـــــیو
(حَصٰی) وردە بەرد (حَجَر) هەر بـــەردە
(حارّه) ئـەرزیـکە پـر چـەقـــەڵ بـەردە
(بَطْحاء) سارایە (مَسِيل) جی لافاو (سَيْل) چی لافاوە کاتی بەهاراو
(جَنْدَل) ئەرزیکە کە پرە لە بەرد ئەرزی بی گیا (جَرْدا)یە یا (جَرد)

(ضَيِّق) شوينی تەنگ (واسِع) گوشـــادە
جيت گـــوشـــــاد نەبی ژينت بـــەربـــادە

(جِهَة)و (طَرَف) ئەوپەری شوينە   (طَرَف) تەنشـــتە باشی بنوينـــە
(جِهاتی سِتَّة) شـــەش تەرەفەمـان
(تَحْت) لای خواروو (فَوْق) لای ژووروومان
(اَمام)و (قُدّام) بـەمـەعنـا بـــەردەم
(خَلْف)و (وَراء) دوا بە بی زيـادو كـەم
(يَسار)و شِمال) لایچەپ (يَمين) راســت
(وَسْط) بەمەعنا ناو (وَسَط) نـاوەراســت

(جِهَەی طَبيعی) ئەوەی نـەگوری   هەر ژوورو ژيرە بـاقی ئەگـوری
(مَسافَە) ماوە لە بەرزیو نـەوی   چ لە ئاسـمان چ لە سـەرزەوی
(اِزاء)و (حِذاء) يەعنی موقابيـل   (تِلْقاء) بەرەوروو تيـا مەبە ماتـل
(بَريد) چوار فرسەخ (فَرْسَخ) سی ميـلە
چـوار هـەزار هـەنگاو بـو مـاوەی ميـلە

(خُطْوَة) هەنگاوە يەعنی چوارقەدەم   (بَريد) دوازدەميل بی زيادو كەم
(مَسافَة الْغَوْث) ماوەی هاوارە   هـاواری ئەبیيت ئـەوە ريبـوارە
مەسافەی (عَدْوی) چوار سەعاتە ری   سبەينی ئەرواو عەصر ئەگـاتـە جی
(مَسافَة الْقَصْر) دوو مەنزل رییە   بە رەوتی عـادەت بو ئەهلی جیيـە
(اُفُق) دائيرەی قـەراخی ئـەرزە   چوار نوختەی بو تو زانستی فـەرزە
(مَشْرِق) خورهەلات (شِمال) بـاكـوورە
(مَغْرِب) خورنشين (جُنوب) باشـوورە

کـاتی رووتکـــردە نوختـــەی خورنشیـــــــن

لای راست باکوورەو چـەپ باشـــــوور یـەقین

(ریح) بەمەعنا با شـەپولی هـــەوا چوار با مەشهوورن لەسەر رووی دنیا

(دَبُور) بایەکە دیت لە خورنشین (صَبا) ئەجوولی لە مەشریق زەمین

بەشی لەم صـــــەبا بە جوش‌و تـاوە لەنـاو کوردانـا رەشـــــەبای نـاوە

بـەم بایـە دلم زور ئـەبی زویـــر چون ســــــلیمانیم ئەخاتـەوە بـیر

(شَمال) دەرئەچی لەلای پشـتەوە لە باکوورەوە دیتـە دەشـــــــتەوە

ئەم بـا پیروزە لـەبو کیوو دەشـت دنیا خوش ئەکا بە وینـەی بەهەشت

(جَنُوب) بای‌وەشتە بە فەرو خیرات چون مژدەی باران ئەدا بـە بسـات

(نَسیمی سَحَر) شنەی بەربەیان نەشئە ئەبەخشی بە دل‌و بـە گیـــان

خصوص نەسـیمی چەمی بیــــــارە کاتی بەهــاران دنیــــــا گولـزارە

بولبول مەست ئەکـا لەســـــەر چلانا دل سەربەست ئەکا لەنـاو گولانـــا

* * *

(بُخار) ئەو هەلمەی دەرچی لە زەوی لە شوینی بـەرزا یا شوینی نـەوی

هوی بوخار زوربەی تەری‌یەو گەرما بویە زورە هەلم لە گوشەی دەریـا

خوا با ئەنیری بوخار هـــەل‌ئەگری هەوریکی گەورە لی‌ی پەرە ئەگری

(عارِض)و (غَیْم)و (غَمام)و (سَحاب)

هـــەورەو لـەبو روژ ئـــەبی بـــە نیقـــــــاب

(جَهام) هەوریکی وشکی بی‌ئـاوە بە مـەئـەل لـەبـو رژدان وتـراوە

(رَعْـد) دەنگی هـەور (بَرْق) برووســـکە

(صاعِقَة) مـەعنـای هـــەورە تریشــــــقە

(صَيِّب)و (قَطر)و (مَطَر) بارانه   (دِيمَة) خورەمی سەر بەهارانە
(سَيْل) چی لافاوی بەجوش‌و تاوە
(دَيْم) ئەرزی بی‌ئاو (سَيْح)یش بەراوە
(طَلّ) وردە باران پی‌ی‌ئەلین رنە   (نَدیٰ) شەونمە ، دل شادی‌ی منە
(حُباب) بەمەعنا بلقی سەراوە   ناوەکەی هەواو تویکەکەی ئاوە
(ثَلْج) بەمەعنا بەفر (حالُوب)و (بَرَد)
بەمەعنا تەرزە ، سەهولیش (جَمَد)
(صَقیع) شەختەیە زوقمی پایزان   لە سەرمای قەوسا لە گەلاریزان
(ضُباب) یەعنی تەم زورە بە زستان   لەسەر کیوانی خاکی کوردستان
(زَمْهَریر) دەمەی بوران‌و سەرما   یاخوا ئەم سەرما نەدا بە سەرما
(سَمُوم) سەبوونە گرەی گەرمایە   لەشت ئەسووتی بەم‌نەوعە بایە
(نَقْع)و (قَتَم)و (غُبار)و (عَجاج)   توزو غوبارە هاوار بو عیلاج
(إعْصار)و (نكْباء) مەعنای گەردەلوول
(عاصِفَة) گەلی بەهیزەو بە توول
(هِزَّة)و (زَلْزَلَة) بومەلەرزەیە   لەبەر بورکانی ژیر ئەو ئەرزەیە
ئەلین بیری قوول زور بی لەو خاکە   بو چاری هیزی زەلزەلە چاکە

* * *

(فَلَك)و (سَماء) هەردوو ئاسمان
(أرض)و (غَبْراء) چی بو ئەرزی خومان
ماوەی مابەینی ئەرزو ئاسمان   (فَضاء) یا (جَوّ)ە ئەی برای جوان
(مالِیء) یەعنی پر (خالی) خالی‌یە   هەرچەند لەم چەرخا جی‌ی خالی نی‌یە
(شَمْس)و(ذُكاء ، یُوح) روژەبزانە   (ضِیاء) نووری روژ نەصصی قورئانە

(سَنَاء ، بَهَاء ، نُور) هـــەموو رووناکـــین

(نُـــور) هـەم بـــو مانـگە بـرای بـەتـەمکین

(هِــلال) مـانـگی نـوی (قَـمَر) هەرمـانـگە

(بَدْر) بو مـانگی چـواردەی شـــەش‌دانـگە

(کَوْکَب)و(نَجْم) مەعنای ئەستیره   هەندی کەم‌نوورەو هـــەندیکی تیره

(شَهَاب ثَاقِب) بەهیزی پرتـەو   ئەکشی لـە سـەرا بە تاریکەشـــەو

(ثُرَيَّـــا) کـویـــە (مِیـزان) تـــرازوو

ئەو لـە حوزەیـران ، ئـەم تـەمـووز دەرچـوو

(سائِق)و (شَعْرى) بو گەلاویژه   لە مانگی ئابـدا پرشـنگ هـاویـژه

جا مانگی ئەیلوول کاتی (سُهَيْل)ە   دل بو گەرمەسیر بە ذەوق‌و مەیـلە

(بَنات النَّعْش) بـو حەوتەوانـان   گەورەو بچووکن لـەلای شـیمالان

(جَدْى) کـە قوطبە لە بچووکایە   رای‌بگره قســـەم وەربگره مایـــە

(مَجَرَّة) خەتی بەرزی کاکەشان   پشتینەیکە لـــە ئەســــتیرەکان

(طُلُوع)و (شُرُوق) هـەروەهـا (إشْراق)

دەرچوونی روژە لـــە گوشـــــــەی ئـافـــاق

(غُرُوب) ئاوابوون (شُــعَاع) یەعنی تـــاو

(فَيْء)و (ظِل) سـیبەر بـەتـاو دیتـە نـاو

(فَجْــر)و (فَلَق) چی رووناکی‌ی بـەیـــان

(شَفَق) رووناکی‌ی پاش نویـژی شـــــیوان

ســـەر لە بـەیـانی (غُـدْوَة)یەو (صَـبَاح)

ســـەر لـە ئیـواره (عَشِـــيَّة)و (رَواح)

(صَبَاح) بەیانی (مَسَاء) ئیواره   (ضُحَى) چیشتەنگا کەرامەت‌داره

(اَصِيل) پاش عەصرەكاتی لەطیفە   میزاج موعتەدیل ، هـەوا خەفیفـە
(اَلْيَوْمَ) ئەمرو (غَداً) سبەینی   (اَمْسِ)و (بارِحَة) بەمەعنا دوینی

★ ★ ★

(وَقْت)و (حِين)و (دَهْر ، زمان) یەعنی كـات
(آن) چـاوبركەیی (سـاعَة) یـەك سـەعات
(اَجَل) وادەیە هەم ئەنجامی ژین   (عُمْر)هەموو عومر ئەی خاوەن تەمكین
(اَزَل) بی‌ئـاغـاز ئـەوەلی نی‌یـە   (اَبَد) بی‌ئەنجـام پایانی نی‌یـە
(قَديم) بی‌ئەوەل (حادِث) پەیدابوو   (اِبّان) ئەوەل‌كات یا كاتە هـەموو
(نَهار) یەعنی روژ (لَيْل) بەمەعنا شـەو
ئـەم بـو ئاسـایش ئـەو بـو هـەول‌و دەو
(نَهارٌ مُشْمِس) روژێكی رووناك   (لَيْلٌ مُقْمِر) مانگە شەوی پاك
(صَحْو) سایەقە (غائم) هەورە روژ   (مُكَدَّر) لیله (مُغْبَرّ) خاوەن توز
(دَيْجُور)و (داجی ، مُدْلَهِمّ ، ظَلْماء)
شـەوی تـاریـكی بی‌صـەفـاو سـیما

★ ★ ★

(سَنَه)و (حَوْل)و (عام) سـاله بـزانـە
(شَهْر) مانگ تـەواو یـاخـود نوقصـانـە
(غُرَّه) ئەوەلیـە (سَلْخ) ئاخریە   (مُنْتَصَف) ناوقەد(اُسْبُوع)حەفتەیە
(سَبْت)و (اَحَد)و (اِثْنَيْن ، ثَلاثاء)
(اَرْبَعاء ، خَمِيس ، جُمْعَة) راوەسـتا

شـــەممە یەکشـــەممە دووشـەممە سیشــــەم
چوارشەممە پێنجشـەم هەینیی موحتەشــــــەم

* * *

(فُصُول) چوار وەرزە (ربیع) بـەهـــارە
زەوی رەنگاورەنـگ گـــــوڵو گـوڵـــزارە
(صَیْف)یەعنی هاوین گەرمە خەرمانە (خَرِیف) پـایـزە گەڵاریزانـە
(شِتَاء) زستانە سـاردو سـەرمایە دانیشـەو بخو لـــە ئایـەومایــــە

* * *

(سَعْد) پیروزە (نَحْس) نەگبەتە لەسەر خواهیشی خـاوەن قودرەتــە
هەرکەسی بلی ئـەوروژە نەحســـــــە ئەوە شوعووری نزیـك بە نەقصـە
(نَحْس مُسْتَمِر)بو قەومی عاد بوو چون کردەوەیان جەورو بیداد بوو
(عید) بەمەعنا جەژن بو موسولمانان (عِیدُ الفِطْر) چی جەژنی رەمەزان
(عِیدُ الاضْحِیَة) جەژنی قوربانە کاتی تـەواف‌و خیرو ئیحســـــانە
ئەمانە هـەردوو ســــــوننەتی دینن مایەی سەربەرزیو خـەیرو تەمکینن
(عید الوِلادَة) جەژنی مەولـوودە دوازدەی(رَبِیعُ الاوّل) مەحدوودە
(عِیدُ المِعْراج)یش جەژنی میعراجە بەرزەوە بوونی شای خاوەن تاجــە
لە بیست‌و حـەوتی مانگی رەجەبـــە یادی رەســوولی خاوەن حەســـــەبە
هەرچەند سوننەت نین باشیان بخوینە ئەگەر بیشـەرعی نەبی لەو شـوینە
باقی هەر جەژنی هـــەبی لـــە ولات لەسەر تەقلیدە لە رووی سـەربسات

* * *

(تَارِیخ) دەربری کاتی کارەســـات هەتا ون نـــەبی هیچ کاتی لـــەلات

تــەئریخی هیجری کوچی ئەمینــــە
لە مەککە دەرچوو ، چوو بو مەدینــە

ســـالی دوانزە مانگ لیرە حیســـابە
میژووی نووسینی رووی ئەم کیتابـــە

هــەزارو سیصەد هەشتاو سی ســـالە
ئەروا لــە کوچی ئەو پر کـــەمالــە

تەئریخی میلاد لەســـەر رووی عالەم
لەدایك بوونی (عِیسیٰ ابنُ مَرْیَم)

ئەمە شەمسییە ، میژووی ئەمحـالــە
هەزارو نوصەد شەصتو سیە ســالە

تەئریخ لە عالەم بیجگە ئەم دوانـــە
زورە بـــە یاســای گـەلی ئینســـانە

★ ★ ★

زەوی هیلـکەیی یـــا کـورەوی بی
بە سیصەدو شەصت پلە بەش ئەکری

(خَطّ الأستِواء) خەتی ناوەراست
دیت بەسەر ئەرزا زەوی بەش ئەکات

لە خورهەلاتو کە دەس پی ئــەکـات
هەتا ئەوبەری خورنشـــین ئەگـــات

زەوی بەش ئەکا بە دوو بەشی راست
بەسەر (عَدَن)دا دی تیپەر ئەکات

لەم خەتەوە تا (شِمالِ) یا (جَنُوب)
نەوەد دەرەجە ئەی برای مەحبووب

وەزعی وەهایە ئــەم ئــەرزە جوانــە
خەتی ئیســتیوای زور گــەرمیانـــە

لــە هەردوولاوە بولای قوطبەکـــان
گەرما کەم ئەبی بە دووریی مەکان

لە عەرضی سی (٣٠)وە تا ئەگاتە چل
هەوای سەرزەوی خوشەو موعتەدیل

لەمە بەولاوە زور ئــەبی ســـاردی
هــەتــاکو قوطبی دوور لـــە ئابادی

عــەرضی عیراقی بەینی سیو چـــلە
(بالنسبة) هــەوای لــە موعتەدیـلە

★ ★ ★

ئەوەلی طوولیش لەبو ســـــەرزەمین
بەحری ئەطلەس بوو دەریای خورنشین

ئیستە (گرینج) ئەکەن بەئەســاس
بو توولی ولات ئەیکەن بــە میقیــاس

سیو شــــــەش دەرەجە عــەرضی شــارەزوور
هەشـــــتاو یـەك طوولی بەگویرەی مەشـــهوور

(کام) عەرضی مەککە(عز) لەبو طوولی بژمیرە (ابجـد) نـەزمی مەعقوولی

بیســتویەك دەرەجـەو چـل دەقیقـە عـــەرض

حـەفتــاو حەوتیش طوول ئەی برای ســەربەرز

هەرچەند ئەم باسە دوورە لـە مەقام بـە موناســەبە وتم • والســـــلام

★ ★ ★

سال بە دوو نەوعە یەکەم (قەمەری) دووەم (شەمسی)یە بی دەردیسەری

سالی (قەمەری) وایە دوازدە جـار مانگی یەکشەوە بیتــە بــەر دیدار

مانگی بیســـــتونو مانگی سیروژە هەمووی سیصەدو پەنجاو چوار روژە

(محرّم ، صـــفر ، ربیـع الاول ربیــع الثـانی ، جمـادی الاول)

(ذی الحجة) مەعنای مانگی قوربانە زەمانی حەجو قوچو ئیحســــانە

(جمادیالثانی ، رجب)و (شعبان) (رمضان ، شوال ، ذیالعقدە)ی جوان

وەهایە(شەمسی) لەکوی روژ دەرچوو تا دیتو ئەوجی ســالی پاشکەوتوو

سیصەدو شەصتو پینج روژی تەواو لەگـەل کەسریکا چواریەکە بـەنـاو

سالی ئەوکـەسرەی تیـا ئەبی تـەواو ســالی کەبیســەی بو بـکە بـە نـاو

سی سال بە یازدە ســالی بــە دوازدە سالی روژ لەسەر سالی مانگ زیـادە

بەم چەند روژانــە حیساب ئەگوری سالی مانگو روژ بە بورج دائەنری

بە حیسابی بورج لـــە بەهــارەوە بوت بەیان ئەکەم ئـا لـەمخوارەوە

(حمل)و (ثور)و (جوزا)و (سرطان) (اسد ، سنبلة) جا بورجی (میزان)

(عقرب)و (قوس)و (جدی)و (دلو)و (حوت)

بەهـار هاتەوە بـە یاســـــــــای مەزبووت

نەوروزو ، گولان ، مانگی جوزەردان پووشپەر ، خەرمانان،گەلاویژی جوان

رەزبەر ، گەلاریز ، سەرماوەز بەنام بەفرانبار ، ریبەند ، رەشەمە ئەنجام

★ ★ ★

مانگی (رومی)یشت بو ئەکەم بەیان لــە بەهــارەوە بیزانـــە جـــوان
(مارت)و (نیسان)و (ایار ، حزیران) (تموز)و (آب)و (ایلول) بە میزان
دوو (تشـــرین) لەگەل دوو مانگی (کانــون)
(شــباط) دوانـــزمـــانـــگە بــرای رەهنمـــوون

حەوتیان سیویەك روژ ، چواریشــیانـــی ســی
(شــباط) بیستو هەشـــت هــاتوە بــە نەقصی

لە چوارســالەدا چوارەم بیســتونو (کبیســــة) سالە زوو وتم بــە تو

چــوار مــانــگەی سی سی بەریـــزی مەعقـــوول
مـــانـــگی (نیســـان)و (حزیـــران ، ایلول)

(تشرینی دووهەم) باقی مانگەکــان هەموو سیویەکن بیزانــە عەیـــان

★ ★ ★

جــا چون دائیرە سیصەدو شــەصــتە پینج روژی زیاد لە حیساب پەستە
حیســابی ناکەن دای ئــەنین بــە تــار (تار) بەمەعنا (طرح)ئەی برای هوشیار
شوینی ناوقەدی فەصــلی بەهـــــارە بــەلام ئەم شـــــوینە هــەر ئیعتیبارە
چونکە لــە هــەرلا حیســـابی بکەی تو بە مەرامی حیســابگەر ئەگــەی
(فَرْد)و (وتْر) تاق (زَوْج)و (شَفْع) جووت
(زوج) هەروەهـــا دی بەمەعنــا هــاوجـــووت
(عَدَد)ددرئەچی لە دوو تاکی رووت یەك عەدەد نییە بە واتەی مەزبووت
(کَسْر) ئەوەیە یەك تەواو نــەکا نو کەسر هەیە بوت بەیــان ئەکــا
(نِصْف)و (ثُلْث)و (رُبْع ، خُمْس)و (سُدْس)ە هەم
(سُبْع)و (ثُمْن)و (تُسْــع ، عُشْر)ە براکـــــەم
نیـــوەو سیـــیەکو چـــواریـــەکو پێنـــجیـــەك
شــــەشیـــەکو حـــەوتیـــەك هەشـــتیەکو نویەك

ئاخریان دەیەك كوسووری عەدەد   ئەمانە هەموو بو كەسری موفرەد

* * *

(واحِد) یەك (اِثْنَیْن) دوو بە بی‌ئازار   (ثَلاثَة) سی‌یەو (اَرْبَعَة) چوار

(خَمْسَة) ، سِتَّة ، بعدها سَبْعَة   ثَمانِیَة بعدها تِسْعَة)

پینج‌و شەش‌و حەوت هەشت‌و نو تەمام

ریزی ئاحادن لەلای خاص‌و عام

(عَشَرَة) دە (عِشْرین) بیستی كامیلە   (ثَلاثین) سی‌یە (اَرْبَعین) جلە

(خَمْسین) پەنجا (سِتّین) شەصتە   (سَبْعین) حەفتایە (ثَمانین) هەشتا

(تِسْعین) نەوەدو (مِائَة) یەعنی صەد   (اَلْف) هەزارە لە ریزی عەدەد

* * *

(اَحَد)و (واحِد ، اِثْنَیْن) لەبو نیر   (اِحْدیٰ ، واحِدَة،ثِنْتَیْن)می بژمیر

(ثَلاثَة) هەتا (عَشَرَة) بە تی‌یە   بو نیرو ، بو می بی تی بەجی‌یە

(اَحَدَ عَشَر) هەم (اِثْنا عَشَر)   بو نیر بە بی تی راستەو موعتەبەر

(اِحْدیٰ عَشْرَة)و (اِثْنَتا عَشْرَة)   بو می بە تی‌وە باش موعتەبەرە

لەمە بەرەوژوور لەبو (مُذَكَّر)   دووهەم بی‌تی‌یەو یەكەم تی‌ی لەسەر

بو می بەعەكسی ئەمە بخوینە   دەستووری نەحوی راستی بنوینە

(رَأَیْت اَحَدَ عَشَر كوكَبا   وَجَدْتُ اِثْنَیْ عَشَر مكْتَبا)

(وَجَدْتُ اِحْدیٰ عَشْرَةَ صُرَّة   وَاثْنَتَیْ عَشْرَةَ مَنْظُومة دُرَّة)

(تِسْعَةَعَشَر رَهْطا فِي‌البَلَد   تِسعَ عَشْرَةَ ثُلَّة بالعَدَد)

* * *

لە سی‌وە تا دە تەمیزی عەدەد   جەمعەو مەجروورە ئەی برای ئەسعەد

تەمیـــزی یـــازدە تا نـــەوەدو نـــو — مەنصووبەو موفرەد راستم وت بە تو
تەمیزی (مائـــە)و (اَلْـف)و (مُثَنّی) — (جَـمْـع)یش موفرەدو مەجرووریان دانا
(مائـــة ، مِئتا ، مِئاَتُ شَخْصٍ — اَلْفٌ و اَلْفا ، آلافُ نَفْسٍ)

★ ★ ★

(هُوَ) بو پیـــاوی غائیب وتـراوە — (هِيَ) بـــو ژنی وا دانـــراوە
(هُما) دوو غائیب لە پیاو یا لە ژن — (هُم) گەلی پیاوان گەلی ژنان (هُنَّ)
(اَنْتَ) یەك پیاوە (اَنْتِ) بو یەك ژن — بەرابـــەر بە تو کە (مُخاطَب) بن
(اَنْتُما) دووکـەس لە ژنو لەپیـاو — (اَنْتُنَّ)و (اَنْتُم) گـەلی ژنو پیـاو
(اَنا) یـــەعنی من چ نیرو چ می — (نَحْنُ) بو ئیمە ، بو پیاوو ژن دی

★ ★ ★

ئـەوەی دانراوە لـــەبو ئیشـــارە — (ذا ، تا ، ذانِ تانْ ، اولیٰ) دیـارە
(ذا) نیری نزیك (ذاك) میـــانە — (ذلِك) بو دوور هەر بو پیاوانـــە
(تا ، تاكَ ، تِلكَ) هەربەوقیاســـە — لەبو (مُؤَنَّث) ئیشارەی خاصـــە
(ذانِ) بو نزیك (ذانِك) بو دوور — لە بو نیرانـە بەگویرەی مەشـهوور
(تانِ) بو نزیك (تانِك) بو دوور — لەبو ژنانـە بە یاسـاو دەســـتوور
(أُولیٰ ، أُولاءِ) گـــەلی نیرو می — هەم (أُولئِك) بەمشەرتە دوور بی
(هُنـا) لیرەیـە (ثَمَّ) وا لـەوی — (هُنالِكَ)جیی دوور کاتی ریکەوی
(قَریب)و (دانِی) مەعنای نزیکە — (بَعید)و (قاصِی) دوورو تەریکە

★ ★ ★

(اِنَّ) هەم (أَنَّ) بەراستی وەهـا — (لَیْت) خوزگـایە (لَعَلَّ) هیـوا
(كأَنَّ) وەکـو (لٰکِنَّ) بـەلام — بو دەفعی وەهمی پیشوو لە کـــەلام

(اِذَنْ) کەوابی (اِلاّ) مەگــەرە   بەکاریان بینــە زور موعتــەبــەرە
(اِنْ) ئەگەر (اِذا) بەمەعنا کــاتی   (حَیثُ)هەر شوینی (مَتی)هەرکاتی
(ما)و (مَهْما) هەرچی (من) یەعنی هــەرکەس
(کُلَّما) شـــــەرتـە بـو تـەکـرارو بـەس

★ ★ ★

(ف) بو پاش‌کەوتن لەگەل فەوریەت   (ثُمَّ) پاش‌کەوتن بەلام بــە مولەت
(حَتّی) ئەوپــەرە لە بەرزیو نزمی   (بَلْ) بو لادانە ئەگــەر بەفەهمی
بو گەیـانـدنی مـەعنـای تـایبـەتی   (لا سِیَّما)یە وشــــەی قیمەتی

ئەو کەلیماتەی کە بە سی ئیعراب هاتوون

هەندی کەلیمە لەســەر سی ئیعراب   وەربگرە لە من ئەی عالی جەنــاب
یەکەم بە سەرو دووهــەمین بە ژیـر   ســیهەم بــە بورە باعیثن بـو خـیر
(اَثَر) حــەدیثی حــەزرەتی ئەمین   (اِثْر)و (اُثْر) چی بەمەعنا برین
(اَمّ) بەمەعنا قەصد (اِمّ) موناسەبە   (اُمّ) دایکی تویەو قەدری واجبــە
(اَمَّە) بو قەصدە هەم بو شـکستە   (اِمّە) جیی گوشاد (اُمَّة) ئومەتە
(بَأس) یەعنی هیز (بِئْس) ناباری   (بُؤس) فـەقیریو زاریو زگـاری
(بَرّ) خیرومەندەو (بِرّ) یەعنی ئیحســـان
(بُرّ)یش گـەنمـە کـە ئـەکـری بـەنـــان
(بَسْــط) راخستن (بِسْــط) وشـــترە
(بُسْط) وەك (بِســاط) فەرشی راخــەرە
(بَضْع) پارچەیە (بِضْع) سی تا نو   (بُضْع) لـەذەتگا بـەلای ژنانـو

(جَوار) چەند کەشتی(جِوار) پەنایە (جُوار) بەمەعنا گـەلی هەمسایە

(جَدّ) باپیرەیە (جِدّ) تیکوشینە (جُدّ) بیری کونی گەلی پیشینە

(جَرْم) برینی لقی دار خورمـــا (جِرْم)مایەی شت(جُرم)چی گونا

(جَزْع) ترس‌وبیم(جِزع) پەڵەی‌چاو (جُزع) رەنگیکە زافـەرانی نـاو

(جَلّە) ئەشرافە (جِلّە) شەریفە (جُلّە) حاجەتی خورمای ظەریفە

(جَلاء) دەرچوونە (جِلاء) رووناکی (جُلا) ئیشی زل بە خـەتـەرناکی

(جَنّـة) بیســـتانـە (جِنّـــە) شـــەیتانە

(جَنین) بەچکەی ســك (جُنّە) قەلغـانــە

(حَبّ) لە بو دانە (حِبّ) بو حەبیبان (حُبّ) خوشەویستی‌و زامە تازەکان

(حَجْـر) بـەردەرگـا مـانیـع لـە مروور

(حِجْر) عەقل‌و (حُجْر) بو هودەی مەستوور

(حَجّة) یـەك حەجـە (حِجّە) یەكســـالە

(حُجّــة) بورهـانـەو مـایـەی کـەمـالـە

(حَرّة) ئەرزیکی پر لە بەردی رەش (حِرّة) تینویتی بە وینەی (عَطَش)

(حُرّة) ژنیکی دوور لەبەنـدەگی هـەر ئازادی‌یە مایـەی زینـدەگی

(حَلال) کاریکە بـە دین رەوایـە (حِلال) جەمعەکەی (حِلّة) ماوایە

(حُلال) مەصدەرە بەمەعنا مەنعـە لە هەر ئیشـیکا سوننەت یا بیدعــە

(حَلْم) کالـەی چـەرم (حِلْم) حەوســـەلە

(حُـلْم) خـەوی پـووچ بـە هـەلـەو پـەلـە

(حَرْف) ئەرزی پان (حِرف) قسەی خـــوش

(حُرف) بی‌عـــقـلی‌و نـەزانی بی‌هـــوش

(خَطْب) ئیشی زل (خِطْبَة)خوازبینی

(خُطْب) صیغەی جەمع تیا دانەمینی

بو جەمعی (اَخْطَب) ئەرزی نشیوە گەلای خەزانی تیا داوەریوە

(خَفّ) یەعنی سووکی (خِفّ) شەخسی سووکە

(خُفّ) گورەوی چەرم سافو بیتووکە

(خَلّة) داماوی (خِلّه) بو هەر شت

لەنیو دانایان (خُلّه) مەحەبەت

(دَعْوَة) مانگ کردن بو سەر چیشتونان

(دِعْوَة) بانگکردن بو ئیشی ژنان

(دُعْوَة) بانگکردن بو شەر لە جیهان

هەم بریتییە لە بانگی گران

(رَبّ) پەروەردگار (رِبّ) گەلی بەکار

(رُبّ) ئاوی گوشراو لە تریو هەنار

(رَبا) بەرزییە (رِبا) یەعنی سوود (رُبا) بو گەلی تەپولکەی مەحدوود

(رَباب) هەوریکە پر بی لە باران (رِباب) نەوزادە لە مندالەکان

(رُباب) بو مەری گەورەی گەلانە هەم لە ئالەتی بەزمو سەیرانە

(رَبْع) مەنزلە (رِبْع) سیبەرو (رُبْع) چواریەکە بو من بی یا تو

(رَسْل) جوشخواردن (رِسْل) شیری جوان

(رُسْل)صیغەی جەمع بو پیغەمبەران

(رَقّ) مەعنای کاغەز هەم ئەو پیستانە لەسەریان نووسرا لە دیرزەمانە

(رِقّ) چی بەندەگی (رُقّ) دلیکیوا کە میهرەبانی مەوجوود بی لەوا

(رَقاق) پیاویکی بالای عەلەمە (رِقاق) رووبارو قەراغی چەمە
(رُقاق) بو صینفی لەناو ژنانە بەرزو باریکو بالا میانە
(رَوی) ئاوی زور (رِوی) ئاوی کیو
(رُوی) جی‌ی روانین لە بەرز بو نشیو
(زَأْر) دەنگی شیر (زِئْر) ئەوپیاوانە کە دانیشتنیان لەگەل ژنانە
(زُؤر) زالمی بەدرەوشتو خوو
خوت دوور بگرە لی‌ی لە هەرکویدا بوو
شەممە (سَبْت)و (سِبْت) کەوشی‌یەمەنی
(سُبْت) گیای رواو بەخوش دیمەنی
(سَقْط) باخچەیە (سِقْط) بو منال کە لەباربچی‌و نەگاتە کەمال
(سُقْط) بەمەعنا پارچە ئاگری لە تەنوورا بی کاتی دابمری
(سَلام) درووده (سِلام) چەقەنە (سُلامی) وردە جمگەی بەدەنە
(سَمّ) بەمەعنا ژار (سِمّ) یەعنی کونجی
(سُمّ) لەبو کونی سووژنو دەرزی
(رَوْح) ئاسایشە (رِیح) چی‌یە بایە (رُوح)گیانی شیرین سیرری خودایە
(سَوْق) لی‌خورینە (سِیقَ) لی‌ی‌خوررا
(سُوق) یەعنی بازار پردەنگو هەرا
(سَهام) گەرمای سەخت (سِهام) بو چەند تیر
(سُهام) چەند بەشی لەبو بەش وەرگیر
(شِرْب) گوزەیە (شُرب) نوش کردنە
(شَرْب)یش دانیشتن بو خواردنەوە

(شَعْب) بەمەعنا بەشێکە لە خێل
مەعنای (شِعْب)و (شُعْب) ڕێگای گەشت وگیل

(شَعْر) یەعنی موو (شِعْر)هۆنراوە (شُعْر) ئەو مووەی لە لێو ڕواوە

(شَکْل) وێنەیە (شِکْل) نازی ژن (شُکْل) نەخشێکە بە بەن ئەیچنن

(صَبْغ) ڕەنگ کردن (صِبْغ) یەعنی ڕەنگ
ڕەنگی جوان ذەوقە لەبو دلی تەنگ

(صُبْغ) ئەسپێکە کلکی یا ڕانی یا گوێی سپی بێ مایەی جوانی

(صَدْق) نیزەی تیژ (صِدْق) ڕاستی (صُدْق) مارەیی بو ژن خواستی

(صَرْم) برینە (صِرْم) گەلی پیاو (صُرْم) فیراقی دوستی دل برژاو

(صَرّة) ئەوتری بو گەلی ژنان وەصفە بو زوریی قرەو قالەیان

(صِرّة) شەوی سارد بە ئیش و ئەلەم (صُرّة) کیسەیەك پر بێ لە درەم

(صَفْر) کرمی سك (صِفْر) خالییە (صُفْر) کانی مس یا قەلاییە

(صَلّ) دەنگی تیرە (صِلّ) ماری بە ژار
(صُلّ) چی تیرییە یا تامی نابار

(ضَرّ) زیانی مال (ضِرّ) بەچکەی حەیوان
(ضُرّ) نەخوشییەو بیماریی ئینسان

(ضَعْف) خەستەیی (ضِعْف) هەم واتە
(ضُعْف) بە لوغەت مەعنای دووقاتە

(طَرْق) ئاویکە پر بێ لە حەیوان (طِرْق)پیوی مەر (طُرُق)ڕیگەکان

(طَلا) بەچکە ئاسك (طِلا) بو دەرمان لەسەر زامەکان (طُلا) گردەنان

(طَوی) برسیتی (طِوی) بەمەعنا ئیشی دووبارە لە ڕووی زەمانا

(طُویْ) بیریکە بـو جیٛنشـــینان   لیٛ‌یبخونـەوە ئـاوی خوش‌و جوان

(ظَهْر) یەعنی پشت (ظِهْر) باری کـــــول

(ظُهْر) نیـوەرو و نویژیـکی مـەقبــــوول

(عار) رسواییـیە (عیر) چی کاروانە   (عَوَر) شەخصی رووت چاکی بزانە

(عَبْر) رابووردن (عِبْر) رووبارە   (عُبْر) وشتری میٛ‌ی پیری بیٛ‌کارە

(عَدی) دوژمنی (عِدا) دوژمنـــان   (عُدی) هوزیکە لـە عەرەبەکـان

(عَدَّە) ژمارەیەك (عِدَّة) چەن ژمارە   (عُدَّە)بە تەخفیف چەند وەعدەی یارە

(عَرْض) پـانـایی (عِرْض) چی نامـــووس

(عُرْض) داوینــی نیشـــــتنگای مەئنووس

(عَشْر) یەعنی دە (عِشْر) وشتری   بە دە روژی خشت جاری ئاو بدری

(عُشْر) دەیەکە بەوینەی زەکات   لە دانەی قووتا کـاتی حاصـــلات

(عَضّ) مەعنای گەزتن (عِضّ) ئاوی ســـەقەر

(عُضّ) مەعنـای جـەورو غـەدری ســتەمگەر

(عَقْد) بەستنی وینـەی نیکاحـــە   (عِقْد) گەردن‌بەند وینەی (وِشاح)ە

(عُقْد) بو جەمعە چەندگەردن بەندی   بـو ملی گـــەدا ، یا دەولەمـەنـدی

(غَل) شـــوینی بـەرزە (غیـل) میشوولەکان

(غُــول) دیـوی وەهمی دەشـــــتو بیـابـان

(غَرّ) بایی‌بوونە (غِر) مەعنـای وشـــــتر

(غُــرّ) تـەوێـل سپی حـەیـوان‌و بەشـــەر

(غَسَل) شورینە (غِسْل) دەرمانی   شتی پیٛ‌ئەشون لە رووی جیهـــانی

(غُسْل) بەوینەی یەکەم شـورینە   دوو مورادیفن بـەکـاریـــان بینــە

(غَمَر) مالی زور (غِمْر) بو کینه   (غُمْر) بی‌عەقلی نەگبەتی ژینه

(غَلّ) خەیانەته (غِلّ) عەداوەته   (غُلّ) زەنجیری مل مایەی زەحمەته

(فَرْق) جیایی‌یە (فِرق) بەمەعنا   بەشی لە دووبەش وا لە قورئانا

(فُرْق) خانووی خاص بە پیاوی گەورە

شوینیکی نایاب لەو چەرخو دەورە

(فَمّه) یەك تیکە (فِمّه) تەوقی‌سەر   (فُمّه) مەمکی ژن باش بیکە لەبەر

(قَبَل) لەمەوپیش (قِبَل) چی تاقەت

(قُبُل) بەردەمەو چەند ماچی روومەت

(قَدَح) لیدانە (قِدْح) پزیسکە   (قُدْح) چەند کاسەی شەرابی پیسکە

(قَدْر) پایەی بەرز (قِدْر) مەنجەلە   (قُدُر) بو گەلی گەردنیان کولە

(قَرّه) شەوی سارد (قِرّه) سەرمایە   (قُرّه) نووری چاو لە هەرچی‌دایە

(قَرْن) صەدسالە یاخود سی‌وشەش سال

(قِرْن) نزیکی بە جەنگ‌و جیدال

(قُرْن) بو جەمعی لەوحەیوانانە   شاخدار بن لە گاو بزن‌و مەرانە

(قَری) شوینی پەست (قِری) ضیافەت

(قُری) چەند دی‌یەك جەمعە بی‌کولفەت

(قَسْط) ستەمە (قِسْط) عەدالەت   (قُسْط) رونیکە بو دەوای عیللەت

(قَصّه) بەشی خیر (قِصّه) حیکایەت   (قُصّه) گویزانە پیویستی ئوممەت

(قَطْر) بە هەر سی ئیعراب بارانە   (قِطر) بەکەسرە مسی ناوکانە

(قُطْر) بە ضمّە داری بون‌خوشە   هەم تەنشتی ئەرز قوطری کیو خوشە

(قَطْع) برینە لە هەرشتی بی   (قِطْع) بەمەعنا بەشی لە شەو بی

(قُطْع) شاذروان خواجەنشـــــینە   زیـادە دیواری دەرگـــای رەنگینـە

(قَعْدَة) دانیشتن (قِعْدَة) هەیئەتە   (قُعْدَة)ئەسپیکی خوش نەزمو رەوتە

(قَوی) عـەرزی چـال (قِوی) یـەعنی هیز

(قُــوی) بو جەمعی (قُـوَّة) ئـەی بـەریـز

(کَلا) گیایە جەمعەکـەی (کِلا)   (کِلْیَە)گورچیلە جەمعەکەی (کُلا)

(مَدَّة) حەرفی (مَدّ) • (مِدة) زووخو کـــیم

(مُـدَّة) مـاوەیـــە ئـــەی بـرای کـــەریـم

(مَرَّة) جاریکە (مِرّة) قووەتـە   (مُرَّة) شتی تـال لای طەبیعەتـە

(مَلْأ) بەمەعنا پری‌ی مەعـدەیـــە   (مِلْأ) بەمەعنا پری‌ی کاســـەیە

(مُلْأ) بەمـەعنـا ئـەوراقی زورە   بەوشەرت رووەکەی بەنووسین بورە

(مَلَّة) خولەمیش لـە کاتی گەرمی   (مِلَّة) ئاینـە وەربـگرە نـەزمی

(مُلَّة) گەلیـکە خاوەن زیـان بن   دوور لە خزمەتی نەوەی ئینسان بـن

(مَلْك) ئەومالەی وا لەلای ئینسان   لە نەختو لە وەج لە باغو حەیوان

(مِلْك) مالداری ئەهلی دنیـــایـە   (مُلْك) سەلطەنەت وەصفی پاشایە

(مَنَّة) ناوی ژن (مِنَّـە) منەتـە   (مُنَّة) بە ضمّة مەعنای قووەتـــە

(وَجْد) شەوقو ذەوق (وِجْد) بو بوونـــە

(وُجْد) ئاســانە لـــەم دنیـــای دوونـە

(وَدّ) ناوی بتە (وِدّ) ناوی شەخصی   (وُدّ) مەحەبەتە لەگەل هەرکەسی

★ ★ ★

وا تەواوم کرد ئـــەم سی ئیعرابـــە   شایستەی شـەخصی خاوەن ئـادابـە

بو شـــیعرو ئەدەب بو ئینشـانـامـە   بو موکالـەمـــەی پیـاوی عـەللامـە

بو فەرقی مەعنای گەلیـــك کەلیمات (مشـــتبهات٠)ن لـەنـاو عیـــارات

مترجم بەندەی پادشـــای صـــەمەد (عبدالکریم) نـاو کوری (محمد)

خـودا بەئیحســـان رازی بی لیمان ئەم خزمەتانـە بنووسی بـومـــان

لی‌بوومەوە لە نووسینی ئەم نامیلکەیە لە چیشتەنگای روژی جومعەی

نوزدەی (ربیع الاول)ی ســـالی ١٣٨٣ی هیجری لە

حوجرەی دەرس‌وتنەوە لە بارەگای حـەزرەتی

عبدالقادری گەیلانی لە بەغـــدا ٠

وآخر دعوانا ان الحمد لله

رب العـــالمین

تکایە بەر لە خویندنەوە ئەم چەند هەڵەیە راست بکەنەوە

لاپەرە	دیر	هەلە	راست
٦	٣	باوکی جنوکە	لە جنوکەیە
٨	٢	جا هەردوو دەستت•• تـاد	هەردوو دەس بشو لەگەل ئەنیشکان مەسـحی سـەر بکەو بشورە پیکان
٢١	٩	بەگەر	ئەگەر
٢٧	١٣	(فَهْم) تیگەیین	(نَقْی) پیگەیین
٣٠	٨	ژنیوا	یەکیوا
٣٦	١٨	(حَفِی)	(حُافِی)
٣٧	١٠	(ثائِر)	(ثائِر)
٣٧	١٦	(نَفْض)	(نَغَض)
٣٧	١٧	باوك نەناسراو	باوك ناسراو
٤٧	٩	موروورويش	موریش
٤٧	١٩	گوهەرمەند	گەوهەربەند
٥٠	٤	(أُنْغِيَة)	(أُنْفِيە)
٦٢	٢٠	(فُسْتُق)	(نُسْتُق)
٦٤	١٨	بەبەریا	بەسەریا
٨٠	١٣	خسن	خستن
٩٠	٣	مَغَاز ە	مَفَاز ە
٩١	١٦	ئەوە	ئەوەی

بیـــداری

هەرچەند هەموو بەحثەکانی ئەمکتیبە سەربەحثیان بو نەنووسراوە ، بەلام بەپیویستمان زانی کە بلیین ئەمکتیبە ئـەم بەحثـانەی خـوارەوەی تیـایـە :

لاپەرە (٤) ناوە پیروزەکان ٠ ل (١٤) رشتەی مادّەو مایە ٠ ل (١٥) ئادەمیزادو ئەندامەکانیو بەسەرهاتی ٠ ل (٢٤) عەقل وعیلمو حەواس ٠ ل (٢٨) پیویستییەکانی نووسین ، لەگەل ئەوصافی ئادەمیزاد ٠ ل (٣١) صیغەکانی موبالەغە٠ل (٣٨) مەصدەرەکان ٠ ل (٤١) ئەحوالی ئادەمیزاد٠ ل (٤٣) جموجوولی ئادەمیزاد ٠ ل (٤٤) خـــاوینی ٠ ل (٤٥) بـەرگو پوشاك ٠ ل (٤٨) پیویستییەکانی ناومـــال ٠ ل (٤٩) ئەجزای خانوو ٠ ل(٥٣) پیویستیی دارتاش ، لەگەل پیویسبتیی فەلاح٠ل(٥٤) پیویستیی ولاخداری ، لـەگـەل ئاوەدانیو ئالوویل ٠ ل (٥٦) نەخوشی ٠ ل (٦٠) خواردن ٠ ل (٦١) میوەو دەغلودان ٠ ل (٦٣) دارو درەخت ٠ ل (٦٤) گولو گیای بونخوش ٠ ل (٦٥) گیای خواردن ٠ ل (٦٦) گیانلەبەر لە هەموو جوری ٠ ل (٧٤) کرمو جانەوەر ٠ ل (٧٥) دەنگی حەیوانـات ٠ ل (٧٦) هوزو خزمو پیوەندیان ٠ ل (٧٧) خوازبینیو گورانی ٠ ل (٨٠) ریگاوبانو کیشانەو پیوانە ٠ ل (٨١) حوکوومەتو پیوەندییەکـــانی ٠ ل (٩٠) ئەرزو دەشتودەر ٠ ل (٩٢) هەواو هەورو باو پیوەندیـــان ٠ ل (٩٨) سالو روژو مانگ ٠ ل (١٠٠) ژمارە ٠ ل (١٠١) ضـەمیرەکانو ئیســـمەکانی ئیشـــارە ٠ ل (١٠٢) ئـەو کەلیمانەی کە بە سی ئیعـراب ئەخوینرینەوە ٠

دوو ڕشتە

فەرهەنگێکی عەرەبی و کوردی یە بە هەڵبەست

هونراوەی :

مەلا عبدالکریمی مدرس

ماموستای خوێندنگای ئایینیی شێخ عبدالقادری گەیلانی
وە پێش‌نوێژو خوتبەخوێنی مزگەوتی ئەحمەدی لە بەغدا

١٤٠٢ هیجری ١٩٨٢ میلادی

دار المثنى للطباعة والنشر ببغداد

رقم الايداع في المكتبة الوطنية
ببغداد ١٤٦٨ لسنة ١٩٨٢

السعر ..٥ نصف دينار